
PDK

# سەرکەوتنی کۆنگرەی ١٣
# دەسپێکی قۆناغێکی نوێتر لە ژیانی
# پارتی دیموکراتی کوردستاندا



**کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان شێوازێکی نوێی کۆنگرەی پارتێکی دیموکراتی بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا کۆنگرەی پارتێکی سیاسیی نەبوو لە کوردستان، بەڵکو شێوازێکی نوێی کۆنگرەی پارتێکی دیموکراتی بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی پارتە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پارتی ئەو مۆدیلە نوێیەی پیادەکرد، کە دەبێت کۆنگرەی پارتە دیموکراتییەکان بەشێوەیەکی شەفافانە و لەمیانەی شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە لەبەر چاوی خەڵکی کوردستان و جیهان بەڕێوە بچێت، ئەم شێوازە تازەیەی گرێدانی کۆنگرە، بۆ داهاتووی پارتی دوو خاڵی گرنگی لێدەخوێنرێتەوە:

**سیاسەتی داهاتووی پارتی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی نێوان پارتی و جەماوەرە کە پێش کۆنگرە وەک رەخنەیەک رووبەڕووی پارتی دەکرایەوە**

١- ئەو پەیامەی سەرۆك بارزانی لە کۆتاییدا سەرکەوتنی کۆنگرەی پێ ڕاگەیاند، دووبارەکردنەوەی هەمان پەیام بوو کە دوای هەڵبژاردنەوەی بەسەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی پێکرد، ئەویش ئاماژەکردن بوو بۆ پێناسەی پارتی زاری یەکێك لە کادرە دێرینەکانی پارتییەوە بەوەی پارتی واتە (پەرت و بڵاو) سەرۆك لە کۆتایی کۆنگرەدا ئامۆژگاری ئەندام و کادرانی کرد، دوای تەواوبوونی کۆنگرە پێویستە ئێوەش پەرت و بڵاو ببنەوە و هەریەکەتان بچێتە شوێنێك و تێکەڵاوی خەڵك بن، ئەمەش واتە سیاسەتی داهاتووی پارتی و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی نێوان پارتی و جەماوەرە کە پێش کۆنگرە وەك ڕەخنەیەك ڕووبەڕووی پارتی دەکرایەوە، کەواتە ئەم پەیامەی سەرۆك بۆ ئەوەی وەك خۆی جێبەجێبکرێت یەکێك لە ئەرکەکانی داهاتووی ئەندامان و کادر و بەرپرسانی پارتی دەبێت تێکەڵاوی خەڵك بن، تێکەڵاوییەکەشیان بەجۆرێك بێت کە جیاوازی لەنێوان ئەندام و کادرانی پارتی لەگەڵ جەماوەر نەکرێت، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، دەبێت ئەندام و کادر و بەرپرسانی پارتی دەبێت لەدوای کۆنگرە خۆیان لەگەڵ پێناسەی تازەی کادر و بەرپرس رابهێنن و بگەڕێنەوە بۆ ئەو پێناسەیەی بارزانی نەمر بۆ کادر و بەرپرسانی کردووە کە دەڵێت: (چەند مەزنە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت). بێگومان کارکردن بەو قسەیەی بارزانی نەمریش هەر بەوەندە تەواو نابێت کادر و بەرپرسانی پارتی ئەم وتەیە بڵێنەوە یان لەپشت سەری خۆیانەوە بەگەورەیی هەڵیبواسن، بەڵکو بەو شێوەیە دەبێت کە لەکاتی رەفتار و هەڵسوکەوت کردنیان لەگەڵ خەڵکدا، جەماوەر خۆی هەست بکات مامەڵە لەگەڵ کەسێکدا دەکەن کە بەشانازییەوە خۆی بەخزمەتکاری میللەتی خۆی دەزانێت.

**دەبێت ئەندام و کادر و بەرپرسانی پارتی لەدوای کۆنگرە خۆیان لەگەڵ پێناسەی تازەی کادر و بەرپرس رابهێنن و بگەڕێنەوە بۆ ئەو پێناسەیەی بارزانی نەمر بۆ کادر و بەرپرسانی کردووە کە دەڵێت: (چەند مەزنە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت)**

٢- پارتی لەڕووی هەڵسەنگاندنی توانای خۆی لەهەموو بوارەکاندا، بەرنامەیەکی چڕوپڕی ئەوتۆی دارشتووە کە هەموو لایەنەکانی ژیانی هاوڵاتیان و لایەنە نیشتمانییەکانی وڵات دەگرێتەوە، دانانی ئەم بەرنامەیەش لەو روانگەیەوە پارتی دایرشتووە، کە خۆی ئامادە دەکات بۆ پیادەکردنی دیموکراتی لەکوردستان و خۆ ئامادەکردنە بۆ ململانێی هەڵبژاردن و بردنەوەی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەیەی لەکۆنگرە پەسەند کراوە بکرێتە بەرنامەی حکومەت و بە رێگەی دامەزراوەکانی حکومەت پێشکەشی هاوڵاتیان بکرێت، بێگومان ناکرێت ئەم بەرنامەیە بەو جۆرە ئومێدی جێبەجێکردنی بۆ هەڵبگیرێت، ئەگەر ئەندام و کادرانی پارتی لە ئاستی ئەودا نەبن هەریەکەیان بەپێی توانای خۆی شانی نەداتە بەر و هەوڵنەدات جەماوەری کوردستان بەو بەرنامەیە قایل بکات، بۆیە لەدوای کۆنگرەوە دەبێت کادرانی پارتی هەست بەوە بکەن، کە ئەرکەکانی پارتی لەکۆنگرەی ١٣ بە ئاستێك قورس بووە ئەگەر هەموو پێکەوە شانی نەدەینەبەر، ئەوا نە کادرانی پارتی بەوجۆرە لەلایەن جەماوەرەوە باوەشیان بۆدەکرێتەوە کە پارتی ئومێدی بۆ دەخوازێت، نە پارتیش لەو ئاستەدا دەبێت کە ئەندام و کادرانی پارتی ئومێدی بۆ دەخوازن.

ئەم دوو ئەرکە کە کۆنگرەی ١٣ وەك بەشێکی گرنگ و ئاشکرا خستوویەتە سەر شانی پارتی بەگشتی و ئەندامان و کادرانی پارتی بەشێوەیەکی تایبەتی، مانای وایە قۆناغێکی نوێ لەژیانی پارتایەتی نێو پارتیدا دروست دەبێت، پارتی لەناو کۆنگرە پێناسەی تازەی خۆی کردۆتەوە و پێویستە دوای کۆنگرەش تێکڕای ئەندام و کادرانی پارتی لەبەر رۆشنایی پێناسە تازەکەی پارتیدا پێناسەی خۆیان بکەنەوە و بگەنە ئەو راستییەی کە پارتی لە دوای کۆنگرە پێویستی بە شێوازێکی نوێی کارکردن هەیە، ئیدی لەمەودوا پێویست نییە خەڵك سەردانی بارەگا و ناوچە و رێکخراوەکانی پارتی بکات و پێویستە ئەندام و کادرانی پارتی خۆیان سەردانی جەماوەر بکەن و سەردانی هەموو هاووڵاتیان بکەن.

## کۆنگرەی ئەمجارەی پارتی هەموو رۆژێکی پارتایەتی دەکاتە کۆنگرە

لایەنێکی دیکەی جوانی کۆنگرە و کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی ئەمجارەی پارتی ئەوەبوو، بەشێوەیەکی ئازادانە لەناو پارتی ململانێی و کێبڕکێ لەسەر ئەندامیەتی کۆنگرە و ئەندامیەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کرا، بۆ یەکەمجار بوو ئەندامانی کۆنفرانسە ناوخۆییەکان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بە ناو یەکە بەیەکەی ئەندامانی پارتی بگەڕێن و بەڵێنیان پێبدەن دەنگیان پێبدەن لە ئاستی ئومێدەکانی ئەواندا دەبن، بێگومان لەنێو ئەندامانی کۆنگرەش بە تایبەتی ئەوانەی بڕیاریان دابوو خۆیان کاندید بکەن بۆ سەرکردایەتی پارتی، ئەوا بێجگە لەوەی کاندیدەکان ناچاربوون لە زاخۆ تا خانەقین هەموو ناوچەکانی کوردستان بەسەر بکەنەوە و لەگەڵ ئەندامانی پارتی لەو ناوچانە کۆببنەوە و بەڵێنیان پێدان، چۆن کار بۆ ناوچەکەی خۆی دەکات بەهەمان شێوەش کار بۆ هەموو کوردستان دەکات، هەروەها پەنابردن بۆ شێوازی پڕوپاگەندەکردنی هەڵبژاردن لەسەر حسابی شەخسی خۆیان وەك چاپکردنی وێنە و کارتی شەخسی و تەلەفونکردن بۆ خەڵك، ئەمانە هەمووی ئاماژە بوون بۆ ئەوەی کە پارتی سوورە لەسەر ئەوەی ئەندام و کادرانی خۆی فێری پرۆسەی هەڵبژاردن و تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵك و بەڵێندان بە ئەندامانی پارتی بەوەی بەوەفا دەبن بۆ بەڵێنەکانیان، ئەمانە پرۆڤەیەکی زۆر باش بوو بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لەو پارتە پۆست و پلە وەردەگرن، بە پلەی یەکەم لەبەرخاتری خۆیان کە پارێزگاری بەپۆست و پلەکانیانەوە بکەن، دەبێت گۆڕانێکی ریشەیی لە رەفتاری خۆیاندا بکەن، دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ ئەوەی پرۆسەی بونیادی دیموکراتی لەناوخۆی حزبدا سەرکەوتوو بێت و بۆ ئەوەی کادرانی پارتی سبەینێ کە دەیانەوێت لەسەر ئاستی گشتی و جەماوەری خۆیان کاندید دەکەن بۆ ئەوەی پۆستە گشتییەکان وەربگرن، دەبێت لەسەر ئەو شێوازە رابێن کاتێك بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بەڵێن بەخەڵکی دەدەن، دەبێت دواتریش بۆ ئەو

**دەبێت کادر و بەرپرسانی پارتی لەکاتی ڕەفتار و هەڵسوکەوت کردنیان لەگەڵ خەڵکدا، جەماوەر خۆی هەست بکات مامەڵە لەگەڵ کەسێکدا دەکەن کە بەشانازییەوە خۆی بەخزمەتکاری میللەتی خۆی دەزانێت**

**ئەرکەکانی پارتی لەکۆنگرەی ١٣ بە ئاستێک قورس بووە ئەگەر هەموو پێکەوە شانی نەدەینەبەر، ئەوا کادرانی پارتی بەوجۆرە لەلایەن جەماوەرەوە باوەشیان بۆناکرێتەوە کە پارتی ئومێدی بۆ دەخوازێت**

**پارتی لەناو کۆنگرە پێناسەی تازەی خۆی کردۆتەوە و پێویستە دوای کۆنگرەش تێکرای ئەندام و کادرانی پارتی لەبەر ڕۆشنایی پێناسە تازەکەی پارتیدا پێناسەی خۆیان بکەنەوە**




بەڵێنانە بەوەفابن کە لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن(ئەوجا هەڵمەتەکان حزبی بن یان جەماوەری) بەڵێن بەخەڵك دەدەن، ئەم لایەنە کە شێوازێکی تازەی ژیانی پارتایەتییە لەناو پارتیدا، تازەیەکەی لەوەدا بوو ململانێی و کێبرکێکردنەکە پیشاندانی مانۆرێکی دیموکراتیانە بوو بۆ دیموکراتیزەکردنی پارتی، نەك مانۆرێك بۆ نمایشکردنی ململانێی سیاسیی ناو پارتی، ئەو شێوازە یەکگرتووەی ئەم کۆنگرەیە پیشانی جەماوەریدا، بێجگە لەوەی ئومێدی بۆ هەموو ئەندام و هەوادارانی پارتی و زۆربەی هاووڵاتیانی کوردستان ژیاندەوە ئەوەبوو:

١- ئەندامانی پارتی بە تایبەتی ئەو ئەندامانەی کۆنگرە کە خۆیان کاندید کردبوو ببنە ئەندامانی تازەی سەرکردایەتی پارتی، جۆرێك لە پشت بەخۆ بەستنی بۆ فەراهەمکرابوو، لەگەڵ دەسپێکی کۆنگرە پارتی و دەزگاکانی پارتی بە مەودایەکی یەکسان لەهەموو ئەندامان ڕاوەستابوون و سەیری ئەو پرۆسە جوانە دیموکراتیەیان دەکرد و دەزگاکانی پارتی بە تایبەتی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی پارتی لەڕۆژانی کۆنگرە بێجگە لەگواستنەوەی هەواڵەکانی کۆنگرە، خۆیان نەکردە بەشێك لەو ململانێ دیموکراتیە جوانەی کە کاندیدەکانی پارتی بۆ دەنگ کۆکردنەوە ئەنجامیان دەدا، ئەمەش هەنگاوێکی دیکەی گرنگی پارتی بوو کە سەلماندنی نابێت داهات و دامەزراوەکانی پارتی بەهیچ جۆرێك لەلایەن هیچ ئەندامێکەوە بەمەبەستی ململانێی دیموکراتیانە و وەرگرتنی پۆستەکان بەکار بهێنرێت.

٢- ئەم کۆنگرەیە سەلماندنی ئەو کەسانە دەتوانن سەرکردایەتی نوێی ئەم پارتە بن کەدەچنە ناو خەڵك و دەچنە ناو ئەندامانی پارتی و بەشێوەیەکی شایستە و لەئاستی ناو شکۆی پارتی کاری پارتایەتی دەکەن، بۆیە کۆنگرە هەمووی پێکەوە ئەو پەیامەی بەئەندام و کادرانی پارتی ڕاگەیاند، کە چارەنووسیان لە خوارەوە و بەدەنگی ئەندامانی پارتی دیاری دەکرێت نەك بەپێچەوانەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە داهاتووی کادرانی پارتی لەدەستی ئەندامانی پارتیدایە.

## لەناو ئەندامانی پارتیەوە بۆ ناو جەماوەر

لەبەر ئەوەی بەشی زۆری کۆنگرەی ١٣ی پارتی بەرێگەی شاشەی تەلەفزیۆنەکان ڕاستەوخۆ پەخشکران، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەمە وەك ئەوە وایە زۆربەی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی بە پەرۆشەوە چاودێری کۆنگرەکەی پارتیان کردووە، هەموویان ئەندامی کۆنگرەی پارتی بوو بن، کە ئەندامی کۆنگرەی پارتیش بووبن، مانای وایە مافی خۆیانە لە ئێستا بەدواوە هەموو هەوادرانی پارتی مافی خۆیانە لەبەر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەندامانی پارتی بکەن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کێ ئەو مافە بۆ هاووڵاتیان و هەوادارانی پارتی مسۆگەر دەکات کە بتوانن بەو شێوە لە ئەندامانی پارتی بپرسنەوە؟ بێگومان پارتی خۆی گەرەنتی ئەو مافە دەکات و ئەگەر بیزانیایە ناتوانێت ئەو مافە بۆ هەوادارانی پارتی مسۆگەر بکات، ڕاستەخۆ زۆربەی ڕووداوەکانی کۆنگرەی نەدەبردە هەموو ماڵێکی کورد لە کوردستان و جیهاندا.





گولان
ژماره (٨١٠)
٢٠١٠/١٢/٢٠

# وەلید جونبڵات

**سەرۆکی حزبی تەقەدومی ئیشتراکی لوبنان بۆ گوڵان:**

# کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی مەلامستەفا بارزانی بڕیاردانی چارەنووس مافێکی ڕەوای گەلی کوردە



وەلید جونبلات یەکێکە لە سەرکردە دیارەکانی پێکهاتەی دورزی لە لوبنان و سەرۆکی حزبی تەقەدومی ئیشتراکی لوبنانیە، ئەو حزبەی کە شەهید کەمال جونبلاتی باوکی دامەزرێنەری بووە و دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٧ کەمال جونبلات تیرۆرکرا، وەلید بۆتە سەرۆکی حزب و تا ئێستا سەرۆکی حزبی تەقەدومی ئیشراکی لوبنانیە، بنەماڵەی جونبلات بە بنەچە کوردن و لەکوردستانەوە کۆچیان کردووە بۆ لوبنان، هەروەها ئەم بنەماڵەیە رۆڵێکی دیاریان لە پرۆسەی سیاسی لوبناندا هەبووەو ئێستاش وەلید جونبلاتی کوڕی کەمال جومبلات هەمان رۆڵی لە پرۆسەی سیاسیی لوبناندا هەیە و یەکێکە لەسەرکردە دیارەکانی لوبنان، بنەماڵەی جونبلات پێوەندییەکی دێرین و پتەویان لەگەڵ بارزانی نەمر و شۆڕشی کوردستان هەبووە و شەهید کەمال جونبلات بەخۆی سەردانی بارزانی نەمری کردووە لە چیاکانی کوردستان و بارزانی نەمری وەك سەرکردەیەکی مێژووی گەلێکی ئاشتیخواز پێناسەکردووە و هەروەها سەبارەت بەکەسێتی بارزانی نەمریش شەهید کەمال جونبلات وەك کەسایەتیەکی بەهێز و سەرکردەیەکی هاوچەرخ پێناسەی کردووە، ئێستاش لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا بەڕێز وەلید جونبلاتی کوڕیشی هەمان راستی دووپادەکاتەوە، لە هەمانکاتدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێستاش پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان خۆی و بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیە و لەسەرەتای ساڵی داهاتووش لەسەر داوەتی بەڕێز مسرور بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڕێز وەلید جونبلات یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە گوڵان حەزیدەکرد دیمانەی تایبەتی لەگەڵدا سازبکات بۆ ئەوەی لەنزیکەوە خوێنەرانی بەم کەسایەتیە ئاشنا بکات، ئەوەبوو رۆژی ٢٠١٠/١٢/١٤ بەڕێزی لە بەیروت کاتی بۆ دیاری کردین و پەیامنێرانی گوڵانیش چوونە بەیروت، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی وەلید جونبلاتە لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا.



گوڵان - بەیروت

**گوڵان:** ئێوە وەك سەرۆكی پێكهاتەی دورزی لە لوبنان ناسراون، حەزدەكەین لەوەوە دەست پێبكەین ئایا ئێوە چۆن هاتنە لوبنان؟

**وەلید جونبلات:** بنەماڵـەی جونبلاتی لە (كلێیس)ـەوە و لـە قۆناغێكی دیاریكراودا حوكمـی (حەلـەب) یان كـردووە، كاتێك دەوڵەتی عوسـمانی لـە جەنگدا بوو دژی دەوڵەتی فارس لە سەدەی حەڤدەهەم، دواتر هەماهەنگییـان كرد لەگەڵ شـازادەیەكی دورزی لە لوبنان بە ناوی فەخرەدین، باپیرە گەورەمان ناوی شازادە عەلی باشا جونبلات بـوو، حوكمی نەكرد، بـەڵام دوای ئەوەی دەوڵەتی فارس و عوسمانیەكان ئاشتەواییان كرد، عوسمانیەكان سوپایان نارد بۆ ناوچەی (جبـل لبنان) و ئـەو یاخیبوونەوەی لەوێ هەبوو سـەركوت كرا، عەلی باشا جونبلات گـەورەی بنەماڵەیەكـی كوردی رەسـەن و بەناوبانگـی (كلێیس)ـە، هـاوكات لە ناوچەی ئەنازۆڵ چەندین شۆڕش روویاندا، هەر ئەو كات زوڵمێكی زۆر لە كورد دەكرا، بۆیە راپەڕین دژی سـەڵتەنەتی عوسمانی سەریهەڵدا، دواتر روویان لە ویلایەتی حەلەب كـرد كـە ویلایەتێكی گەورە بـوو. بەڵام سـەبارەت بە دورزەكانـی لوبنان، كاتێك لە سەدەكانی دوازدە یان سێزدە دەوڵەتی فاتمی لە میسـر حوكمڕانی دەكـرد، بانگەوازی فاتمیەتیـان كرد لە لوبنان و فەلەسـتین و بەشێك لە سووریا، بەم شێوەیە فاتمیەت ئەو كاتە لەو ناوچانە بڵاو بۆوە.

**گـوڵان:** ئێمـە دەزانیـن پێوەندیەكی پتەو لەنێوان شـەهید كەمال جونبلاتی باوكت و بارزانی نەمر هەبوو، ئایا چۆن ئەو پێوەندییە لەنێوان هەردوولا دروست بووە؟

**وەلید جونبلات:** كەمال جونبلات ئەو زوڵم و نەهامەتیەی لەسـەر دەستی حزبی بەعسی دەسـەڵاتداری ئەوكاتی عێراق بەسەر كورد هات رەتكردەوە و پێموایە لەسەردەمی ئەحمەد حەسـەن بەكر بوو، داوای كرد سـەردانی خوالێخۆشـبوو مەلا مسـتەفای بارزانی بكات، سـەرەتا ئەم داوایـەی رەتكرایەوە، بەڵام كەمال جونبلات هەڕەشەی ئەوەی لە حكومەتی عێراق كـرد ئەگەر رێگەی پێ نـەدەن، ئەوا (بەپێ) دەچێت بۆ سـەردانی بارزانـی، بۆیە هۆكارێكی گواسـتنەوەیان بۆ دابین كرد، وابزانـم كۆپتەرێك بوو چوو سەردانی بارزانی كرد.

كەمال جونبلات شـانازی بە رەگوریشەی كوردبوونی خۆیەوە دەكرد و لە هەمان كاتدا سیاسـەتی بێمانای تەعریبـی رەتكردەوە كـە دەرهەق بە كورد پیـادە دەكرا، چونكە نەژادی كورد، تایبەتمەنـدی و كولتوور و زمانی تایبەتی خۆی هەیە و تەعریب كردن و دەردەسـەرییەكانی سیاسەتی تەعریبی بە زۆر قبوڵ ناكات.

**گوڵان:** ئایا ئێسـتا وەلید جونبلاتی كوڕ، چۆن سەیری خەباتی بارزانی نەمر دەكات، وەك سەركردەیەكی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

**وەلیـد جونبـلات:** مسـتەفا بارزانـی سەركردەیەكی گەورە بوو، خاوەن مێژوویەكی بەرچـاوە، تەنانەت توانی لەگەڵ سـوپای سۆڤیەتی پێشوو (سوپای سور) بجەنگێت، پاوانخـوازی و دەسـەڵاتی تاكڕەوانـەی بەعسـی رەتكـردەوە، مسـتەفا بارزانی كەسایەتییەكی مێژووییە بەشێواز و رێگەی تایبەتی خۆی خەباتی كردووە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین كە ئەوكات مسـتەفا بارزانی و شۆڕشی كورد بوون بە قوربانی رێككەوتنی نەتەوەكان، ئەویش رێككەوتننامەی جەزائیر بوو لەنێوان شـای ئێران و دەسەڵاتی بەغدا، بۆیە من ئامـۆژگاری گەلی كورد دەكەم لە عێراق كە پێویسـتە هەمیشە وریا و ورد بێت لە حیساباتی خۆی، هەرچەندە پێموایە سەركردایەتی سیاسی ئێستای كورد و ئەوەی شوێنی مستەفا بارزانی گرتۆتەوە(سەرۆك مسـعود بارزانی)یە، سەرۆكێكی هوشیار و وردە لە حیساباتی خۆیدا و رۆڵێكی گرنگ و كاریگـەری هەیە لـە دامەزراندنەوەی عێراقی نوێ و بۆ رێكخستنەوە و بونیادنانی عێراقێكی فیدرالی.

**گـوڵان:** ئایـا بەڕێز وەلیـد جونبلات ئەو هەلـەی بۆ هەڵكەوت چاوی بە مسـتەفا بارزانی بكەوێت؟

**وەلیـد جونبلات:** نەخێر، مسـتەفا بارزانیم نەبینیـوە، بـەڵام هەمیشـە پێوەندییەكی هاوڕێیەتیم لەگەڵ بەڕێز مسـعود بارزانی هەبووە و ئـەم پێوەندییەش بـەردەوام بووە، چەندین جار چاوم بە بەڕێز مسعود بارزانی كەوتـووە، جارێكیان لە دیمەشـق و جارێك سـەردانی موختارەی كرد، هەروەها بەر لە چەند هەفتەیـەك بەڕێز مسـرور بارزانی (كـوڕی بەڕێزیان) سـەردانی كردم و پێی وتم: ئێمە چاوەڕێت دەكەین لە كوردسـتان، پەنـا بەخوا سـاڵی داهاتوو لـە نزیكترین دەرفەتدا سـەردانی كوردسـتان دەكەم. یان مانگی یەكی ساڵی داهاتوو یان لە مانگی دوو.

**گوڵان:** بەر لە چەند رۆژێك پارتی دیموكراتی كوردسـتان سـێزدەهەمین كۆنگرەی خۆی بەست، مسـعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردسـتان لە وتاری خۆیدا رایگەیاند كە پارتـی تەبەننی بیرۆكـەی مافی چارەی خۆنووسین دەكات بۆ گەلی كورد، بۆچوونی بەڕێزتان لەسەر ئەم مسەلەیە چییە؟

**وەلیـد جونبلات:** كاتێك كـە دەگەڕێینەوە بـۆ ئەزموونی مـەلا مسـتەفا بارزانی (كە بەداخـەوە ئەوە بۆ مسـتەفا بارزانی نەهاتـەدی)، دەبینین بڕیاردانی چارەنووس مافێكی شـەرعی و رەوای گەلی كوردە، بەڵام ئامۆژگاری من ئەوەیە كە پێویسـتە ئەمكارە بە گفتوگـۆ كردن لەگەڵ توركیا و كۆماری ئیسـلامی ئێران و سووریا بێتە دی، كوردی عێـراق داوای مافی چارەی خۆنووسین دەكەن لەچوارچێوەی عێراقێكی فیدراڵـی، ئەمەش خاڵێكـی ئیجابییە كە پێوەنـدی و گفتوگۆ هەبێت لەگەڵ هەموو حزب و لایەنە عێراقیەكاندا.

**گوڵان:** تێڕوانینت چییە بۆ سـەرۆكایەتی مسـعود بارزانی و حكومەتـی هەرێمی كوردستان؟

**وەلید جونبـلات:** لە دوورەوە گوێبیسـتی هەواڵی زۆر ئیجابی دەبم سەبارەت بە ئەمن و ئاسـایش و سـەقامگیری و وەبەرهێنان، هەروەها ژمارەیەكی زۆر لە لوبنانییەكان لە هەرێمی كوردستان وەبەرهێنان و كار دەكەن، ئەمانەش هەواڵی زۆر دڵخۆشكەرن. زۆرجار تیرۆریسـتان كاری تێكدەرانـە لە كەركوك ئەنجـام دەدەن، هەروەها بیسـتوومە كە لە گوندێكی كوردسـتان كـە ئەوانیش ناوی جونبلاتیان هەیە و سەر بە تائیفەی ئێزدین و زیانـی زۆر گـەورەی پێگەیاندن، بەڵام بەشـێوەیەكی گشـتی هەموو ناوچەكانی كوردستان سـەقامگیرن، ئەمەش خاڵێكی ئیجابییە.

**گوڵان:** پێتوایە تەجروبەیەكی سەركەوتوو و گەشە كردووە؟

**وەلید جونبلات:** ئـەم تەجرەبەیەی هەرێمی كوردستان سەقامگیری و دڵنەوایی بەكوردی عێراق بەخشـیوە، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەم پێدا لەبەر ئەوەی گەلی كورد دابەشـكراوە لەنێوان عێراق و ئێران و سووریا و توركیادا و كەمێكیشیان لە لوبنان، گرنگترین شت

**باپیرە گەورەمان عەلی باشا جونبلات، سەرۆكی بنەماڵەیەكی كوردی رەسەن و بەناوبانگی (كلێیس)ـە**

**كەمال جونبلات شانازی بە رەگوڕیشەی كوردبوونی خۆیەوە دەكرد و سیاسەتی بێمانای تەعریبی رەتدەكردەوە، كە بەزۆر دژی كورد پیادەدەكرا**

**داوا لە شێخ سەعد حەریری دەكەین كوردانی لوبنان، مافی خۆیان وەربگرن و نوێنەرایەتیان لەپەرلەماندا هەبێت**



**سەرۆك بارزانی لەگەڵ وەلید جونبلات**

**سەرۆک مسعود بارزانیش کە جێگرەوەی مستەفا بارزانی-یە، رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لە دامەزراندنەوەی عێراقی نوێ و بۆ رێکخستنەوە و بونیادنانی عێراقێکی فیدرالی**

ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان پێوەندی دۆستایەتی و دراوسێیەتی باشی لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا هەبێت.

**گوڵان:** بەشێوەیەکی گشتی رەوشی کورد ئێستا لەناوچەکە چۆن دەبینی، ئایا هەست دەکەن بەرەو پێشەوە چوون روویدابێت؟

**وەلید جونبلات:** بە گوێرەی زانیارییەکانی خۆم لە سووریا شتێك نەبووە بەناوی کێشەی کورد و بنەماڵە سووریە گەورەکان لە شام و ناوچەکانی دیکە بە رەچەڵەك کوردن، بەڵام ئاوێتە بوون لەگەڵ هەموو بزووتنەوە سەربەخۆخواز و بزووتنەوە نیشتمانییەکان و رووبەڕووی ئینتیدابی فەرەنسی بوونەوە، بۆیە کێشەی کوردی بوونی نەبوو. لە عێراقدا کێشەی کوردی هەبووە بەتایبەتی کاتێك بەعس هەوڵیدا بەزۆر ناوچە کوردنشینەکان تەعریب بکات، لە تورکیاش بارودۆخەکە ئاشکرایە کە چۆنە، بەڵام پارتی داد و گەشەپێدان کە ئێستا حاکمە لە تورکیا، هەندێك هەنگاوی بە سوودی ناوە بۆ ئیعتیرافکردن بە مافی کوردەکان لەچوارچێوەی یەکێتی خاکی تورکیادا.

**بەر لە چەند هەفتەیەک بەڕێز مسرور بارزانی سەردانی کردم و پێی وتم: ئێمە چاوەڕێت دەکەین لە کوردستان، پەنا بەخوا ساڵی داهاتوو لە نزیکترین دەرفەتدا سەردانی کوردستان دەکەم**

**گوڵان:** وەك دەزانن ژمارەیەکی زۆری کورد نیشتەجێی لوبنانە، ئایا ئێستا بارودۆخی کوردەکانی لوبنان لەرووی سیاسیی و مافی هاووڵاتیبوونەوە بەکوێ گەیشتووە؟

**وەلید جونبلات:** بەم دواییە جالیەی کوردی لەلوبنان مافی هاووڵاتیبوونی لوبنانی وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستا مەسەلەی نوێنەرایەتی پەرلەمان یەکلایی نەبۆتەوە، بۆیە هیچ کورسیەکیان لە پەرلەمانی لوبنان وەرنەگرتووە، زۆربەی جالیەی کوردی لە بەیروتن، بۆیە داوا لە شێخ سەعد حەریری دەکەین کوردانی لوبنانی مافی خۆیان وەربگرن و نوێنەرایەتیان لەپەرلەماندا هەبێت،، چونکە زۆر لە کەمایەتییەکانی دیکە لە لوبنان مافی خۆیان وەرگرتووە و نوێنەریان لە ئەنجومەنی نوێنەراندا هەیە.

**گوڵان:** ئێمە لە کوردستان سەرسامین بە ئەزموونی خوالێخۆشبوو رەفیق حەریری بۆ دووبارە بونیادنانەوەی ژێرخانی لوبنان، ئایا شێواز و تایبەتمەندییەکانی رەفیق حەریری لە بونیادنانەوەی لوبنان چی بوون؟

**وەلید جونبلات:** رەفیق حەریری، دوای جەنگێکی کاولکاری، لوبنانی هەستاندەوە سەر پێی خۆی و پرۆژە گەورەکەی خۆی کە پرۆژەی ناوەندی بەیروتە دەستی پێکرد، لەهەمان کاتدا وەرشەیەکی گەورەی لە بواری ئاوەدانکردنەوە و رێگاوبان و قوتابخانە و کارەبا لەسەرتاسەری لوبنان خستە گەڕ، بەڵام دواتر هەندێك بارودۆخی سیاسی رێگر بوون لەوەی کە نەتوانێت لەم کاروانەی دووبارە بونیادنانەوەی لوبنان بەردەوام بێت.

**گوڵان:** رەفیق حەریری بۆ ئێوە چی دەگەیەنێت؟

**وەلید جونبلات:** هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویست و گەورە بوو، یەکێك بوو لەو سەرکردە دەگمەنانەی عەرەب، کە کاری خێرخوازی ئەنجام دەدا، زیاتر لە سی هەزار لاوی لوبنانی ناردە زانکۆکانی ئەمریکا و فەرەنسا و وڵاتانی تر، واتە دەرفەتی زانستی بۆ رەخساندن ئینجا دەرفەتی کارکردنیش.

**گوڵان:** زۆر باس لەوە دەکرێت کە دادگای حەریری زۆر شتی نوێ ئاشکرا دەکات کە مشتومڕێکی زۆر دەنێتەوە، چی دەڵێی بۆ ئەم مەسەلەیە؟

**وەلید جونبلات:** پێشتریش رامانگەیاندووە کە ئێمە دادپەروەریمان دەوێ، بەڵام ئەگەر ئەم دادپەروەریە ببێتە هۆی ناسەقامگیری ناوچەکە و لوبنان، ئەوا ئەو جۆرە دادپەروەرییەمان ناوێت، ئێستا دادگاکە بە سیاسەت کراوە، ئەمریکا و لەوانەیە ئیسرائیلیش بیانەوێت دادگا ئیستغلال بکەن بۆ تێکدانی سەقامگیری لە لوبنان، هەربۆیە ئەگەر ئەنجامی حوکمی دادگا خوێنڕێژی لێبکەوێتەوە، ئەوا بێگومان گیانی حەریری ئاسوودە نابێت.

**گوڵان:** حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن

**مستەفا بارزانی سەرکردەیەکی گەورە بوو، خاوەن مێژوویەکی بەرچاوە تەنانەت توانی لەگەڵ سوپای سۆڤیەتی پێشوو (سوپای سوور) بجەنگێت، پاوانخوازی و دەسەڵاتی تاکڕەوانەی بەعسی ڕەتکردەوە**



**بارزانی نەمر لەگەڵ کەمال جونبلات**

دەتوانێت سوود لە ئەزموونی حەریری و لوبنان وەربگرێت؟

**وەلید جونبلات:** ئەمە کارێکە پەیوەستە بە بەپرسانی هەرێمەکەتانەوە کە بێن و لوبنان ببینن، بۆ نموونە سەرۆك بارزانی خۆی بێت یان کەسانێك بنێرێت بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەچاوی خۆیان ببینن بەتایبەتی تەجروبەی ناوەندی بەیروت، لەهەمان کاتدا دەتوانن سوود لە کۆمپانیا عەرەبییە گەورەکان وەربگرن لەوانەش کۆمپانیای حەریری و چەندین کۆمپانیای دیکە، هەروەها کوردستان دەوڵەمەندە و دەتوانن سوود لە تواناکانی خۆتانیش وەربگرن.

**گوڵان:** ئایا بەڕێزتان چۆن سەیری باری سیاسی عێراق دەکەن و بارودۆخی سیاسی عێراق چۆن دەبینن؟

**وەلید جونبلات:** ئەوەی ڕاستی بێت لە دوورەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکەم هیوای سەقامگیری و ئاسایش بۆ عێراق دەخوازم، بەداخەوە تائیفیەت و مەزهەبیەت تا ڕاددەیەکی زۆر لە عێراق چەسپیووە، ئێوە دەتوانن سوود لە ئەزموونە خراپەکانی لوبنان وەربگرن، چونکە تەجروبەکانمان خراپن و گرنگترین شت دیالۆگە، عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە توانا فکری و سیاسی و نەوتی و داراییەکانی، جێگەی داخە کە ئەم توانایانە لە ناکۆکییە ناوخۆییەکاندا بەکاربهێنرێن. هەربۆیە هیوادارم ئەو شەڕەش ریشەکێش بکرێت کە بە شەڕی تیرۆریستی (ئەلقاعیدە) ناسراوە لە عێراقدا، بەڕاستی مایەی پرسیارە ئەو قاعیدەیە کە لە عێراق و ئەفغانستان و یەمەندا کاری تێکدەرانە ئەنجام دەدات و دەڵێت ئێمە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکەین، بۆچی تا ئێستا نەمانبینیوە تەنانەت یەك کردەوەش دژی سوپای ئیسرائیلی ئەنجام بدات؟ بەڵام لەعێراق بەتایبەتی منداڵ و ئافرەت و بەساڵاچوان لە مزگەوت و کەنیسە و شوێنە گشتیەکان دەکوژن، ئەمە کارێکی ئینسانی نییە و مایە شەرمەزاری و ئیدانە کردنە.

**گوڵان:** هیچ هەنگاوێك هەیە لە حکومەتی لوبنانی بۆ پەرەپێدانی پێوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا؟

**وەلید جونبلات:** لە ڕابردوودا نەوتی کەرکوك دەهاتە ناوچەی تەرابلوس لە باکووری لوبنان بۆ پاڵاوتنی لە پاڵاوگەیەك کە ئێستا لەکار کەوتووە، بۆیە باکووری تەرابلوس سوودێکی زۆری لە بازرگانی دەبینی لەگەڵ عێراقدا بەتایبەتی لەگەڵ موسڵ، لەبەر ئەوەی ئەو نەوتە بە ڕێگای سووریادا دەهات و سووریاش سوودی لێ دەبینی.

**گوڵان:** وەك سیاسەتمەدارێکی بە ئەزموون و بەرپرس لە لوبنان، دەستپێشخەریەکەی سەرۆك بارزای بۆ کۆکردنەوەی عێراقییەکان بە یەکەوە و پێکهێنانی حکومەتی عێراقی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**وەلید جونبلات:** پێموایە دەستپێشخەریەکەی بارزانی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە پێکهێنانی حکومەت، ئەمەش هەنگاوێکی ئیجابییە و هیوادارم بەردەوام بن و بەم نزیکانە حکومەتی نوێی عێراقی پێك بهێنرێت.

**گوڵان:** پێکهێنانی حکومەتی عێراقی بۆ ماوەی هەشت مانگ دواکەوت، چۆن دەڕواننە حکومەتی عێراق ئایا خاویەکەی لە سیاسەتمەداران بووە یان هۆکاری دیکە هەبووە؟

**وەلید جونبلات:** خۆت دەزانی بارودۆخی عێراق ئاڵۆزە و هێواش هێواش لەژێر داگیرکاری دەردەچێت، لەهەمان کاتدا هێواش هێواش کارەکانی دەکەونەوە ژێر دەستی خۆی، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، هەندێك وڵات هەیە هیچ جەنگ و ئاژاوەیشی تێدا نییە کەچی حکومەتیان نییە، بۆ نموونە بەلژیکا.

**گوڵان:** پێوەندی وەلید جونبلات لەگەڵ سیاسەتمەدارانی عێراقی چۆنە و لە چ ئاستێکدایە؟

**وەلید جونبلات:** دوو جار سەردانی عێراقم

**کەمال جونبلات هەڕەشەی ئەوەی لە حکومەتی عێراق کرد، ئەگەر ڕێگەی پێنەدەن سەردانی بارزانی بکات، ئەوا (بەپێ) دەچێت بۆ سەردانی بارزانی**



**پەیامنێری گوڵان لەگەڵ وەلید جونبلات**

دەستپێشخەرییەکەی مسعود بارزانی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە پێکهێنانی حکومەت، ئەمەش هەنگاوێکی ئیجابییە و هیوادارم بەردەوام بن و بەم نزیکانە حکومەت پێکبهێنن

کردووە، یەکیان لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بوو، جاری دووەمیش لە ساڵی ١٩٧٧ بوو و دواتریش نەمتوانی سەردانی عێراق بکەمەوە، چونکە پێوەندی نێوان عێراق و سووریا بە فیتی سەدام حوسێن تێکچوو لە ڕێگەی ناردنی چەك و تیرۆریستان بۆ سووریا، بەڵام باوکم پێوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵ چادرچی هەبوو لە ساڵانی پەنجاکان کە هەردووکیان ئەوکات سیاسەتمەدار بوون لەقۆناغێکی دیاریکراو، ئەویش قۆناغی کرانەوە بوو. بە هەمان شێوە پێوەندی هەبوو لەگەڵ مەحمود حەبیب.

**گوڵان:** ئێستا پێوەندییە سیاسییەکانتان لەگەڵ سووریا لە چ ئاستێکدایە؟

**وەلید جونبلات:** پێوەندیمان لەگەڵ سووریا لە قۆناغێکی دیاریکراودا ٢٠٠٥ و٢٠٠٦ ئاڵۆز بوو، ئەمەش پێچەوانەی ئاراستەکانی حزبی ئیشتیراکی و تائیفەی دورزی بوو، بەڵام دواتر بە دەستپێشخەرییەکی سەرۆك بەشار ئەلئەسەد و بە هاوکاری بەڕێز حەسەن نەسروڵڵا، پێوەندییەکان ئاسایی بوونەوە و دوای چەندین ساڵ دابڕان سەردانی سووریام کردەوە لە ٢٠١٠/٣/٣١ و پێوەندییەکان ئاسایی بوونەوە، چونکە لوبنان کەمەری سووریایە و هەمیشە ئەمریکا و ئیسرائیل هەوڵیانداوە لوبنان لەو کەمەرە دابماڵن، بۆیە چەند ڕووداو و شەڕێکی خوێناوی ڕوویاندا لە ساڵانی ١٩٥٢و ١٩٦٢ کاتێك چەند سەرکردەیەکی لوبنان هاوپەیمانیەتێکیان لەگەڵ ئیسرائیل دروستکرد ئێمە شەڕی ئەم هاوپەیمانیەتەمان کرد، لەم ڕۆژگارەی ئێستادا پێوەندیمان زۆر باشە لەگەڵ سووریا.

**گوڵان:** بەڕێزتان چۆن دەڕواننە ئەو بەڵگەنامانەی لە ماڵپەڕی ویکیلیکس بڵاوکرایەوە و مشتومڕێکی زۆری هەبوو لەسەرتاسەری جیهان؟

**وەلید جونبلات:** بەداخەوە دەرکەوت کە هەندێك لە سەرکردە عەرەبەکان ترسی زیاتریان لە ئێرانە نەك لە ئیسرائیل و کێشەی فەلەستین کە سەرەکیترین کێشەیە بۆ عەرەب بووەتە کێشەیەکی لاوەکی.

رەفیق حەریری، دوای جەنگێکی کاولکاری، لوبنانی هەستاندەوە سەر پێی خۆی و لەبواری ئاوەدانکردنەوە و ڕێگاوبان و قوتابخانە و کارەبا لەسەرتاسەری لوبنان وەرشەیەکی گەورەی کارکردنی خستە گەڕ

**گوڵان:** دەوڵەتانی عەرەبی پێوەندییەکی ساردیان لەگەڵ عێراقدا هەیە، ئایا بەڕێزتان ئەمە بۆ بارودۆخی سیاسی نوێی عێراق دەگەڕێننەوە یان هۆکاری دیکەی لە پشتەوەیە؟

**وەلید جونبلات:** کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی و عەرەبەکان بە گشتی سەرکەوتوو نەبوون لە نزیکبوونەوەیان لەگەڵ عێراقدا، سووریا هەوڵیدا و بەردەوامیشە، چونکە یەکێتی و ئاسایشی عێراق پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ئەمن و ئاسایشی سووریاوە هەیە، بەڵام ئەوانی تر سەرکەوتوو نەبوون و کۆمکاری عەرەبی زۆر گرنگی پێنەدا وەکو پێویست.

کێشەی فەلەستین کە سەرەکیترین کێشەیە بۆ عەرەب، لای سەرکردەکانی عەرەب بووەتە کێشەیەکی لاوەکی

**گوڵان:** بۆچی لوبنان هەوڵی نەدا لە عێراق نزیك ببێتەوە؟

**وەلید جونبلات:** لوبنان وڵاتێکی بچووکە و خۆیشمان گیروگرفتی زۆرمان هەیە و هێواش هێواش کەرتی تایبەت دەگۆڕدرێت بۆ کەرتی گشتی و حکومەت کارەکان دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

**گوڵان:** ئێستا پێوەندیتان لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنانی چۆنە؟

**وەلید جونبلات:** زۆر باشە، چونکە ئێمە هەمیشە لە لوبنان مەترسی هێرشی بەردەوامی ئیسرائیلمان لەسەر بوو، تەنانەت گەیشتنە بەیروتیش، بەڵام بەرگری نیشتمانی لوبنانی و بەرگری ئیسلامی فەلەستینی، توانییان بەرپەرچی ئەم هێرشانەی ئیسرائیل بداتەوە، ئێمە پێویستیمان بە چەکی حزب هەیە بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆمان بکەین.

**گوڵان:** ئایا هیچ پێوەندییەکتان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە؟

**وەلید جونبلات:** ئێمە هەموو جۆرە پێوەندییەك ڕەت دەکەینەوە لەنێوان لوبنان و ئیسرائیل، بۆیە لە جەنگی جبل لوبناندا، ئەو ڕێککەوتننامە و پڕۆژەی حزبی کەتائیب پێشکەشی کرد، ڕەتمانکردەوە و هەرەسمان پێهێنا و بە چەك بەرگریمان کرد.

**گوڵان:** ئەی لەگەڵ سعودیە؟

**وەلید جونبلات:** پێوەندیمان لەگەڵ سعودیە زۆر باشە، شا عەبدوڵڵا و سەرۆك بەشار ئەسەد لە هەوڵێکی بەردەوامدان بۆ ئەوەی لوبنان لە فیتنەیەك دووربخەنەوە، ئەگەر بڕیاری دادگای نێودەوڵەتی دەربچێت سەبارەت بە تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری و لەم بارەیەوە پێوەندییەکان بەردەوامن لەنێوان شا عەبدوڵڵا و سەرۆك بەشار ئەسەد و سەعد حریری و بەڕێز حەسەن نەسروڵڵادا.

**گوڵان:** ئایا هیچ ئاڵۆزییەك لە پێوەندی نێوان میسر و لوبناندا هەیە؟

**وەلید جونبلات:** شتی لەو جۆرەم نەبیستووە، هەروەها ژمارەیەکی زۆری لوبنانییەکان لە سعودیە و کەنداو کار دەکەن و زۆر لە خێر و بێری وڵاتانی کەنداو بۆ میسر و وڵاتانی دیکەی عەرەبییە.

# پێشهات



فەلەكەدین كاكەیی

نەك بۆ ترساندن یا دوودڵی خستنەوە، بەڵكو بۆ وریابوون و هۆشداری دبێژم: ڕووداوە چاوەڕوانكراوەكان وەكو خۆیان ببینین، تا ئامادەی پێشهاتێك ببین كە تەوەری سەرەكی و بنەڕەتی خەباتی ئەڤرۆیە.

سێزدەهەمین كۆنگرەی پارتی، لە ڕێگای پەیامی سەرۆك بارزانییەوە، لایەنی كەم (٣) بابەتی گرنگی وروژاندوە:

یەك- مافی كورد لە دیاریكردنی چارەنووسی خۆی.

دوو- پشتگیری لە هەوڵی هەر كۆمەڵە خەڵكێكی عێراق بۆ دامەزراندنی هەرێمی فیدرالیی خۆیان.

سێ- بەستنی كۆنفرانسی نوێنەرانی گشت لایەنە سیاسییەكانی هەموو پارچە و هەرێمەكانی كوردستان و دەرەوە.

هەر سێ بابەت لە یەك تەوەردا چڕ دەبنەوە ئەویش سنووری هەرێمە، كە مادەی (١٤٠)یش لە هەمان تەوەردایە. كێشەی سەرەكیی پێش گەلی كوردستان و گرنگترین پێشهات مەسەلەی سنووری باشوورمانە، كە نە بەس باشووری ئەم هەرێمەیە، بەڵكو سنووری باشووری كوردستانی گەورەیە.

بە لێكدانەوەیەكی هێمن و لەسەرخۆ بەوە دەگەین كە مەسەلەی دەسنیشانكردنی سنووری هەرێم بەخۆی دێتە پێش، ئەگەریش ئێمە لێی بێدەنگ ببین. هۆی ئەوەش بەرەوپێشچوونی بیری سیاسیی سیستەمی فیدرالییە لە عێراقدا.

ئێمە كە پشتگیری خەڵكی عێراق دەگرین تا هەرێمی خۆیان دابمەزرێنن لە واقیعدا خۆمان بەو ڕاستییە دەگەیەنین كە سنووری هەرێم ئیتر دەبێ دیاریبكرێت، چونكە بە چارەسەری گرفتی كەركوك و خانەقین و مەندەلی و شێخان و زممار و ناوچەكانی دیكە كێشەی سنووریش چارەسەر دەبێ. گەر بە ئاشتی لەگەڵمانا نەیەنە پێش ئەوە جەنگ لە پێشە.

مەبەستم لەم تێبینییە ئەوەیە كە بە پێكهێنانی هەرێمێكی دراوسێی هەرێمی كوردستان، بمانەوێ و نەمانەوێ، ڕاستەخۆ و بەگەرم و گوڕی كێشەی سنووری باشوور دێنێتە پێش. دراوسێكەشمان (هەرێمی سوننی عەرەب) دەبێت، كە ئێستا كەتوونەتە هەوڵی دامەزراندنی هەرێمی خۆیان چونكە، ئیتر وەك جاران دەستیان بە دەسەڵاتی مەركەزی بەغدا ناگات، مەگەر بەشێكی كەم قبووڵبكەن. ڕەنگە سیاسەتی شیعەی عەرەب، ئەوە بێ سوننە تۆزێك ڕازی بكات. گەرنا ئەمان بە جیدی لە بیری هەرێمی خۆیان كە نەخشەكەی هاوسنووری نەخشەی كوردستانە، واتە: سنوورەكەیان هەمان سنوورەكەی ئێمەیە، جا مەگەر لەمە بەدوا وریا و هۆشیار ببین لە شێوەی دانانی ئەو سنوورە كە لە باكووری موسڵەوە تا پارێزگای باقووبە (دیالا) دەگرێتەوە.

سنووری هاوبەشی هەر دوو هەرێمی كوردستان و سوننەی عەرەب بەناو جەرگەی ئەو ناوچەدا دەڕوات كە مادەی (١٤٠)ی بۆ دانراوە.

دەوڵەتی توركیا یەكەمین سوودمەند دەبێ، چونكە ئەم هەرێمەش هاوسنوورییەتی، هەر بۆیەش پشتی دەگرێت. كەواتە: توركیا لە ڕێگەی هەرێمی كوردستان و هەرێمی سوننی عەرەبەوە لە نزیكەی ٧٥٪ ڕووپێوی عێراق (بە ڕەمادی/ ئەنبارەوە) كاریگەر دەبێت. جەنگی داهاتوو لە دەوروبەری سنوور دەبێ مەگەر ئاشتیان لەگەڵمان ڕێكبكەون.

ئەمە ئەگەر باروودۆخی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاست و هاوسەنگیی ئێستا بمێنێتەوە. وەلی ئەگەر پێشهاتی كتوپڕی گەورە لە ڕۆژهەڵات و جیهاندا ڕوویدات.. ئەوە باسێكی دیكەیە.




# مافی بڕیاردانی چارەنووس.. پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەیە و پرۆژەیەکە بۆ ئاشتی هەمیشەیی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا





مرۆڤ بەسروشتی خۆی مەدەنییە و هەمیشە ئەندامی کۆمەڵگەیە، بۆیە نابێت ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی هەمەجی بێت یان کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی بێت، بەڵکو پێویستە ئەو کۆمەڵگەیە بەشێوەیەك ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی تاکەکانی بتوانن ئازادییەکانیان پیادە بکەن و ئامانجە ئەخلاقیەکانیان بێتەدی، ئەو هەوڵەشی بۆ ئەو ئامانجە دەخرێتە گەڕ، لە ناوەڕۆکی خۆیدا ئازادییە.

بەپێی مانا گشتگیرەکانی ئازادیش، کۆمەڵێك مەرج هەن کە ئازادی ئێمە و ئەوانی دیکە پێکەوە دەگونجێنێت. دەبێت ددان بەو ڕاستیەدا بنرێت کە جیهان یەك نەتەوە نییە، بەڵکو لە کۆمەڵێك نەتەوە پێکهاتووە، زۆر زەحمەتە مەزەندەی ئەوە بکرێت تەنیا حکومەتێك لەتوانایدا هەبێت حکومڕانی جیهان بکات، بەڵام نەتەوە جیاوازەکان تا ئێستاش لەسەر شێوازی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان سەیری پێوەندی نێوان نەتەوەیەك بەوی دیەوە دەکەن، تا ئێستاش لە پێوەندی نێوانیاندا ڕق و کینە و جیاوازی دروست دەکەن، هەر بۆیە ئەو ڕێککەوتنانەی ئاشتی کەلەنێوانیاندا دەبەسترێت، بێجگە لە هودنەیەکی کاتی (شەڕ ڕاگرتنی کاتی) هیچی دیکە نابێت، بۆ ئەوەی مرۆ دڵنیا بێت کە توانای بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی هەیە، دەبێت دەستەی نەتەوەکان (هیئە امم) لەسەر بنەمای هەق دابمەزرێت و چاودێری ئەم کۆمەڵگە یاسایی و تایبەتە بکات کە ئەویش نەتەوە هاوچەرخەکانە)).



ئەمانوئێل کانت

((کتێبی پرۆژەی ئاشتی هەمیشەیی ١٧٩٣))

## وۆدرۆ ویلسۆن ئیلهامی مافی بڕیاردانی چارەنووسی لە کانت وەرگرتووە

پڕۆژەی ئاشتی هەمیشەیی، ئەو کتێبەیە کە دوای پرسیارە بەناوبانگەکەی: ( ڕۆشنگەری چییە؟ ) لە بیری فەیلەسووفی ناوداری جیهانی ئەمانوئێل کانت، چەکەرەی کردووە، کانت، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆشنگەری چییە؟ ئەو ئەرکە سەرەکییەی دەیخاتە سەر شانی دەوڵەتی هاوچەرخ کە پێویستە پێش ئەرکەکانی دیکەی پیادەی بکات، ئەوەیە ئەو دەوڵەتە، هاووڵاتیانی خۆی بەوشێوەیە پەروەردە بکات کە لە مانای ئازادی تێبگەن، تێگەیشتن لە مانای ئازادیش وەك ئامانجێکی ئەخلاقی لای کانت، ئەو کتێبەیە کە ناونیشانی ((پڕۆژەیەك بۆ ئاشتی هەمیشەیی لە جیهاندا) لەخۆی گرتووە و بریتییە لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە بە ئاستێك کە تاك بتوانێت ئازادییەکانی تیادا پیادە بکات و بۆ ئەوەشی ئازادیی تاکەکانی نەتەوەیەك لەگەڵ ئازادیی تاکەکانی نەتەوەیەکی دیکەش پێکەوە بگونجێت، ئەوا کانت داوای ئەوە دەکات پێویستە کۆمەڵگەی جیهانیش ببێتە کۆمەڵگەیەکی یاسایی و دەستەی نەتەوەکان (هیئە امم) لەسەر بنەمای هەق دابمەزرێت، ئەم پڕۆژەیەش (پڕۆژەی ئاشتی هەمیشەیی ) سەرکەوتوو نابێت، تا پێوەندی نێوان نەتەوەکان ڕێکنەخرێت و نەگەیەنرێتە ئاستی جیهانێکی هاوچەرخ، جیهانی هاوچەرخ و شایستەش ئەو جیهانەیە کە بتوانێت ڕەگ و ڕیشەی شەڕ و ئامادەباشی بۆ شەڕ و نیەتی شەڕ لەنێوان نەتەوەکاندا هەڵبکێشێت، پرسیار ئەوەیە ئایا کانت چۆن هەوڵیداوە ڕێگەیەك بۆ ڕیشە هەڵکێشانی شەڕ و بونیادی ئاشتی دابڕێژێت؟ بێگومان وەك لە کتێبەکەی ئاماژەی پێکردووە نەتەوەکان بەپێی گەورە و بچووکی سەیر ناکرێن و هەر نەتەوەیەك دەبێت مافی ئەوەی هەبێت دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێت و نابێت دەوڵەتی گەورە، سەروەریی دەوڵەتی بچووك پێشێل بکات، بێگومان خستەڕووی مانای دەوڵەت لای کانت دەقا و دەق مانای نەتەوە دەگەیەنێت و لە پڕۆژەی ئاشتی هەمیشەیی داوای مافی دروستکردنی دەوڵەتی بۆ هەموو نەتەوەیەك ئاماژە پێکردووە و هەر لەم چوارچێوەیەشدا لەبری ئەوەی داوای دامەزراندنی دەستەی دەوڵەتەکان (هیئە الدول) بکات، داوای دامەزراندنی (دەستەی نەتەوەکان) دەکات، ئەمە مانای ئەوەیە هەموو نەتەوەیەك دەبێت مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەبێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی خۆی و پێوەندی نێوان دەوڵەتەکان ڕاستەوخۆ دەبێتە پێوەندی نێوان نەتەوەکان، ئەم بۆچوونەی کانت، وەك وینستۆن چەرچل لە کتێبی یادەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژەی پێکردووە، شەڕی یەکەم و دووەمیی جیهانیش، شەڕی نێوان گەلان بووە، هەربۆیە مەسەلەی بڕیاردانی مافی چارەنووسی گەلان، هەتا کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانیش بەمانای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی بووە، بەڵام لەدوای شەڕی جیهانی دووەم مافی چارەنووس گۆڕانی بەسەردا هات و بێجگە لە دەوڵەتی سەربەخۆ، مافی ئۆتۆنۆمی و فیدرالیشی گرتەوە، بەڵام وەك دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بینمان سەرکەتوو نەبوو، ئەوجا ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان و بیری وۆردۆ ویلسۆنی سەرۆکی ٢٨ یەمینی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە داوای دامەزراندنی (کۆمەڵگەی گەلان و مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان) پێشنیارکرد، بپرسین ئایا ئەم بیرەی ویلسۆن چ پێوەندییەکی بە پڕۆژەی ئاشتی هەمیشەیی ئەمانوئێل کانتەوە هەیە؟ ئەوا جێگەی خۆیەتی بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاماژە بەوە بکەین، چۆن سەردەمی ڕۆشنگەری ئەوروپا بووە ئیلهامبەخش بۆ تۆماس جیفرسۆن کە بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکا لەبەر ڕۆشنایی سەردەمی ڕۆشنگەری فەرەنسا دابڕێژێت و بیکاتە ئەو دەقەی کە لای ئەمریکیەکان بە هاوتای دەستووری ئەمریکا بە پیرۆزی سەیری دەکەن، بەهەمان شێوە وۆردۆ ویلسۆنیش دوای زیاتر لە ١٤٢ ساڵ بەسەر داڕشتنی بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا و تێپەڕبوونی ١٢٥ ساڵ بەسەر (پڕۆژەیەك بۆ ئاشتییە هەمیشەیەکەی ) کانت، ئیلهامی لە کانت وەرگرت و ئەوەی کانت وەك فەیلەسووفێك پێشبینی بۆ کردبوو، ویلسۆن وەك پڕۆژەیەك پێشکەشی کۆنگرێسی ئەمریکای کرد بۆ ئەوەی ببێتە پڕۆژەیەك بۆ ئاشتی لە جیهاندا و لەو چوارده خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە کە بە ١٤ خاڵەی پرانسیپی ویلسۆن لە جیهاندا ناسراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ڕازی نەبوون ئەو مافە بە کۆلۆنیەکانی خۆیان بدەن و سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، هەروەها لەبەر ئەوەی پەیماننامەی ڤێرسای وەك چەرچل ئاماژەی پێکردووە، بووە هۆکاری ئەوەی سوکایەتی بەو نەتەوانە بکرێت کە شەڕی یەکەمی جیهانیان دۆڕاندبوو، بۆیە پەیماننامەی ڤێرسای لەبری ئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ لە ڕیشە هەڵکێشانی شەڕ، بووە ئامادەباشی بۆ شەڕێکی دیکە، بەتایبەتیش لەلایەن هیتلەرەوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە لە پرانسیپەکانی ویلسۆن ئاماژەی پێبکەین مەبەست هەڵوەشانەوەی هەردوو ئیمپراتۆریەتی (مەجەر — نەمسا ) و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی-یە، ویلسۆن ئامانجی ئەوەبوو کە نەتەوە جیاوازەکانی ناو ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە هەر یەکەیان مافی ئەوەی هەبێت بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، ئەم پڕۆژەیەی وۆردۆ ویلسۆن کە پراکتیزەکردنی پڕۆژەکەی ئەمانوئێل کانتە دوای ١٢٥ ساڵ، بووە هۆکاری ئەوەی کە ویلسۆن لەساڵی ١٩١٩ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێبدرێت، گەڕانەوە بۆ ئەم باکگراوەندە مێژووییە بۆ بونیادی ئاشتیەکی هەمیشەیی لە جیهاندا، خۆی لە دووخاڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە، کانت وەك پڕۆژە بۆ ئاشتی هەمیشەیی لە جیهان درکی پێکردووە و وۆردۆ ویلسۆن وەك سەرکردەیەکی جیهانی هەنگاوی پراکتیکی بۆ هەڵگرتووە، ئەو دووخاڵەش بریتین لە:

١- دەوڵەت دەبێت هاووڵاتیانی خۆی بەو شێوەیە پەروەردە بکات لەمانای ئازادی تێبگەن.

٢- دەبێت ڕێکخستنی پێوەندی نێوان نەتەوەکان بریتی بێت لە ڕێزگرتنی بڕیاری هاووڵاتیانی ئەو نەتەوانە، ئەو ڕێزگرتنەش دەبێت بە یاسا ڕێکبخرێت.

کەواتە مێژووی سیاسیی سەرهەڵدانی چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس و هەنگاو هەڵگرتن بۆ پیادەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس، پێمان دەڵێن مافی بڕیاردانی چارەنووس واتە تێگەیشتن لە ئازادی، کە ئەمەیان ئەرکی دەوڵەتە، دووەمیان ڕێکخستنی پێوەندی نێوان نەتەوەکانە کە ئەوەیان پێویستی بەڕێکخستنێکی یاسایی

**دروستکردنی ئەو هەڵلا و هەرایەی لەسەر پەیامەکەی سەرۆک بارزانی دروستکرا، هەوڵێکی شۆڤێنیەکان بوو بۆ ئەوەی دەستپێشخەرییە مێژووییەکەی مانگی ڕابردووی سەرۆک بارزانی بشارنەوە**

**ئەرکی سەرەکیی دەوڵەتی هاوچەرخ ئەوەیە هاووڵاتیانی خۆی بەوشێوەیە پەروەردە بکات کە لە مانای ئازادی تێبگەن**

**(پڕۆژەی ئاشتی هەمیشەیی) سەرکەوتوو نابێت، تا پێوەندی نێوان نەتەوەکان ڕێکنەخرێت و نەگەیەنرێتە ئاستی جیهانێکی هاوچەرخی شایستە، بە شێوەیەک بتوانرێت ڕەگ و ڕیشەی شەڕ لەنێوان نەتەوەکاندا هەڵبکێشرێت**

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت، بۆ ئەوەی ڕێز لە ئیرادەی نەتەوەکان بگرێت.

### پابەند نەبوون بە پرانسیپەکانی کۆمەڵگەی گەلانەوە شەڕی دووەمی جیهانی هەڵگیرساند

چوارده بەندەکەی ویلسۆن، لە خاڵی دوازدەیەمیندا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کورد وەك نەتەوەیەك لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی مافی ئەوەی هەیە بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات و بەدەق خاڵی دوازدەهەمین دەڵێت: (گەرەنتی مانەوەی سەروەریی بەشە تورکیەکە(مەبەستی بەشە تورکیەکەی ناو دەوڵەتی عوسمانی)، گەلانی دیکەی غەیرە تورك مافی بڕیاردانی چارەنووس دەیانگرێتەوە، ئازادی هاتووچۆ لە تەنگەکاندا(المضایق) بۆ هەموو پاپۆڕیك دەبێت بە گەرەنتی نێودەوڵەتی)، خاڵی چواردەیەمینیشی کە دوایین خاڵی پرانسیپەکانی ویلسۆنە (دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلانە). ئەگەر بە وردی لە پرانسیپەکانی وۆردۆ ویلسۆن وردبینەوە، هەست دەکەین ئەو ١٤ خاڵەی وەك پرانسیپ بۆ ئاشتی هەمیشەیی جیهان پێشنیاری کردووە و پێشکەشی کۆنگرێسی کرد لەکاتی خۆیدا، شایستەی ئەوەیە کە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێدراوە، بەپێی ئەم پرانسیپانەی ویلسۆنیش، ئاشتی هەمیشەیی لە جیهاندا کاتێك بەرقەرار دەبێت کە نەتەوە جیاوازەکان، بەشێوەیەکی ئازادانە ئەو مافەیان هەبێت بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، ئەوجا دوای ئەوەی نەتەوە جیاوازەکان بڕیاری مافی چارەنووسی خۆیان دەدەن، لەکۆی نەتەوە ئازادەکان ئەو کۆمەڵەی گەلانە دروست دەبێت کە بتوانن ئاشتی هەمیشەیی لە جیهاندا بچەسپێنن، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا و لەماوەی ٩١ ساڵی ڕابردوو سەیری مێژووی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، دەبینن خۆ گێلکردن لە دانپێدانان بەمافی چارەنووسی گەلانی ناوچەکە بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی هۆکارێکی سەرەکیە بۆئەوەی ئاشتی هەمیشەیی لە ناوچەکە نەیەتە دی، کەواتە کاتێك کورد بەگشتی و بەتایبەتی لەعێراقدا، هەوڵ بۆ ئەوەدەدات ڕەگەکانی شەڕ و ئاشوب لەریشەوە هەڵبکێشت و سەرۆك بارزانی بەیەك دوو مانگ لەمەوپێش بەهەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دیموکراتی ڕاگەیاند (دەکرێت بەرێگەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، ئاشتی لە عێراقدا بێتە دی، کە تیایدا کورد بڕیاردەدات بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەگەڵ عەرەب لە عێراقدا بژی) ئەمە مانای ئەوەیە دوای ئەوەی دان بە مافی کورد دەنرێت و ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، کورد بەو ئاراستەیە بڕیاری چارەنووسی خۆی دەدات کە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندا لە عێراقدا بمێنێتەوە.

### عێراق وەک جیهانێکی بچکۆلە و هەوڵەکانی بارزانی وەک پرۆژەی هەمیشەیی بۆ ئاشتی

پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو هەرایەی هەندێك میدیای عەرەبی،لە دوای وتارەکەی سەرۆك بارزانی نایانەوە، گرنگ بوو لە مانای مافی بڕیاردانی چارەنوس تێبگەن، هەروەها پێش ئەوەی بەشێوەیەکی موجەرەد هەڵوەستە لەسەر ئەو ڕستەیە بکەن کە بارزانی لەوتارەکەیدا ئاماژەی پێکردووە(پەنا بەخوا مافی چارەنووس لەم کۆنگرەیەدا هەوێنی پرۆگرامی خەباتی پارتی دەبێت)، گرنگە هەڵوەستەیەکی خێرا لەسەر هەڵوێستەکانی بارزانی بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ بکەینەوە، کە نەك هەر لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە لە ٢٠٠٣، بەڵکو پێش ڕووخانی ڕژێم و ڕۆڵی بەرێزیان لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا ئەوجا چ لەو کۆنگرانەی لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان (وەك بەشە ئازادەکەی عێراق) و چ ئەوانەی لەدەرەوە گرێدراون، ڕۆڵێکی بەرچاو و جێگەی تەقدیری لای هەموو عێراقییەکان هەبووە، هەربۆیە هەموو ئەوانەی ئێستا بە ئەنقەست و بەمەبەست دیانەوێت پەیامەکەی سەرۆك بارزانی بشێوێنن، پرسیاری ئەوەیان لێدەکەین، ئایا ئێوە بەشێوەیەکی موجەرەد ئەو چەند وشەیە وەردەگرن و بە ئارەزووی خۆتان تەفسیر و تەئویلی بۆ دەکەن؟ یان ئەو چەند وشە پێویستە لە چوارچێوەی تێکرای وتارەکە دابنرێتەوەو پێکەوە هەموو گوتارەکە شرۆڤە بکرێت؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر بەموجەرەدی ئەم چەند وشەیە تەفسیر و تەئویلی بۆ بکرێت، مەبەستێکی لێدەخوێنرێتەوە کە بەداخەوە ناتوانرێت بە نیەتێکی دۆستانە و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە بخوێنرێتەوە، بەڵام ئەگەر بڕیاردانی مافی چارەنووس لە چوارچێوەی سەرجەم وتارەکەی بارزانی بخوێنرێتەوە و ئەوە بەبیر خۆیان بهێننەوە کە عێراقی نوێ لەسەر بنەمای یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە بونیادنراوەتەوە و گەلی کوردستان دوای ئەوەی لەژێر سایەی دەستووری عێراق و دەستووری هەرێمی کوردستان بەمافە ئازادییەکانی خۆی شاد دەبێت، ئەوا چۆن دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلانی خۆیاندا بڕیار دەدەن ببنە ئەندامی فیدراسیۆنی ئەوروپا، ئەو دەوڵەت و نەتەوانەی ئەوروپا چۆن مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان لەناو دەستووری فیدراسیۆنی ئەوروپا دەبیننەوە و لەپێناوی ئەو دەستوورە وەك کیانێکی فیدرالی لەناو یەکێتی ئەوروپا دەمێننەوە، پەیامەکەی سەرۆك بارزانیش بە هەمان شێوەیە کە دەکرێت بەچەند خاڵێك زیاتر ڕوونی بکەینەوە:

١- سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە دەکاتەوە، کە عێراقی نوێ وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و دیموکراتی و پەرلەمانی پیادە دەکاتەوە، دەوڵەتێکیش لەسەر بنەمای فیدراڵی و فرەیی و دیموکراتی و پەرلەمانی دابمەزرێتەوە، واتە ئەو دەوڵەتەیە کە بەرجەستەی ئازادی بۆ تاکەکانی خۆی دەکات و فرەیی سیاسیی و هەمەڕەنگی نەتەوەیی و ئاینیی دەپارێزێت.

٢- کەواتە چۆن مافی بڕیاردانی چارەنووسی دەوڵەتانی ئەوروپا کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیانن، بەڵام دوای ئەوەی هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە دەستووری ئەوروپا پەسەند دەکەن و دەنگی بۆ دەدەن، واتە دەنگ بۆ ئەوە دەدەن ببن بە ئەندامی فیدراسیۆنی ئەوروپا، زیاتر لەمەش دەوڵەتێکی وەك تورکیا کە خۆی ئێستا خاوەنی دەوڵەتە ئامادەیە و زیاتر لە ٣٠ ساڵە هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ببێتە ئەندامی فیدراسیۆنی ئەوروپا، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە پەیامەکەی سەرۆك بارزانی تێبگەین و وردبینەوە لەپێناسەی سەرۆك بارزانی بۆ عێراقی نوێ، ئەوا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە لای بارزانی عێراقی نوێ واتە فیدراسیۆنێکی بچکۆلەی یەکێتی ئەوروپا و کاتێکیش عێراق ببێتە

**کانتی زانا لەبری ئەوەی داوای دامەزراندنی دەستەی دەوڵەتەکان (هیئە الدول) بکات، داوای دامەزراندنی (دەستەی نەتەوەکان)ی دەکرد**

**لەدوای شەڕی جیهانی دووەم مافی چارەنووس گۆڕانی بەسەردا هات و بێجگە لە دەوڵەتی سەربەخۆ، مافی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیشی گرتەوە**

**پرۆژەکەی وۆردۆ ویلسۆن کە پراکتیزەکردنی پرۆژەکەی ئەمانوئێل کانتە دوای ١٢٥ ساڵ، بووە هۆکاری ئەوەی کە ویلسۆن لەساڵی ١٩١٩ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێبدرێت**



**دەبێت ڕێکخستنی پێوەندی نێوان نەتەوەکان بریتی بێت لە ڕێزگرتنی بڕیاری هاووڵاتیانی ئەو نەتەوانە، ئەو ڕێزگرتنەش دەبێت بە یاسا ڕێکبخرێت**

**لەماوەی ٩١ ساڵی ڕابردووی مێژووی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆ گێلکردن لە دانپێدانان بەمافی چارەنووسی گەلانی ناوچەکە بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی ئاشتی هەمیشەیی لە ناوچەکەدا نەیەتە دی**

**سەرۆک بارزانی بەهەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دیموکراتیی ڕاگەیاند (دەکرێت بەڕێگەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، ئاشتی لە عێراقدا بێتە دی، کە تیایدا کورد بڕیاردەدات بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەگەڵ عەرەب لە عێراقدا بژی)**

ئەو فیدراسیۆنەی یەکێتی ئەوروپا، ئەگەر کوردستان دەوڵەتیش بێت، خۆمان حەزدەکەین ببینە یەکێك لە ئەندامەکانی نێو ئەو فیدراسیۆنە، بەڵام ئەگەر عێراق هەر ئەو عێراقە بێت کە شۆڤێنیەکان پێناسەی دەکەن و دەیانەوێت دیکتاتۆری حکومڕانی عێراق بکات و کورد هاووڵاتی پلە دوو بێت لە عێراقدا، ئەوا جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان بەشێك نابێت لەو عێراقە و هەرچی دەشبێت با ببێت.

**٣-** هەر سەبارەت بە جێبەجێکردن و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان و گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆسەر هەرێمی کوردستان، ئەوە یەکەمجار نییە سەرۆك بارزانی لە هۆڵی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەبەردەم میوانانی کۆنگرە جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و ناسنامەی کوردستانی بوونی کەرکوك دەکاتەوە، بەڵکو سەرۆك بارزانی لە ئەنقەرە و واشنتۆن و تەواوی پایتەختەکانی جیهان دەیان جار ئەو ڕاستیەی بە جیهان ڕاگەیاندووە، ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی بەراورد لەنێوان دەست هەڵگرتن لەو ناوچانە و دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەوا بێگومان دەسکەوتەکان لەبەرچاوناگیرێن و هەموو شتێك بە قوربانی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان دەکرێت، لە شەنگالەوە تا خانەقین، ئەمە پرسێکی مەبدەئی و ئەخلاقییە لای سەرۆك بارزانی، نەك تەنیا هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکان وەك یەك کێشە سەیر دەکات، بەڵکو کێشەی نەتەوەی کورد وەك یەك کێشە سەیر دەکات.

**٤-** هەرێمی فیدرالی کوردستان لە عێراقدا، هەرێمێك بێت یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ، دەبێت بنەمای ئابووری ئەم هەرێمە یان ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمای تەکامولی ئابووری نیشتمانی دابمەزرێت و ناکرێت نە عێراق وەك دەوڵەت لە رووی ئابوورییەوە لە هەرێمی کوردستان جیابکاتەوە، نەهەرێمی کوردستانیش دەتوانێت خۆی لە عێراق جیابکاتەوە، لێرەدا مەسەلەکە بەو جۆرە نییە ئەگەر حکومەتی عێراق ساڵانە ڕێژەی ٪١٧ی بودجە بۆ کوردستان دابین نەکات، ئەوا کوردستان ناتوانێت خۆی بژێوی خۆی دابین بکات، بەپێچەوانەوە مەرجی ڕازی بوونی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی ٪١٧ی بودجەی عێراق ئەوەیە دەبێت ئەو پەرەپێدان و پێشکەوتنەی لەبواری نەوت و گاز و باجەکانی هەرێمی کوردستان ڕوودەدن، دەبێت بە هەمان ئاستیش لەبەشەکانی دیکەی عێراق ڕووبدەن، بەواتایەکی دیکە نەك هەر مەترسی لەسەر داهاتی ڕێژەی ٪١٧ەکە نییە، بەڵکو ئەو بودجەیەی بۆ بەشە ئازادکراوەکەی هەرێمی کوردستان تەرخاندەکرێت زۆر لەوە کەمترە کە مەزندە دەکرێت، هەر ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی



که هەرێمی کوردستان داوای ئەنجامدانی ئامارێکـــی گشـــتی پاك و بێگـــەرد بۆ سەرانســـەری عێـــراق دەکات، بۆ ئەوانەی ترسیان هەیە ئەگەر ڕێژەی ٪١٧ی بودجەی عێراق نەمێنێـــت و کوردســـتان بەرگەی دوومانگ ناگرێت، دەڵێین باشترین بەڵگە ئەوەیە بچن ســـەیری ڕێـــژەی ئەو دەنگانە بکەن کە لیســـتی ئەلعراقیە هێناویەتی و ٩١ کورســـی پەرلەمانی پێ وەرگرتووە و بـــەراوردی بکەن لەگەڵ ئـــەو دەنگانەی هاوپەیمانی فراکســـیۆنە کوردســـتانیەکان هێناویانە و ٥٧ کورسی وەرگرتووە، دەبینن ژمارەی دەنگەکانی لیستی ئەلعراقیە تەنیا چەنـــد هەزارێك لە دەنگەکانی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردســـتانیەکان زیاترە، بەڵام ژمـــارەی کورســـییەکانی ئەلعراقیـــەش نزیکەی دوو بەرانبەری ئەو کورســـیانەیە کە هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانیەکان بەدەستی هێناوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو کەســـانەی تەنزیر بۆ ئەوەدەکەن، کوردستان ڕێژەی ٪١٧ی بودجەی عێراقی لێ ببڕێت بەشـــی دوومانگ ناکات، ئەوا دەبێت ئەو راســـتیەش لەبەر چاو بگرن دوای ئەوەی ئامارێکی ڕێکوپێك ئەنجامدەدرێت ئەو کاتە دەزانن کە لـــەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە، لە بواری جیاکردنەوەی بەشە داهاتی کوردستان لەبودجەی عێراقدا، چ غەدرێك لە بودجەی هەرێمی کوردستان کراوە، بێگومان مەبەست لێرەدا ئەوەنییە مافی بڕیاردانی چارەنووس بـــە دامەزراندنـــی دەوڵەتی کوردســـتان و زیادکردنـــی بودجەی هەرێمی کوردســـتان تەفســـیر و تەئویـــل بکەیـــن، بـــەڵام بۆ بەرچاوڕوونی ئەو کەسانەیە کە بانگەشەی ئەوەدەکەن ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەرگەی دوومانگ ناگرێت.

٥- ئەگـــەر هەرێمـــی کوردســـتان وەك هەرێمێکـــی فیدرالی هەر لە چوارچێوەی عێراق بمێنێتەوە، دیسان مانەوەی هەرێمی کوردســـتان ڕێگە لەوەناگرێت کە هەرێمی کوردســـتان ببێتە بەشـــێك لە تەکامولی ئابووری هەرێمـــی، بەپێچەوانەوە هەرێمی کوردســـتان دەبێتـــە تەکامولـــی ئابووری هەموو عێراقیش لەســـەر ئاستی ئابووری ئیقلیمی.

کەواتە ئەم راســـتیانە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کـــە دروســـتکردنی ئـــەو هەڵڵا و هەرایـــەی لەســـەر پەیامەکەی ســـەرۆك بارزانی دروستکرا، هەوڵێکی شۆڤێنیەکان بوو بۆ ئەوەی دەستپێشخەرییە مێژووییەکەی مانگی رابردووی سەرۆك بارزانی بشارنەوە، بە دانپیادانانی هەموو سەرکردەکانی جیهان و عێـــراق و ئیقلیمیش، ســـەرکەوتنی ئەو دەستپێشخەرییە نەبوایە عێراق لەو قەیرانەی تێی کەوتبوو رزگاری نەدەبوو، بەردەوامی ئەو قەیرانەش کاریگەری ســـلبی لەســـەر هەموو سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبوو.

**لای بارزانی عێراقی نوێ واتە فیدراسیۆنێکی بچکۆلەی یەکێتی ئەوروپا و کاتێکیش عێراق ببێتە ئەو فیدراسیۆنەی یەکێتی ئەوروپا، ئەگەر کوردستان دەوڵەتیش بێت، خۆمان حەزدەکەین ببینە یەکێک لە ئەندامەکانی نێو ئەو فیدراسیۆنە**

**سەرۆک بارزانی، نەک تەنیا هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکان وەک یەک کێشە سەیر دەکات، بەڵکو کێشەی نەتەوەی کورد وەک یەک کێشە سەیر دەکات، ئەمەش پرسێکی مەبدەئی و ئەخلاقییە لای بەڕێزیان**

**ئەگەر عێراق هەر ئەو عێراقە بێت کە شۆڤێنیەکان پێناسەی دەکەن و دەیانەوێت دیکتاتۆری حکومڕانی عێراق بکات و کورد هاووڵاتی پلە دوو بێت، ئەوا جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان بەشێک نابێت لەو عێراقە و هەرچی دەشبێت با ببێت**

پۆلینا بەیکەر سەرۆکی ڕێکخراوی (FfP) بۆ گوڵان:

# دەوڵەتی کۆسۆڤۆ بۆیە دانی پێدانرا لەبەرئەوەی کێشەکانی بەڕێگەی دیالۆگ و دیپلۆماتی چارەسەرنەکران

پرۆفیسۆر پۆلینا بەیکەر سەرۆکی ڕێکخراوی دابینکردنی خەرجیە بۆ ئاشتی (The Fund for Peace)ـەو تائێستا ئەم ڕێکخراوە چەندین ڕاپۆرتی لەسەر فاشیلی و گەندەڵی حکومەتی عێراق ئامادەکردووە، ڕاپۆرتی حەوتەمیان کە ١٤١ لاپەڕە پێکهاتووە، پێشنیارێکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتە سەربەخۆکانی عێراق، بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی ئەم کۆنسێپتە و چۆنیەتی مامەڵەکردنی گەلانی چەوساوە لەگەڵ مافی بڕیاردانی چارەنووس، لە لێدوانێکی تایبەتدا، خاتوو پۆلینا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: (پێموایە پاش خەباتی نەتەوەکان لەدژی کۆلیۆنالیزم، مافی چارەنووس بوو بە دیاردەیەکی باو، ئەم کۆنسێپتە دانرا بۆ دانیشتووانی دەوڵەتانێك کە لەلایەن هێزی بیانی-یەوە حوکمڕانی دەکران لەپێناو ئەوەی خۆیان حکومڕانی خۆیان بکەن. ئەمەش کرۆکی پرەنسیپەکەیە، کە ناکرێ خەڵکی لەلایەن هێزی بیانییەوە حوکمڕانی بکرێن. هەربۆیە، مافی چارەنووس بووە پرەنسیپێك بۆ نەهێشتنی سیستەمی کۆڵیۆنالیزم. هەروەها لە ٦٠ـەکانی سەدەی رابردوودا بڵاو بووەوە. هەرچەندە وڵاتانێك پێشتر سەربەخۆییان وەدەستهێنابوو وەك وڵاتی «هندستان»، بەڵام بەشێوەیەکی فراوانتر ئەفریقیا-ی گرتەوە لەبارەی نەهێشتنی سیستەمی کۆڵیۆنالیزم لەڕێگەی پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووسەوە. بەڵام مافی چارەنووس لەو کەیسانەدا ڕووی لە ئاڵۆزی کرد کاتێك خەڵك چەمکی مافی چارەنووسیان بۆ مەبەستی تر بەکارهێنا بەشێوەیەك کە پێوەندیی نەبوو لەگەڵ هۆکارەکانی داگیرکەری بیانی، بەڵکو زیاتر بەکارهێنرا وەك ڕێگەچارەیەك لەپێناو پارێزگاریکردن لە مافەکانی گرووپێکی ئیتنی لەهەمان دەوڵەتدا. هەربۆیە مەسەلەکە پەیوەستە بە چۆنیەتی پێناسەکردنی نەتەوە چەوساوەکەوە. زۆر جار لەبەر ئەوە مافی بڕیاردانی چارەنووس ئاڵۆز

مافی بڕیاردانی چارەنووس ئاڵۆز دەبێت، لەبەرئەوەی ڕووبەڕووی هاودژی دەبێتەوە لەگەڵ پرەنسیپەکانی «سەروەریی دەوڵەت» و مافی نەتەوەکان لە پاراستنی یەکێتیی هەرێمی




دەبێت، لەبەرئەوەی ڕووبەڕووی هاودژی دەبێتەوە لەگەڵ پرەنسیپەکانی «سەروەریی دەوڵەت» و مافی نەتەوەکان لە پاراستنی یەکێتیی هەرێمی، لەگەڵ ڕێگەگرتن لە دەستێوەردان لەلایەن وڵاتانی ترەوە. چەمکی مافی چارەنووس دووبارە تێکەهەڵکێش دەبێت کاتێك بەکاردەهێنرێت بۆ ئەو خەڵکانەی کە مافەکانیان پێشێلکراوە. هەربۆیە، پێویستە چەمکی مافی چارەنووس لە کۆنتێکستی ڕارودۆخێکی دیاریکراودا بخرێتەڕوو. خۆی لەخۆیدا مافی چارەنووس دەخرێتەڕوو لەپێناو بەخشینی ماف بە حاڵەتێکی دیاریکراو، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەدا کە نەتەوەکان خاوەنی حکومڕانی خۆیان نین یان نوێنەرایەتیان نییە. زۆرجاریش ئەو گرفتانە چارەسەردەکرێت لەڕێگەی باشترکردنی سیستەمی حوکمڕانی یان لەڕێگەی میتۆدی دەستووریی جیاواز، وەکو هاوبەشبوون لە دەسەڵات، یانیش لەڕێگەی میکانیزمی جیاواز لە بەشداریکردنی سیاسی. هەربۆیە ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی بە چەندین شێوەی جیاواز بەدواداچوونی بۆ دەکرێت. هەندێك ڕێگەچارە بریتییە لە دانپێنان بە مافی چارەنووس بەتایبەتی لەو حاڵەتانەی کە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە لە ئارادا نییە، کاتێك کە لایەنە ناکۆکەکان بڕیاری جیابوونەوە دەدەن. بۆ نموونە «تەیموری ڕۆژهەڵات»، کە بۆ ماوەیەکی یەکجار زۆر لە جەنگ-دا بوو، بەڵام لەبەرئەوەی مافەکانی «تەیموری ڕۆژهەڵات» پێشێلکرابوو، بۆیە پەنایان بردە بەر ئاسایش و ئاشتی و نێودەوڵەتی بۆ چەسپاندنی ئاسایش و ئاشتی لە «ئەندەنۆسیا»، ئەوەش بووە هۆی بەخشینی مافی چارەنووس بۆ «تەیموری ڕۆژهەڵات». لەلایەنێکی ترەوە ناکۆکیی هەڵپەسێردراو و چارەسەرنەکراو هەیە، بۆ نموونە «کۆسۆڤۆ»، کە چەندین نەتەوە دانیان بە «کۆسۆڤۆ» ناوە وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بە پشتگوێخستنی ئەو ڕاستییەی کە شەڕی ناوخۆ و ناکۆکی ئەو بارەی خولقاندووە. بەڵام ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی دیپلۆماتی چارەسەرنەکراوە و ئاسایش و ئاشتیی نێودەوڵەتی هێشتا لە ناوچەی «بەلقان» بە گشتی نیگەرانە لەبەرئەوەی شەڕ و پێکدادان و ناکۆکی هەر ماوە و چەندین گرووپی ئیتنیی دیکە هەیە و چارەسەرێکی هاوبەش لە ئارادا بوونی نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. هەربۆیە، هەندێ حاڵەت هەیە کە سەرنجی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی ڕادەکێشێت لەکاتێکدا هەندێك حاڵەتی دیکە هەیە مایەی سەرنج نییە. هەر لەم بارەیەشەوە پۆلیساریۆ لە وڵاتی «مەغریب» نموونەیەکی دیکەیە بۆ کێشە چارەسەرنەکراوەکان لەبارەی مافی چارەنووس و ئاشتی و ئاسایش. هەربۆیە، هەموو حاڵەتێك جیاوازیی هەیە لەگەڵ حاڵەتەکانی تر و پێویستە ڕاستییەکانی سەر ئەرزی واقع ڕەچاوبکرێت.

### سۆڤیەتی پێشوو ئیمپراتۆریەت بوو نەک دەوڵەتێکی فیدرالی

گوڵان لەدرێژەی پرسیارەکانیدا ئەو پرسیارەی ڕووبەڕووی خاتوو پۆلینا بەیکەر کردەوە، بەوەی زۆر جار چارەسەری کێشەی نەتەوەکان بەفیدراڵی یان ئۆتۆنۆمی کراوە، وەك حاڵەتی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، بەڵام دەرکەوت ئەو جۆرە حاڵەتانە سەرکەتوونین، ئایا بۆچی سەرکەتوو نەبووە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی داینەوە و وتی: (ڕژێمی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو زیاتر وەك ئیمپڕاتۆڕییەتێك

بوو، نەك دەوڵەتێكی فیدرالی، بەپێچەوانەی وڵاتە فیدرالییەكانی دیكەی وەك كەنەدا و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا. وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بە زەبری هێز و چەك لەلایەن یەكێتی سۆڤێت-ەوە داگیركرابوون، پێوەندیكردنی ئەو وڵاتانە بە یەكێتی سۆڤێت بەشێوەیەكی خۆبەخشانە و خۆویستانە نەبوو. حكومەتی ڕووسیا گرێبەستی لەگەڵ حكومەتەكانی ئەو وڵاتانەدا مۆركردبوو لەو بارەیەی كە پێویستە وڵاتەكانیان لەلایەن ڕژێمی كۆمیۆنیست و یەكێتی سۆڤێت-ەوە حوكمڕانی بكرێت. هەربۆیە، مەسەلەكە پەیوەست بوو بەوەی كە سوپایەكی بەهێز بە فشاری چەك و هێز ئەو وڵاتانەی داگیركردبوو، یەكێتی سۆڤێت-یش فیدراڵییەت و سیستەمێكی سیاسیی دابین نەكردبوو لەبەرئەوەی یەكێتی سۆڤێت تا ڕادەیەكی یەكجار زۆر خاوەن سیستەمێكی مەركەزی بوو، هاوكات لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات-دا هیچ جۆرە ئۆتۆنۆمییەك بوونی نەبوو. هەربۆیەش پاش ڕووخانی یەكێتی سۆڤێت، ئەو وڵاتانە بەپێویستیان زانی لە دەسەڵاتی ڕووسیا ئازادبكرێن و ئەوەبوو بەرەو سەربەخۆیی هەنگاویان نا، لەكۆتاییشدا هەر وڵاتێك وەك دەوڵەتێكی سەربەخۆ كۆتایی هات. بەڵام یەكێتی سۆڤێت نموونەیەكی گونجاو نییە بۆ تاقیكردنەوەی فیدراڵیزم وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ مافی چارەنووس. هەر بۆیە دووبارەی دەكەمەوە، مەسەلەكە پەیوەستە بە سرووشتی بارودۆخەكە. بەڕای من، بۆ نموونە، زۆربەی زۆرینەی خەڵك لەنێو كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەست بەپێویستیی سەربەخۆیی «فەڵەستین» دەكەن لەگەڵ بەخشینی مافی چارەنووس بۆ هاووڵاتیانی «فەڵەستین»، ئەویش بەهۆی مێژووی ئەو ناوچەیە. بەڵام پێویستە ئەم كارە جێبەجێبكرێت بەشێوەیەك كە پراكتیكی بێت و نەبێتە مایەی شێواندنی ئاسایش و ئاشتیی نێودەوڵەتی. دەكرێ ئەم مەبەستە بە ڕێگەچارەی سەربازی وەدی بهێنرێت، هاوكات دەكرێ بە گفتوگۆ و دانوستان ئەنجام بدرێت، بەشێوەیەك كە پاش دروستبوونی دەوڵەتی «فەڵەستین»، هەردوولایەنی فەڵەستین و ئیسرائیل لە وڵاتێكدا بە ئاشتی و ئارامی ژیان بەسەر بەرن و نەبێتە سەرەتا بۆ دەستپێكردنی شەڕێكی دیكە.. هەربۆیە، لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم كە مافی چارەنووس بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبەخشراوە، لەبەرئەوەی بە بۆچوونی من مافی چارەنووس لە جیهاندا بە چەندین شێوەی جیاواز و بۆ چەندین وڵاتی جیاوازدا فەراهەم دەكرێت. ئەگەر لێرەدا عێراق بەنموونە وەربگرین، دەبینین كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی عێراقی وەك دەوڵەتێكی خاوەن «سیادە» پێناسەكردووە، بەڵام ئەگەر هات و هەر سكاڵا و زوڵمێك هەبوو لەنێو گرووپەكانی عێراق، ئەوكات پێویستە لەچوارچێوەی دەستووری عێراقی-دا ئەو سكاڵایانە ئاراستەبكرێن. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێدا ئەگەر بێت و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مافی چارەنووس بە هەموو نەتەوەیەك ببەخشێت،




ئەوكات ئاسایش و ئاشتیی نێودەوڵەتی لە جیهاندا ناچەسپێت. هەربۆیە و سەبارەت بە حاڵەتی عێراق، ئەگەر هات و دابەشكردن هەڵبژێردرا بۆ چارەسەری بارودۆخی عێراق، پێویستە ئەو هەڵبژاردنە بێت كە هەموو لایەك لەسەری ڕەزامەند بێت، بەپێچەوانەوە جەنگێكی تر بەرپا دەبێت.

### پێشنیاری دەوڵەتە یەكگرتووەكانی عێراقم كرد لەبەر ئەوەی عێراق لەناو كێشەدابوو

پرۆفیسۆر پۆلینا وەك سەرۆكی ڕێكخراوی دابینكردنی خەرجی بۆ ئاشتی لەساڵی ٢٠٠٧ و لە یەكێك لە ڕاپۆرتەكانی پێشنیاری دامەزراندنی دەوڵەتە یەكگرتووەكانی عێراقی كرد (A Way Out: The Union of Iraqi State) بۆیە سەبارەت بەم پێشنیارە لێمان پرسی ئایا چۆن ئەم پێشنیارەتان كرد؟ بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكەی گوڵانی دایەوەو وتی: (پێشنیارەكەم بریتی بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتە یەكگرتووەكانی عێراق، لەو كاتەی كە عێراق لە ناوەندی شەڕی ناوخۆیی بوو، بارودۆخەكەش لەوە دەچوو كە توندوتیژی هەرگیز كۆتایی نایەت. ئێستاش من لەو بڕوایەدانیم كە هەموو كێشەكانی عێراق خراونەتەڕوو چارەسەركرابن، هاوكات لەو بڕوایەدام كە مەسەلەی ئیتنییەت هێشتا كێشەیەكی دیارە و كە هەڕەشەیەكە لەسەر یەكپارچەیی عێراق. بڕوانن چۆن كاتێكی زۆر لەسەر هەڵبژاردنەكان تێپەڕیوە كە تاكو ئێستا ناكۆكی هەیە لەسەر پێكهێنانی حكومەت. بەڵام ئاشكرایە پێویستی دابەشبوونی عێراق ڕووی لە كەمی كردۆتەوە. بەڵام ئەگەر هات و سكاڵا و داواكاری و كێشەكانی تری عێراق خراپەڕوو، ئەوكات لەوانەیە كاتی ئەوە بێت بۆ پێداچوونەوە و لەبەرچاوگرتنی كۆنسێپتەكە. بەڵام ئەوەتان لەیاد بمێنێت كە ئەم بیرۆكەیە هاندانێك نییە بۆ دابەشبوون، بەڵكو هاندانێكە بۆ یەكپارچەیی، كۆنسێپتی یەكپارچەیی عێراق لەچوارچێوەی سیستەمێكی فیدراڵیدا، كە تیایدا سەربەخۆیی سیاسی وەدی دەهێنرێت لەگەڵ یەكێتی ئابووری. ئەمەش شتێكە كە پێویستیی بە گفتوگۆ و دانوستان هەیە لەنێوان هەموو لایەنەكان. بەڕای من ئەم چەمكە بەشێوەیەكی ڕێژەیی وەدیهێنراوە، بەتایبەتی لەڕووی بڕیارە ئابوورییەكانی حكومەتی كوردی لەبارەی گرێبەستەكانی نەوت، كە لەسەر ئاستێ خۆی گفتوگۆی لەسەر ئەنجامداوە، بەڕای من كوردستان خاوەن حوكمڕانییەتی ئازادە. لەهەمان كاتیشدا كورد باڵانسی پرۆسەی سیاسیی پاراستووە لەبارەی ڕێككەوتنەكانی هاوبەشبوون لە دەسەڵات، كە گفتوگۆی لەسەر كرا لەبارەی پێكهێنانی حكومەتی نوێ. هەربۆیە، بەڕای من دابەشبوون لە بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق پێشنیارێكی باش نییە و پێویستە لەسەر كوردەكان لەچوارچێوەی عێراق كاربكەن بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندییەكانیان.

هەربۆیە من هەمیشە پێشنیاری وریاییم كردووە لە خستنەڕووی ئەم جۆرە بیرۆكانە. بەڕای من پێویستە لەسەر خەڵك هەڵستن بە بیركردنەوە لەبارەی ئەو شتانەی كە دیانەوێ و مەبەستیانە، ئایا پەرەپێدانی ئابوورییان دەوێ؟ یاخود خوازیارن بۆ ئازادیی سیاسیی زیاتر؟ بەڕای من ئەم جۆرە بیرۆكانە نابێتە مایەی نیگەرانی دەوروبەر. هەربۆیە، پێموایە ئەو خەڵكانەی كە خوازیارن مافی چارەنووس وەدیبێنن، پێویستە سەرەتا ڕیالیست بن و واقیعی بارودۆخەكان لەبەرچاوبگرن.

**ئەگەر هات و دابەشكردن هەڵبژێردرا بۆ چارەسەری بارودۆخی عێراق، پێویستە ئەو هەڵبژاردنە بێت كە هەموو لایەك لەسەری ڕەزامەند بێت**

**كوردستان خاوەن حوكمڕانییەتی ئازادە. لەهەمان كاتیشدا كورد باڵانسی پرۆسەی سیاسیی پاراستووە لەبارەی ڕێككەوتنەكانی هاوبەشبوون لە دەسەڵات، كە گفتوگۆی لەسەر كرا لەبارەی پێكهێنانی حكومەتی نوێ**

**پرۆفیسۆر براندن ئۆلێری تایبەتمەند لەسەر کێشەی کورد و پسپۆڕی دەستوور بۆ گوڵان:**

# ئەگەر حکومەتی عێراق بە بەردەوامی و بەمەبەست دەستوور پێشێل بکات کورد مافی خۆیەتی بڕیاری چارەنووس بدات

**پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس یەکێکە لە پرەنسیپەکانی دیموکراتی و پێویستە خەڵک ئەو مافەیان هەبێت حوکمڕانی خۆیان بکەن و لە هەڕەشەی دەرەکی بپارێزرێن**

پرۆفیسۆر براندن ئۆلێری بێجگە لەوەی یەکێك بووە لە ئەندامانی لیژنەی راوێژکاری دەستووری بۆ هاوکاری هەرێمی کوردستان لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا، لەهەمانکاتدا پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر کێشەی نەتەوەکان لە جیهاندا، کە لەنێویاندا کێشەی کورد یەکێکیانە و هەروەها یەکێکە لەنووسەرانی کتێبی (داهاتووی کوردستان لە عێراقدا) کە لەساڵی ٢٠٠٥ بەزمانی ئینگلیزی بڵاو کرایەوە، بۆ قسەکردن سەبارەت بە چۆنیەتی مافی بڕیاردانی چارەنووس و چۆنیەتی مامەڵەکردنی کورد لەگەڵ پیادەکردنی ئەم مافە، پرۆفیسۆر ئۆلێری لە ئاخاوتنێکی تایبەتی بە گوڵاندا وتی: (پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس یەکێکە لە پرەنسیپەکانی دیموکراتی و پێویستە خەڵك ئەو مافەیان هەبێت حوکمڕانی خۆیان بکەن و لە هەڕەشەی دەرەکی بپارێزرێن. هەربۆیە مافی چارەنووس لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوە زۆر گرنگە، مافی چارەنووسی ناوخۆیی لەگەڵ مافی چارەنووسی دەرەکی. بێگومان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی یەکەم کوردەکان مافی چارەنووسیان پێ بەخشرا. هەروەك هەموومان دەزانین کە سەرکەوتنی حکومەتی تورکی لە رووبەڕووبوونەوەی هێرشەکەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لەنێوانی ساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٢٣ بووە هۆی ئەوەی کورد نەتوانێت مومارەسەی ئەو مافەی خۆی بکات کە مافی بڕیاردانی چارەنووس بوو، ئەمەش وایکرد بەشێکی کوردستان بلکێنرێت بە عێراقی ژێر سیستەمی ئینتیدابی ئێمپڕاتۆرییەتی بەریتانیەوە. وەك لای هەمووشمان ئاشکرایە کوردەکانی عێراق بەم واقیعە رازی نەبوون، لەبەرئەوەی پاش سەربەخۆیی عێراق، بەریتانیا پاپەندبوونەکانی سەردەمی ئینتیدابی جێبەجێنەکرد کە بریتی بوو لە وەدیهێنانی ئۆتۆنۆمییەکی دروست بۆ کوردەکانی عێراق. ئەمەش وایکرد بەدرێژایی سەدەی بیستەم لەو مافە رەوایەی خۆی بێبەش بکرێت، ئەمەیە پێمان دەڵێت: دوای رووخانی رژێمی سەدام لەساڵی ٢٠٠٣و دارشتنی دەستووری عێراق



لەساڵی ٢٠٠٥دا، بۆ کورد زۆر گرنگ بوو، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو بۆ یەکەمین جار بوو ئەو هەلە بێتە پێشەوە کە کورد بتوانێت بەشێوەیەکی ئازادانە لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی عێراق گفتوگۆ و دانووساندن ئەنجامبدات. ئەمەش واتە کورد پاپەندبوونی خۆی دەربڕی بۆ سەرکەوتنی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی (Federation) و لەبەرامبەر ئەمەشدا رێز لەهەموو مافەکانی کورد بگیرێت لەچوارچێوەی ئەو سیستەمە فیدرالیەدا. ئەمە رێککەوتنێکی دوولایەنەیە، لایەنەکانی تری عێراق پاپەندن بە نواندنی رێز بۆ مافەکانی کوردستان لە سیستەمێکی فیدرالیدا، کوردەکانیش پاپەند بە نواندنی رێز بۆ مافەکانی عێراق، بەڵام بەو مەرجەی کە مافەکانی کورد بپارێزرێت و وەدی بهێنرێت. لێرەدا پێویستە ئەو خاڵە لەبیرنەکرێت کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، عێراقی وەك فیدراسیۆنێکی ئارەزوومەندانە پێناسەکردۆتەوە، هەربۆیە پێموایە ئەگەر حکومەتی بەغدا نەتوانێت دەستوور جێبەجێ بکات و شان نەداتە بەر ئەو ئیلتزاماتانەی کە دەستووری عێراق بەرامبەر بەکورد دەیخاتە سەرشانی، ئەوا ئەو کاتە کورد مافی خۆیەتی مافی بڕیاردانی چارنووس بەو جۆرە جێبەجێ بکات کە لەعێراق جیاببێتەوە، ئەویش ئەگەر کورد بەو جۆرە بڕیاریاندا. بەهەرحاڵ، بەپێی ئاکامی ریفراندۆمەکەی ساڵی ٢٠٠٥ و هەروەها بەپێی دەنگدان کورد لە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانی عێراقدا، ئەوا کوردەکان هەڵوێستی خۆیان سەلماندووە کە پاپەندن بە سەرخستنی عێراقێکی فیدراڵی. بەڵام لەپێناو سەرکەوتنی عێراقیشدا، پێویستە هەموو بڕگەکانی دەستوور جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتی ماددەی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان).

**پێویستە هەموو بڕگەکانی دەستوور جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتی ماددەی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان**


## بۆ ئەمریکا باشترە هەڵوێستێکی جێگیری هەبێت لەسەر مافی بڕیاردانی چارەنووس

لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر ئۆلێری سەبارەت بەهەڵوێستی ئەمریکا لەم قۆناغەدا سەبارەت بەو نەتەوانەی مافی بڕیاردانی چارەنووس دەیانگرێتەوە وتی: (بەڕای من زۆر باشترە ئەگەر بێت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵوێستێکی جێگیری هەبێت لەبارەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ نەتەوە چەوساوەکان. بەڵام هەڵوێست لە یاسای نێودەوڵەتیدا زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە لە پرسیارەکەتان ئاماژەتان پێداوە. لە یاسای نێودەوڵەتیدا مەسەلەکە ئەوە نییە کە هەموو نەتەوەیەك مافی چارەنووسی هەیە، هەرچەندە خۆی دەبێت وابێت، بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە کە کام نەتەوە دەیگرێتەوە و پێوەندارە بە مافی چارەنووس؟ پاش جەنگی جیهانی دووەم هەموو حکومەتەکان رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە نەتەوەکان مافیان هەیە بۆ خۆڕزگارکردن لە دەسەڵاتی داگیرکەر. لەو سەردەمەشدا داگیرکەر بەهێزی ئەوروپی ناسرابوو کە دەسەڵاتی خۆی لەسەر بەشێك لە ئەفریقیا و ئاسیا سەپاندبوو، لەو سەردەمەشدا عێراق وڵاتێکی پاش داگیرکردن بوو و واتە ببووە کۆماری، بۆیە مافی بڕیاردانی چارەنووس وەك بڕیارێکی دەرەکی کوردەکانی نەگرتەوە، کۆمەڵگەی نێودەڵەتیش بەهیچ شێوەیەکی فەرمی دانی بەوە نەنا کە حکومەتی بەغدا وەك داگیرکەرێکی ناوخۆیی رەفتار دەکات لەبەرامبەر کوردەکانی عێراقدا، بەهەرحاڵ پێموایە ئێستا لەو دوو حاڵەتە مافی بڕیاردانی چارەنووسی بۆ دەگەڕێتەوە:

یەکەمیان: پێویستە لەسەر عێراق دان بە مافی کوردستان بنێت بەوەی کوردستان مافی ئەوەی

هەیە خۆی خۆی بەڕێوە بەرێت، بۆیە ئەگەر عێراق پابەند نەبوو بەم خاڵەوە، کورد مافی خۆیەتی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات. لە یاسای نێودەوڵەتیدا دانپێنانێکی ئاشکرا هەیە بەوەی کورد مافێکی تەواوی هەیە بۆ خۆبەڕێوەبردن لەچوارچێوەی عێراقدا.

دووەم: کورد مافی دەبێت بۆ ئەوەی مافی بڕیاردانی چارەنووس پیادەبکات، ئەگەر بێت و حکومەتێك لە عێراقدا بێتە سەرحوکم، بەمەبەست بەردەوام بێت لە ئەنجامدانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی و شێوەکانی تر لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لەدژی کوردستان، ئەگەر ئەم حاڵەتە روویدا، ئەوە مەسەلەکە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەوێتە بەرباس و پاشان بڕیاردەدرێت کورد ئەو مافەی دەبێت ئەو بڕیارە بدات، ئەوجا لەبەر ئەوەی حکومەتەکانی پێشووی عێراق پێشینەی ئەو تاوانەیان دژ بەکورد لەسەر تۆمارکراوە، ئەگەر حاڵەتی لەو جۆرە رووبداتەوە، کورد دەتوانێت ئەو مافەی خۆی پیادە بکاتەوە، بەڕای من، ئەگەر بێت و حکومەتی عێراقی بە مەبەست بەردەوام بێت لەسەر پێشێلکردنی دەستووری عێراق، ئەوکات کورد مافی دەبێت پەنا بۆ یاسای نێودەوڵەتی بەرێت، هەڵبەتە هەموو لایەنێك لەگەڵ ئەم شتە هاوڕانابێت، دڵنیام هەر یەك لە حکومەتەکانی تورکیا و ئێران لەدژی رادەوەستن، بەڵام ئەمە تێڕوانینی خۆمە. بەڵام لەمجۆرە حاڵەتانەشدا کورد مافی خۆیەتی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات. ئەوجا لەگەڵ ئەوەی من ئەو راستییەشم لەبەرچاوە کە یاسای نێودەوڵەتی هەموو کات یاسای نێودەوڵەتی پشتگیری لە جیابوونەوە ناکات. لە لایەنێکی ترەوە، بڕیاری سەربەخۆیی «کۆسۆڤۆ» هیچ بڕگەیەکی نایاسایی تیا نابینرێتەوە، دادگای نێودەوڵەتی ئاشکرای کرد کە «کۆسۆڤۆ» هیچ یاسایەکی نەشکاندووە لەمیانی راگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەوەیان بڕیارێکی زۆر هۆشیار و وردبینانە بوو، ئەمەش مانای ئەوەیە یاسای نێودەوڵەتی زۆر بە وریاییەوە لەگەڵ کەیسەکانی سەربەخۆیی بۆ هەر نەتەوەیەك مامەڵە دەکات و بەپێویستی دەزانێت سەرەتا گفتوگۆ ئەنجامبدرێت لەگەڵ بەشەکانی تری وڵاتەکە. بەڵام بە تێڕوانینی من، پێموایە سەرکردەکانی کوردستان زۆر ژیر بوون کاتێك بڕیاریاندا کاربکەن بۆ سەرکەوتنی عێراقی فیدراڵ و کردیان بە ئەولەویات، ئەویش چەند هۆکارێکی لە پشتەوەیە، یەکەمیان: رەزامەندبوونیان لەسەر هاوبەشی لەگەڵ لایەنەکانی تری عێراقی، کە ئەویش رێگەی خۆشکرد بۆ کوردستان بۆئەوەی لەماوەی ٧ ساڵی رابردوودا پێشکەوتنێکی بەرچاو و بنەڕەتی بەخۆیەوە ببینێت. هەرچەندە کورد خۆی لە بارودۆخی کوردستان بەو ئاستە رازی نین. دووەم: ئەگەر بێت و کوردستان ئێستاجیابێتەوە، زۆر زەحمەتە بتوانێت جیابێتەوە لەکاتێکدا کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرکراوەکان بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە بتوانێت جیابێتەوە، پێویستە ماف بە دانیشتووانی ئەو ناوچانە ببەخشرێت بۆ بڕیاردان لەسەر هاتنە پاڵی کوردستان یاخود مانەوە لەگەڵ پارچەکانی




تری عێراق. ئەمەش پرۆسەیەکە و پێویستە ئەنجام بدرێت، کەواتە بۆ ئێستا گرنگە جەختکردنەوە هەبێت لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان و رێککەوتنی لەسەر ئەنجام بدرێت، ئەگەر هات و لە ریفراندۆمەکەدا زۆرینەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە بڕیاریاندا بێنەوە سەر کوردستان، ئەوکات پێموایە بارودۆخی کوردستان بۆ زۆر بڕیاری دیکەش ئاسان دەبێت، بەڵام ئەگەر عێراق دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی بێت، پێموایە سەرکردایەتی کورد ئەو بڕیارە نادات. هەربۆیە و لەڕووی پراکتیکییەوە، پێویستە سەبارەت بە کوردەکان رێککەوتنەکە بەو شێوەیە بێت کە کەرکوك و پارچەکانی تری ناوچە ناکۆکی لەسەرکراوەکان بگەڕێنەوە پاڵ هەرێمی کوردستان، لەبەرامبەریشدا کوردیش پابەند دەبن بەمانەوەیان لەچوارچێوەی عێراق، ئەویش بە مەرجێك عێراق فیدراڵی و دیموکراسی بێت، بەڵام ئەگەر هاتوو عێراق وەك دەوڵەتێکی دیموکراسی بەردەوام نەبوو، ئەوکات کوردەکان هیچ هۆکارێکیان نامێنێت لەبارەی مانەوە لەچوارچێوەی عێراقدا).

### ئەوانەی بەباسکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس تووڕە دەبن

لەدرێژەی ئاخاوتنەکەی بۆ گوڵان و سەبارەت بەو پرسیارەی لە پرۆفیسۆر براندن ئۆلیریمان کرد بۆچی عەرەبەکان بە بیستنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ نەتەوە غەیرە عەرەبەکان تووڕە دەبن؟ بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی داینەوە و وتی: (دروستە، لەبارەی مافی بڕیاردانی چارەنووسەوە «نفاق»ێکی گەورە هەیە لەناو زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا. ئەوان لەگەڵ جیابوونەوەی سودان و پۆلیساریۆ و کوردستان نین، تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا نین کە کوردستان ئۆتۆنۆمی بەدەست بێنێت. لەهەمان کاتیشدا پشتگیری لە «فەڵەستین» دەکەن بۆ وەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووس. زۆربەی وڵاتانی جیهانی عەرەبی هەست بە نائارامییەکی زۆر دەکەن لەبارەی مەسەلەی مافی چارەنووس. بەڵام دەبێت ئاماژە بەو راستیەش بکەین کە هەموو وڵاتانی عەرەب سەبارەت بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوە غەیرە عەرەبییەکان مونافق نین، لە چەندین وڵاتانی عەرەبم بیستووە کە پشتگیری دەکەن لەوەی، باشووری سودان و پۆلیساریۆ و فەڵەستین و کوردستان لەگەڵ هەموو ناوچەکانی تری غەیری عەرەب، پێویستە ئۆتۆنۆمییان پێ ببەخشرێت یان سەربەخۆیی، لەگەڵ رەخساندنی کەشوهەوای ئازادانە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی ئازادانە بۆ دەربڕین و وەدیهێنانی خواستەکانیان. هەڵبەتە ئەمەش ئەو جیهانەیە کە پێویستە لەپێناو وەدیهێنانی هەوڵی بۆ بدەین. بەڕای من پێویستە کورد لە دوو حاڵەتدا بیر لە سەربەخۆیی بکەنەوە، یەکەم: ئەگەر هات و حکومەتی بەغدا بەمەبەست هەڵسا بە پێشێلکردنی دەستوور لەدژی کوردەکان. حاڵەتی دووەم ئەوەیە کە پێویستە کوردستان چاوەڕوانی دانپێنانێکی راستەقینە بکات لەلایەن وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی تورکیا و ئێران. ئەگەر هات و هیچ کام لەو دوو حاڵەتانە روویان نەدا، ئەوکات پێموایە زۆر زەحمەتە کوردستان بتوانێت دانپێنانی نێودەوڵەتی وەدەست بێنێت، لەهەمان کاتیشدا کوردەکان باجێکی قورس دەدەن. بۆیە بۆ ئێستا بۆچوونی من بەو جۆرەیە دەبێت سەرکردایەتی کورد کار بۆ سەرخستنی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و جێبەجێکردنی دەستوور و بەگشتی و مادەدەی ١٤٠ بۆ گێڕانەوەی ناوچە جێناکۆکەکان بۆسەر هەرێمی کوردستان بکات.

**لە یاسای نێودەوڵەتیدا دانپێنانێکی ئاشکرا هەیە بەوەی کورد مافێکی تەواوی هەیە بۆ خۆبەڕێوەبردن لەچوارچێوەی عێراقدا**

**ئەگەر هاتوو عێراق وەک دەوڵەتێکی دیموکراسی بەردەوام نەبوو، ئەوکات کوردەکان هیچ هۆکارێکیان نامێنێت لەبارەی مانەوە لەچوارچێوەی عێراقدا**

# هەرێمێک بۆ سوننەکان لەعێراقدا



**فەرید ئەسەسەرد**

هێشتا سوننەکان بڕیاریان لەسەر پێکهێنانی هەرێمێك لەپارێزگا سوننەنشینەکان نەداوە بەکردەوە سوننەکان لەقۆناغی پێشوودا نەك هەر دژی پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵ بوون، بەڵکو دژی بیرۆکەی خودی فیدرالیزمیش بوون، لانیکەم لەناوچە عەرەب نشینەکانی عێراق. بەڵام ئەم دژایەتییە شیاوی پێداچوونەوەیەو زۆرتریش پێوەندیی بەرەوشی سیاسی و رەوتی رووداوەکانەوە هەیە. بەم پێودانگە، دەرگاکە بەرووی ئەم پرۆژەیەدا تەواو داخراو نییە.

گومانی تێدا نییە کەوەك چۆن پێکهێنانی هەرێم لەسێ پارێزگای کوردستان پێگەی کوردی لەسیاسەتی عێراقدا بەهێزتر کرد، پێکهێنانی هەرێمێك یان چەند هەرێمێك بۆ سوننەکان پێگەیان بەهێزتر دەکاو وایان لێدەکا لەسیاسەتە فیدرالییەکاندا دەستڕۆیشتووتر بن. لەچوار پارێزگاکەی سوننە، پێکهێنانی هەر هەرێمێك لەو پارێزگایانەی کەناوچە جێناکۆکەکان بەشێکی خاکەکەیان پێکدێنن، دەشێ هەندێ کێشەی لێ بکەوێتەوە. دەستووری عێراق پێش دەرچوونی یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان دەرچووە. لەبەر ئەوە هیچ میکانیزمێکی بۆ جیاکردنەوەی ماددەی ١٤٠ لەمەسەلەی پێکهێنانی هەرێمەکانی تێدا نییە. ئەمەش کێشەیەکی دەستووری دەربارەی رەوشی یاسایی ناوچە جێناکۆکەکان لەهەرێمە تازە دروستکراوەکان پێکدێنێ، سەرباری ئەوەی کەپەیدابوونی هەرێمی تر لەو ناوچانە کاریگەری لەسەر روخساری کێشەکە بەجێ دێڵێ و بەهۆی ئەمەوە کێشەکە وەك کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرال نامێنێتەوە، بەڵکو لایەنێکی سێیەمی بۆ پەیدا دەبێ کەهەرێمە تازە دروستکراوەکانە.

ئەمە خۆی لەخۆیدا دەشێ دووراییەکی تر بۆ کێشەکە پەیدا بکاو بیکا بەکێشەی سنوور لەنێوان دوو هەرێمداو بەم پێودانگە حکومەتی فیدرال لەبری ئەوەی ببێ بەلایەنێکی کێشەکە، رەنگە ببێ بەلایەنی ناوبژیوان.

بەپێچەوانەوە، پەیدابوونی هەرێمی شیعەنشین بەبەراورد لەگەڵ پەیدابوونی هەرێمی سوننە نشین، کێشەیەکی ئەوتۆ بۆ کورد پێکناهێنێ.

ئەگەرچی پەیدابوونی هەرێمی تر پێداویستییەکە بۆ بەرژەوەندیی سەقامگیرکردنی فیدرالیزم لەعێراقدا، بەڵام پەیدابوونی هەرێم لەپارێزگای سوننە نشینەکانی دراوسێی هەرێمی کوردستان پێش یەکلاکردنەوەی ماددەی ١٤٠ شتێکی ئومێدبەخش نابێ و رەوشەکە ئاڵۆزتر دەکا. بەرەچاوکردنی ئەوەی کە لە رووی دەستووری و یاساییەوە هیچ تەگەرەیەك لەبەردەم پەیدابوونی هەرێمی تازە نییە، بەتایبەتی کە دەستووری عێراق تاکە دەستووری فیدراڵە لەجیهاندا کە مەسەلەی پێکهێنانی هەرێمەکانی بەکراوەیی هێشتۆتەوەو یاساکەش میکانیزمی روون و گونجاوی بۆ داناوە، لاسەنگییەك بەقازانجی سوننەکاندا لەم رووەوە هەیە چونکە لەکاتێکدا جێبەجێ کردنی یاسای هەرێمەکان دەوەستێتە سەر تەنیا ئارەزووی سوننەکان، جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ تەنیا ناوەستێتە سەر ئارەزووی کوردو ئەمەش کارێکی وا دەکا پێشبڕکێکە هاوسەنگیی تێدا نەبێ.

سەندنەوەی مافی پێکهێنانی حکومەت لەلیستی عێراقیە، کەتا ئێستا سوننەکان لەدڵیان دەرنەچووە، دەشێ هانیان بدا بەدوای فاکتەری تری رووبەڕووبوونەوەو خۆبەهێزکردندا بگەڕێن، لەوانە هانا بردن بۆ پێکهێنانی هەرێم.

ئەوەی کە تائێستا لەئارادایە خوێندنەوەیەکی مەزندەکارانەیە بۆ ئەگەرەکانی ئایندە. چەند ئایندەمان لەبەرچاو رۆشنتر بێ، ئەوەندە ئەندازەی خۆئامادەکردنمان رێکوپێکترو هەنگاوەکانمان سیستماتیزەتر دەبن..

# ناعەدالەتی بە ستراتیژ



ڤینۆس فایەق

کێشەی کۆمەڵگای کوردی لەوەدایە ئەوەندەی وەکوو کلێشە و تیۆر سەرسامی خاڵ و بەندەکانی ئەو یاسا نێودەوڵەتیانەیە کە باسیان لە بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ و چەمکی ئازادیەکان و سیستەمی دیموکراسیەت کردوە، لەکاتیکدا هیچ جۆرە ئاسەوارێکی رۆحی ئەو یاسایانە و رەنگدانەوەی لەناو کەلتووری رۆژانەدانیە، هەروەها کاریگەری بەسەر هیچ یاسا و جێبەجێکردنێکی یاساکان لەهیچی لە بوارەکانی سیاسەت، ئیداری خزمەتگوزاری حکومی و بواری ئابووری و تەنانەت کۆمەڵایەتی و ئاینیشەوە نابینینەوە. ئەشێ ئەمەش لەڕوویەکەوە گرێدراوی کۆی ئەو سیستەمە پەروەردەییە سیاسی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەبێت کە هەتا ئەمرۆکە کۆمەڵگاکەمانی پیدا دەناسرێتەوە و، لەسەری پەروەردەبووین و، دواجار کۆی ئەو سیستەمە ناعادیلانە لەسەر ئەرزی واقیع بەرجەستە ئەکات و، لەرووی تیۆرەوە بە عەدالەتێکی پیرۆزی پێناسە ئەکاتەوە.

ئەگەر (عەدالەت) وەکوو چەمك بناسین، ئەوا لەروی فەلسەفیەوە چەمکێکی تری دژبەو هەیە پێی دەوترێ (ناعەدالەتی)، چونکە کە دانمان بە ناعەدالەتیماندا نا ئەوەدەم ئەتوانین پێناسەی عەدالەت بدۆزینەوە، نەوەك هەموو ئەوەی دەیکەن ناوی عەدالەتی لێ بنێین. تەواو وەکوو هەردوو چەمکی خێر و شەڕ، مومکین نیە خەسلەتەکانی چەمکی (خێر) بدۆزینەوە ئەگەر پێناسەی چەمکی (شەڕ) نەکەین، بە بیردۆزی (شتەکان بەهۆی دژەکانیانەوە ئەناسرێنەوە).

ئەوەی ئیستاکە لە کوردستان روودەدات لە غیابی پێناسەی راستەقینەی چەمکی (عەدالەت)دا روودەدات، بەهەموو کردار و پەرچکردارەکانەوە، هەر لە تێگەیشتن و فەلسەفەی دەسەڵات بۆ چەمکی عەدالەت هەتا دەگاتە دنیابینی تاك و خوێندنەوەی بۆ هەموو ئەو وردیکاریانەی کە هەردوو تەرەفی هاوکێشەی پەیوەندی دەسەڵات بە تاکەوە دروستدەکات. هەبوون و نەبوونی عەدالەتیش ئەو پەیوەندیە رێکدەخات.

بەڵام زۆربەی جاریش پێناسەی چەمکی ناعەدالەتی لە غیابی عەدالەت خویدا لەسەر ئەرزی واقیع بۆمان پێناسە ئەبێتەوە. کرۆکی ئەم باسەم بەروونی لە بابەتی بەرنامەی (چی بکرێت) ی تەلەفزیۆنی (زاگرۆس) شەوی ١٥ لەسەر ١٦ی دیسەمبەر پەخشبوو بینیەوە. کە لەگەڵ میوانەکانی بەرنامەکە زۆر بە جوانی دەستی خستە سەر ئەو وتراو و نەوتراوانەی کە لە ژیانی رۆژانەماندا کۆی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداری و خزمەتگوزاری حکومی و تەنانەت فەلسەفەی دەوڵەت و حزب بۆ چەمکی عەدالەت بە روونی و ناڕاستەوخۆ خەسڵەت و نیشانەکانی چەمکی ناعەدالەتمان بۆ دەستنیشان دەکەن.

ئەگەر ووردبینەوەو تەماشایەکی بکەین دەبینین هەر لە کاری حزبیەوە هەتا دەگاتە نوێنەری میللەت لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا، هەتا بەهەموو وردیکاریەکانی حکومەت و مومارەسەی خودی تاکەکان خۆشیان لە ژیانی رۆژانەدا. چونکە لێرەدا هێند قسە لە ناعەدالەتە بەدەر لەوەی کێ بکەرە، قسە لەوە نیە ئەو ناعەدالەتیە تەنها حزب و حکومەت بەرجەستەی دەکەن، بەڵکوو تاکیش بەڕێژەیەکی باش بەرپرسە لە دروستبوونی ئەو کەشوهەوا ناعەدالەتیە، لانیکەم بە بێدەنگبوونی لێی یان لە ترسان، یان چونکە لێی سوودمەندە.

گرفتی گەورەش ئەوەیە کاتێك ناعەدالەتی ئەبێتە ستراتیژ و ئەبێتە کەلتوورێکی گشتی کە هەموو نابەجێیی و ناهەمواریەك و هەموو پێشێلکاریەکانی مافەکانی تاکەکان لەسەر دەستی دەسەڵاتێك بە عەدالەت پیشاندەدرێت..

عەدالەت وەختێك ئەبێتە کەلتوور و ئەخلاق کە بەرپرسێك خۆی لە ئاستی هاوڵاتیەکی ئاساییدا لەسایەی یاسادا بینیەوە، کە وەکوو هاوڵاتیەکی ئاسایی ئامادەبێت بەبێ پاسەوان بەناو خەڵکدا هاتوچۆبکات، ئەو دەمی ئەگەر نەیتوانی کێشەی کارەبا چارەسەر بکات ئامادەبێت وەکوو هاوڵاتیەکی ئاسایی کاتێك کارەبا ئەکوژێتەوە چاوەڕێی داگیرسانی مووەلیدەکە بکات، یان هەوڵبدات کێشەی کارەبا چارەسەربکات. بەهەمان شێوەش وەکوو هاوڵاتیە ئاساییەکە چاوەڕێی هاتنەوەی ئاو بکات، هاتوچۆی هەمان نانەوا و هەمان سەوزەفرۆش بکات و، یان وەکوو هەموو هاوڵاتیەکی ئاسایی لەبەردەم ئیشارەتی سوورا راوەستێ، هەڵبەتە مەبەست لێرەدا دابەزاندنی بەرپرسێك نیە بۆ ئاستی هاوڵاتیەك، مەبەست هەوڵدانی جیدیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژیانی و رۆژانەکانی هاوڵاتیانە کە لای هاوڵاتی بە ناعەدالەتی پێناسەی ئەکات.ئەگەرنا ئەمە ئەو ناعەدالەتیەیە کە دەبێتە کەلتوور و ستراتیژێکی شارراوە و بەردەوام ژیانی کۆمەڵگایەك تێکدەدات.

# یەکەمین کۆنفرانسی (دوژمن لەناو ئێمەدا نییە) و کردنەوەی خولی زمانی کوردی لە ئیستانبوڵ

ڕۆژی شــەممە ڕێکەوتی ١١-١٢-٢٠١٠ لەشاری ئیســتانبوڵ یەکەمین کۆنفرانسی هەڵمەتی (دوژمن لەناو ئێمەدا نییە) لەلایەن بزووتنەوەی (٣H) ئەنجام درا، ناوەڕۆکی ئەم کۆنفرانسە بریتی بوو لە جەختکردنەوە لەســەر نەبوونی هیچ جۆرە شــێوازێکی دوژمنداریــی لەنێــوان نەتەوەکانی تورك، کورد،سوننی، عەلەوی، ئەرمەنی...تاد.

لــەم کۆنفرانســەدا ژمارەیەکــی زۆری ڕۆژنامەنووس و نووســەر و ئەکادیمیکار و گەنجــان بەشــداربوون، لــە دوتوێــی بەرنامەکانــی کۆنفرانســەکەدا بایەخێکی تایبەت بە کێشــەی کورد درا و جەختیش لەسەر بەکارهێنانی وشەی کوردستان کرایەوە کەوا پێویستە بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی هیچ کێشــەیەك و دروست نەکردنی بەربەست لە درکاندنیدا بە ئازادی بەکاربهێنرێ.

بەرچاوترین بەشــداربووانی ئــەم کۆنفرانســە بریتــی بــوون لــە بەڕێزان پرۆ فیسۆری یاریدەدەر لە بەشی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و نووســەری ڕۆژنامەی (Star) بەڕێــز (Bekir Berat Özipek) و پسپۆڕی زانستە ئایینییەکان و نووســەری ڕۆژنامەی (Star) بەڕێز خاتوو (Hidayet Şefkatlı) هەروەها پرۆ فیســۆری کۆمەڵناس و نووســەری ڕۆژنامــەی (Taraf) بەڕێز (Ayhan Aktar) هەروەها نوێنەری عەلەوییەکانی تورکیا و نووسەری ڕۆژنامەی (Taraf) بەڕێــز (Cafer Solgun) و چەندین کەسایەتی زانستخوازو ئەکادیمی دیکەش.

بۆ زیاتر ناسینی بزاڤی (٣H) و هەڵمەتی ( دوژمــن لەناو ئێمەدا نییە ) بەڕێوەبەری گشــتی بزووتنەوەی (٣H) و ڕێکخەری ئەم چالاکییە سیسی و دیپلۆماتیکە بەڕێز خاتوو (Tennur Katgı) بەمجۆرە بۆ گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخاوتن :

بزاڤی (٣H) بزاڤێکی سیڤیلی گەنجانەیە بۆ چەســپاندنی ئامانجەکانی هەوڵدەدات بەهابالاکانی وەك مافــەکان، لێبوردەیی، ئازادی لە ناو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی جێگیربکات، دوو بنکە و ناوەندی سەرەکی لە ئیستانبوڵ و ئەنکەرە هەیە.

ئەم بزاڤە لە ساڵی ٢٠٠٩ بەدواوە سەرەڕای بوونی بە دامەزراوەیەکی گەنجان هاوکات بووە بە دامەزراوەیەکی فیکری و کۆمەڵێکی زۆر لــە ئەکادیمیە ناســراوەکانی لە دەور کۆبوونەتــەوە، لــە کارو چالاکییەکانماندا ڕۆژنامەنووسان و سیاسەتمەداران دەکەینە میوانی ئەو ســیمینار و کۆنفرانسانەی کە ڕێکیان دەخەین.

هەنــدێ جار بەرامبەر ئــەو ڕووداوانەی کــە دژی مافەکانــی تاکەکەســین خۆپیشاندان ڕێکدەخەین، ڕۆژانە لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەمانەوە نووسراو بڵاو دەکەینەوە و شاکارە جیهانییەکانی بواری فیکرو داهێنان وەردەگێرین، گۆڤارێکی وەرزانەیش بەناوی (Liberalem) دەردەکەین.

بۆیە لێرەدا پێم خۆشــە بڵێــم ئێمە تەنیا خۆپیشــاندانی ئاکتیڤیست ئەنجامنادەین، بەڵکو لەو مەســەلانەی کــەوا ئەجێندای تورکیا پێویسەرقاڵن سیمینار و کۆنفرانس ڕێکدەخەیــن وکار و چالاکــی هەمەجۆر ئەنجام دەدەین و کۆبوونەوەکانی میدیا ڕێك دەخەین.

بزاڤــی (٣H)هەڵمەتی (دوژمــن لەناو ئێمەدا نییە ) لــە مانگی ١٢ ی ٢٠١٠ دەستی پێکردووە، لەڕێگەی ئەم هەڵمەتەوە ئێمە بانگەواز بۆ تاکەکانی کۆمەڵ دەکەین کەوا لەبری دوژمنداری بێن دۆســتایەتی هەڵبژێرن.

دەمانــەوێ ئــەوەش دوپــات بکەینــەوە




کەوا دەتوانین کۆمەڵگەیەکی دوور لە دوژمنداری، ڕق و کینە، قەدەغەکراوەکان، مەترسییەکان، پلانەکان، نەتەوەپەرستی، ڕەگەزپەرستی، مەترسی بەش بەش بوونی وڵات دروست بکەین.

بۆماوەی چەندین ساڵە ئێمە بەشێوەیەك پەروەردە کراوین کەوا گوایە تورکیا گەمارۆ دراوە بە دوژمنان و وڵاتانی دراوسێش هەموویان دوژمنن، هەروەها لەناو خۆشماندا دوژمن هەیە و هەوڵی دابەشکردنی وڵات دەدەن بۆ ئەمەش سیاسەتێکی تایبەت بەکارهێنراوە کەوا تەنیا کۆمەڵێك بە هاوڵاتی لەقەڵەم دەدات و ئەوانی تر بە دوژمن دەژمێرێ. بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کە خۆمان لەم بیرە بۆگەنانە رزگار بکەین و نامانەوێ چیتر شێوازی ژیانمان و بیرمان بەپێی دەستووری کۆن بەرێوە ببەین لەناو تورکیا براوە و دۆراو نییە، لەناو تورکیا دوژمن نییە (İçimizde Düşman Yok!)

نە هاووڵاتیە کوردەکان دوژمنی ئێمەن نە تورکەکان، نە عەلەویەکان، نە ئیسلامیەکان، نە سۆشیالیستەکان و نە لیبرالیەکان.

دروست بوونی بیرۆکەی هەڵمەتەکە:

ئەم هەڵمەتە لە ١١-١٢-٢٠١٠ بە کۆنفرانسێك دەستی پێکرد کە تیایدا بە تێروتەسەلی باس لە کێشەی کورد و سیاسەتی بە تورك کردنی تورکیا و کێشەی عەلەویەکان و چارەسەری ئەم کێشانە کرا.

ئامانجەکانی ئەم هەڵمەتە لە ساڵی ٢٠١١ بریتیە لە کردنەوەی خولی فێربوونی زمانی کوردی، سازدانی کۆنگرەی دۆستایەتی، تاوتوێکردنی کێشەی لەناوبردنی بەکۆمەڵ، پرۆژەی دۆستایەتی لەگەڵ ئەرمەنستان و ڕێکخستینی گەشتێك بۆ پاتریکخانەی یەهودیەکان.

ئامانجێکی تری ئەم هەڵمەتە بریتیە لە کارتێکردنی چینی بڕیاردەر لەڕێگەی سیمینار و کۆنفرانس و نووسراو و خۆپیشاندانەکانمان، دەمانەوێ داواکاریەکانمان بخەینە ناو ئەجێندای سیاسەتی تورکیا و بگاتە ڕاددەیەك کەوا تاوتوێ بکرێ. لەم بارەیەوەش پێموایە هەڵمەتەکەمان سەرکەوتوو دەبێت و دەتوانین ناوەندێکی دۆستایەتی لە تورکیا دروست بکەین کە بتوانین تیایدا قسە دەربارەی قەدەغەکراوەکان بکەین و جیاوازی تاکەکان بە شتێکی ئاسایی وەربگرین و سیاسەتمەدارە بڕیاردەرەکانیش پێموایە لەم ڕووەوە یارمەتیدەرمان دەبن.

داتاشینی وشەی دوژمنەکان

دواتر بەڕێز (Bekir Berat Özipek) لەدوای لێدوانەکەی لەژێر ناوی (بۆچی دوژمن لەناو ئێمەدا نییە؟) بەمشێوەیە بۆمان هاتە ئاخاوتن :

بەدەست هێنانی دەسەڵات بە گشتی دوو شێوەیە بە ڕەزامەندی کە ئەمەش پێی دەوترێ دیموکراتی و بە زۆرداری و چەوساندنەوەی خەڵك ئەمەش بریتیە لە دیکتاتۆریەت. تورکیاش لە ڕابردوودا بە سەردەمێکی وا تێپەریوە بەداخەوە و ئەم وشەی دوژمنەیان داهێناوە کە هیچ بنەمایەکی نییە بەڵکو تەنیا بۆ مانەوەی کۆمەڵە کەسانێك لە دەسەڵاتی حوکمدا ئەم وشەیە داتاشراوە و بەکارهێنراوە لە دژی بەشێکی تایبەت لە کۆمەڵگەدا کە بریتین لەکوردەکان، ئەرمەنییەکان.

ئەم دوژمنداریە بەلای ئەم جۆرە ڕژێمانەی کە دەیانەوێت لەدەسەڵات بمێننەوە شتێکی پێویستە و وەك سەرچاوەی وزە وایە بۆ مانەوەی خۆیان بەسەر عەرشەوە. لێرەشدا دوژمن دەکەن بە




**لە دوتوێی بەرنامەکانی کۆنفرانسی هەڵمەتی (دوژمن لەناو ئێمەدا نییە ) بایەخێکی تایبەت بە کێشەی کورد درا و جەختیش لەسەر بەکارهێنانی وشەی کوردستان کرایەوە**

دوو جــۆرەوە، دوژمنی ناوخۆ و دوژمنی دەرەکی. دوژمنــە ناوخۆییەکان بریتین لە کەمینەکانی ناو کۆمــەڵ وەك کوردەکان و ئەم دوژمنداریيەشـــيان وەك سەرپۆشێك بەکارهێناوە بۆ داپۆشینی کارە نابەجێکانی خۆیان.

لەگەڵ گۆڕانی سەرانی دەوڵەت و هاتنی AK پارتی و دامەزراندنی سیاســەتێکی نوێی دەرەوە و گۆڕینی دەستوور و هەروەها کرانەوەی کورد و کرانەوەی دیموکراســی ئەم کێشەیەیان ڕووەو چارەسەر بردووەو لەم بارەیەوە هەنــگاوی زۆر باش هەڵگیراوە، بەڵام هێشتا پێویستە هەر بەمەوە نەوەستێ و هەنگاوی تــری بەدواوە بێ و من لەوە دڵنیام کەوا هەنــگاوی تری بەدواوە دێ چونکــە ئامانجی ئەم حکومەتەش بریتیە لە نەهێشــتنی دوژمنداری و کێشــە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.

بەنیســبەت ئــەم هەڵمەتــەش پێموایــە هەڵمەتێکــی زۆر بەجێیە و پێویســتە ئەم بیرو بۆچوونەی ناو کۆمەڵگە بگۆڕدرێت و خەڵکی بەرامبەر بە ڕاستیەکان چاویان بکرێتەوە و بزانن کەوا هیچ هۆکارێك نییە بۆ دوژمنــداری، بۆیە دەستخۆشــی لە ڕێکخەرانــی ئەم هەڵمەتە و بزاڤی (H۳) دەکەم و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

قەدەغەکردنی ئایینزایی :

هەروەهــا بەرێــز خاتــوو (Hidayet Şefkatlı) بەدرێژی باسی لە (کێشەی ســەرپۆش ـــ حیجــاب - و چۆنییەتی ســەرهەڵدانی جیاوازی و نەتەوەپەرستی ) کــردو بەپێــی بۆچوونی ئەو ســەرەتای دەرکەوتنــی جیــاوازی چینایەتــی و نەتەوایەتی و ئایینی...تاد دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیا، ئەم جیاوازییانە بووەتە هۆی دابڕانی خەڵکی لە کەلەپوور و داب ونەریتی باب وباپیرانیان و سیستەم و کەلتوورێکی نوێیان بەسەردا ســەپێنراوە و دوور خراونەتــەوە لە ئایین. بە پێــی بۆچوونی خاتوو (Hidayet) دوورکەوتنەوە لە ئاییــن و قەدەغەکردنی لە ســەرەتاکانی دامەزراندنــی کۆماردا هۆکارێکی ســەرەکییە لە دروســتبوونی جیــاوازی لە نێوان تاکەکانــی میللەتدا، وەك چارەسەریەکیش بۆ ئەم کێشەیە خاتوو (Hidayet) ئــەوەی روون کردەوە کەوا پێویســتە بەدوای ڕابردوومان بگەڕێین و دەســت بگرینەوە بە ئایین و بگەڕێینەوە سەر کەلتوور و دابونەریتی بابوباپیرانمان.

سەرەتاکانی تەتریککردن لە تورکیا:

لەدرێژەی کۆنفرانسەکەدا بەرێز (Ayhan Aktar) لە لێدوانەکەی خۆیدا کە لەژێر ناونیشــانی ( پێکهاتەی سیاسی تورکیا)

**دروستکردنی تیۆری دوژمنداریی کردنی کەسانێتر بەلای ئەو ڕژێمانەی کە دەیانەوێت بە بەردەوامی لەدەسەڵات بمێننەوە شتێکی پێویستە و وەک سەرچاوەی وزە وایە بۆ مانەوەیان بەسەر عەرشی حوکمەوە**



دابـــووی جەختی لەوە دەکردەوە، شـــتێك نییـــە بە ناوی دوژمن لـــە تورکیا بەڵکو ئەم وشەی دوژمنە شـــتێکی دروستکراوە لەلایەن سیاسیەکانەوە لە پێناوی مانەوەیان بەسەر کورســـیەکانیانەوە ئەمەش هەر لە ســـەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە دەستی پێکردووە. کەمالیســـتەکان کاتێ ویستیان کۆماری تورکیـــا دابمەزرێنن رووبەرووی زۆر کێشە بوونەوە لەوانەش ئەو فرەجۆرییە زۆرەی کە بەرماوەی دەوڵەتی عوســـمانی بوو، بۆ چارەســـەرکردنی ئـــەم گرفتەش هەڵســـان بە ناوزەدکردنـــی کەمینەکان بە تورك و هەوڵدان بۆ تەتریك کردنیان،ئەوەی پێشیان نەکرا بە تورك ناوزەندی بکەن ئەوا بە دوژمنی میللەتـــی تورکیایان لەقەڵەم دا!

دواتر هەڵســـان بە گۆڕینی سیســـتەمی خوێنـــدن و دامەزراندنی سیســـتەمێکی گونجـــاو لەگەڵ ئەو بارەدا. هەڵســـان بە دەرکردنی یاســـای جۆراوجۆر و گۆڕینی مانای بەهـــاکان بەمجۆرە ئەم جیاوازی و ئەو وشـــە بێمانایەی دوژمنارییان داهێنا تەنیـــا بۆ مانەوە و ســـوودمەندی خۆیان، بەڵام تورکیا بە گۆڕینی سیاســـەتەکەی لەم دواییانەدا لەوەدەچێ بتوانێ هەنگاوی باش بـــۆ چارەســـەرکردنی ئەم کێشـــانە هەڵگرێ.

جەختکردنەوە لەسەر کێشەی کورد:

لەکۆتاییشدا دوبارە جەخت لەسەر کێشەی کورد کرایەوە و باس لەوە کرا کەوا تا ئێستا کورد بە خراپە و کوشـــتن و میلیشـــیاتی چەکـــدار ناســـراو بووە بـــەڵام لەمەبەدوا پێویســـتە بەیەکەوە و بەگشت چینەکانی کۆمەڵ و بەبێ جیاوازی بۆ نەهێشـــتنی ئەم کێشـــەیە هـــەوڵ بدەیـــن ئەمەش لە ڕێگای دیالۆگ و ئاشـــناکردنی خەڵکی بە برا کوردەکان و کردنەوەی خولی زمانی کوردی بۆ نەوەکانیان.

دواتر ئەوەشـــیان پێ ڕاگەیاندین کەوا ئەم بزووتنەوەیـــە حەز بە ســـەردانی هەرێمی کوردستانی فیدراڵ دەکات و لە بەرنامەی دایـــە لـــە هەنگاوەکانی داهاتـــووی ئەو هەڵمەتە و ئەم سەردانە ئەنجام بدات. دواجار بەهۆی بەشـــدار بوون و پاڵپشـــتیکردنی هەڵمەتەکەیان، دەستخۆشییان لە گۆڤاری گوڵان کرد.




**کەمالیستەکان هەڵسان بە ناوزەدکردنی کەمینەکان بە تورک و هەوڵدان بۆ تەتریک کردنی کورد و ئەرمەن، ئەوەی پێشیان نەدەکرایە تورک، ئەوا بە دوژمنی میللەتی تورکیایان لەقەڵەم دەدا!**

**دوورکەوتنەوە لە ئایین و قەدەغەکردنی هەر لە سەرەتاکانی دامەزراندنی کۆمارەوە هۆکارێکی سەرەکیی بوو لە دروستبوونی جیاوازی لە نێوان تاکەکانی میللەتدا..**

# رەهەندی نەتەوەیی بۆ ناوچەکانی بە پۆڵایین بوونی سنووریی لە نێوان عێراق و ئێراندا



پرۆفیسۆر د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد

سنوور بەوە پێناسە دەکرێت کە کۆمەڵە هێڵێکە وڵاتان لەیەکتر جیا دەکاتەوە بۆ ئەوەی سەروەری هەریەکەیان لەسەر خاکی خۆی دەست نیشان بکات، هەروەها بواری کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی هەریەک لە وڵاتان دیاری دەکات، بەمشێوەیە یارمەتیدەر دەبێت بۆ رێکخستنی کاروبارەکانیان تاکو خزمەتگوزاری بگەیەنن بەو شوێنانەی کە دەکەوێتە سنووری دەسەڵاتیانەوە، سنوور جیاوازە لە تخووب، کە پێشتر کاری پێدەکرا بۆ دیاریکردنی شوێنەکان، تخووب بەربەستی سروشتییە، وەك دەریا و دەریاچە و رووبار و شاخ و دارستان و بیابان کە لەنێوان وڵاتاندا هەن و ئەو شوێنە سروشتیانە دەستنیشاندەکرێن تاکو زەوی و زاری هەرلایەنێك جیا بکرێتەوە لە لایەنەکەی تر، بەڵام زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان لە جیهاندا و پەرەسەندنی هۆیەکانی گواستنەوەو بەرفراوان بوونی توانای مرۆڤ لەسەر بەکارهێنانی ژینگە کۆمەڵە هۆکارێك بوون بۆ کەمکردنەوەی رووبەرەکانی ئەو تخووبانە تا رادەی ئەوەی ئامانجەکانی خۆیان لە دەست بدەن، ئەمەش وای لە زۆربەی وڵاتانی دنیا کرد رێککەوتننامە و پەیماننامە دابڕێژنەوە لە میانەی ئەو رێکەوتنانەوە سنوورەکانی نێوانیان دیاری بکەنەوە، هەندێك جاریش ناوچەی بێلایەن دەردەکەوت کە بە پەراوێز دەخرا لە نێوان وڵاتە دراوسێکاندا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لایەنەکانی دانوستاندن نەدەگەیشتنە رێککەوتنێك لەسەر ئەو ناوچە بێلایەنانە، هەروەك ئەو ناوچانەی لە نێوان سنوورەکانی عێراق و سعودیە و عێراق و کوێت و کوێت و سعودیەدا هەن.

لە دوای پەرەسەندنی رووداوەکان بەتایبەتی لە رووی تەکنەلۆژیاوە و سنووری نێوان وڵاتانی دراوسێ تەنیا لەسەر خاك دیارینەدەکرا، بەڵکو چەند کەرت و پارچەیەکی شاقوڵی هەرلە رووبەری زەوی بەرەو فەزای سەرەوە یان بە قووڵایی زەویدا رۆچوون، ئەمانەش دەکرانە خاڵێك بۆ دیاریکردنی سنوور.

سنوور بە مانا یاساییەکەی واتە ناوچەکانی پێوەندی و دراوسێتی لەنێوان سەروەری وڵاتاندا هەروەها بۆ رێکخستنی کاروباری رژێمە شەرعییەکان، بەتێگەیشتنی سەربازیش بەرەی پێشەوەیە بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە خاك و ئاوی وڵات، هەروەها هۆکارێکە بۆ جیاکردنەوەو دابڕینی گۆڕانکارییە سیاسی و ئیداری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتێك لە وڵاتێکی تر.

### جۆرەکانی سنوور

نەخشەکێشانی سنوور لە نێوان وڵاتاندا لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بەڵکو رەنگدانەوەی پەرەسەندنی مێژوویی وڵاتێکە لە میانەی ئەو رووداو و بەسەرهاتانەی کە لەو وڵاتەدا کاریان لە پەرەسەندن کردووە، هەروەها بەرهەمی گۆڕانکارییە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانە کە بەپێی رێککەوتننامە و پەیماننامەی دووسەرە یان سێ سەرە لەنێوان جەمسەرەکانی پێوەندیان بەو جێگەو شوێنە هەیە مۆردەکرێن. سنووری نێودەوڵەتی دیاردەیەکی سروشتییە وەك زنجیرە شاخەکان ئەمەش لە نێوان عێراق و ئێران یان لە نێوان ئەرژەنتین و شیلی یان ئیسپانیا و فەرەنسادا هەن، لەوانەشە رووبار ببێتە سنوور وەك لە نێوان وڵاتانی ئەوروپادا بوونیان هەیە بۆ نموونە رووباری راین، رووباری دانوب سنوورێکی جیاکەرەوەن لە نێوان ئەو وڵاتانەدا لە هەندێك جێگەشدا دەریا و بیابان و دەریاچە یان دارستان سنوورێکی گونجاوی پێکهێناوە.

سنووری نێودەوڵەتی لەسەربنەمای دیاردەی ژیاریش پێکدێت وەك زمان و نەتەوە و ئایین و کەلچەر، هەروەك سنووری سیاسی نێوان هیند وپاکستان، یان تورکیا و یۆنان، هاوپەیمانان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەتایبەتی لە کۆنگرەی ڤێرسای پشتیان بەست بە چەند بنەمایەك بۆ دەستنیشانکردنی بەرژەوەندی وڵاتانی سەرکەوتوو بە دابەشکردنی وڵاتانی ژێردەست لەنێوان خۆیاندا، باشترین سنوور کە دەبێتە هۆی ئارامی نێوان دەوڵەتان و پاراستنی سەروەرییان ئەو سنوورە نییە کە پێداویستییە ئاسایش و سەربازییەکان دابین دەکات و دەیخاتە سەر ئەو بارەی کە بتوانێ بەرگری لە سنوورەکە بکات، بەڵکو باشترین سنوور ئەو سنوورەیە کە دەبێتە هۆی هاریکاری لەنێوان دوو جەمسەردا، زنجیرەچیای نێوان هیند و چین یان زنجیرە چیای نێوان ئێران و عێراق رێگر نەبوون لەبەردەم رووبەڕووبوونەوەی بەردەوام و جەنگی هەمیشەیی نێوانیان، بەپێچەوانەی سنووری کراوەی نێوان ئەمەریکا و کەنەدا، کە بەبەردەوامی ئارامی تێدا هەیە، زۆرجاریش دەستنیشانکردنی سنوور کۆمەڵێك گرفت لە سەری دروست دەبێت بەهۆی هەرای راگەیاندن یان هەڕەشە بۆ جەنگ کە ئەم واقیعەیان سروشت دروستی ناکات، بەڵکو مرۆڤ دروستکاریەتی بەهۆی دیاردەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە، کە دواتر پەرەدەسێنێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەربازی، هەندێ جاریش ئەو گرفتانە نامێنن بەڵام بە بچووکترین کێشە سەرهەڵدەدەنەوە، لەمەیاندا سنوور هۆکاری راستەقینە نییە بۆ دروستبوونی ئەو گرفتانە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ فشارخستنە سەر بەرامبەر لە پێناوی ئامانجی تردا.

لەلایەنێکی ترەوە پەرەسەندنی تەکنەلۆژی بەتایبەتی لە بوارەکانی سەربازیدا دیاردەیەکن دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ کەمکردنەوەی گرفتی نێوان دەوڵەتان بەتایبەت کاتێ توانای بەرگری نێوان ئەو وڵاتانە بەهێز دەبن، بەپێی هاوپەیمانی و رێککەوتننامەی نێوانیان لەسەر ئاستی سەربازی و سیاسی و ئابووری بەربەست دەبن لەبەردەم دروستبوونی کێشەدا، لەو حاڵاتانەش بە نموونە کۆمکاری هاریکاری کەنداو، کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، بازاڕی ئەورووپای هاوبەش، پەیمانی ناتۆ..تاد.

لە عێراقدا زۆر هەوڵ درا بەرلەدروستبوونی رژێمی کۆماری، دوای ئەوەش هەوڵی تر درا لەوانە پەیمانی سەنتۆ (١٩٥٥) لە بەغدا، یان پەیمانی یەکێتی هاشمی لەنێوان ئەردەن و عێراق (١٩٥٨) یان هەوڵەکانی یەکبوونی نێوان چەند وڵاتێکی عەرەبی، بەڵام هیچیان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، عێراقیش سنوورەکەی بە نائارامی مایەوە لەنێوان سنووری کۆمەڵێ وڵاتی دەوروبەردا بەتایبەت سنووری خۆرهەڵاتی عێراق لەگەڵ ئێراندا.

### پەرەسەندنی مێژوویی بۆ گرفتی سنووریی خۆرهەڵاتی عیراق

سنووری خۆرهەڵاتی عێراق کە جیای دەکاتەوە لە کۆماری ئێران، ١٢٠٠ کیلۆمەترە، هەر لە سێ گۆشەی سنووری نێوانیان بە پاڵ تورکیاوە تا دەگاتە دەروازەی «شەتولعەرەب» لە کەنداو، ئەم سنوورە درێژترین سنوورێکە کە عێراق لە دراوسێکانی جیا دەکاتەوە، گرژترین سنووریشە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کە وشکانی تێدا ٩٥٪ە و لە ٥٪یشی لەئاو پێکدێت. عێراق ئەم سنوورە خۆرهەڵاتییەی لە دەوڵەتی عوسمانییەوە بە میرات

بۆ ماوەتەوە، بەتایبەت لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق ساڵی ١٩٢١، لە دوای چەندین ڕێککەوتننامە و پەیماننامەی مۆرکراوی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی پێشوو، عێراق و ئێران لە سەرەتای پەیماننامەی ئاماسیا ساڵی ١٥٥٥ زایین، تا کۆتایی ڕێککەوتننامەی ئاشتی ١٩٨٨/٨/٨ کە جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئەو دوو وڵاتەی کۆتایی پێهێنا، هەروەها دەتوانین بڵێین ڕێکەوتننامەی زەهاو ساڵی ١٦٣٩ گرنگترین پەیماننامە بوو بۆ دەستنیشانکردنی سنووری خۆرهەڵاتی عێراق، دواتر ڕێککەوتننامەی ئەرزەڕۆم ساڵی ١٨٤٧ز، کە بەهۆیەوە دەوڵەتی عوسمانی دانی نا بە سەروەریەتی ئێران بە شاری خوڕەمشەهر و بەندەرەکانی، هەروەها دورگەی ئابادان و کەنارەکانی، مافی دا بە ئێران کە لە ناو شەتولعەرەبدا پاپۆڕ و بەلەمەکانی بێن و بچن، لە بەرامبەردا ئێران لەسەر داواکردنی شاری سلێمانی تەنازولی کرد، پرۆتۆکۆلەکانی ئاستانە «قوستەنتینیە» لە نێوان ساڵانی ١٩١٣-١٩١٤ دوایەمین ڕێکەوتنی نێوان عوسمانییەکان و ئێرانییەکان بوو لەسەر دەستنیشانکردنی سنووری خۆرهەڵاتی عێراق دواتر چاوپۆشی لەسەر زۆر بەندی کرا بەتایبەت بەندی تایبەت بە شەتولعەرەب و ناوچەی بە بەردبوونی هێڵی سنووری نێوان قەزای هەڵەبجە و قەزای بەدرە، کە دەکەونە هەردوو پارێزگای سلێمانی و کوتەوە. ئێران بڕیاری لەسەر عێراقی بوونی جەسان و بەدرە و مەندەلی دا، هەروەها دۆڵ و دەشتاییەکانی نێوان مەندەلی و دارتەنك بەهەمان شێوە، ئەو زەوییانەی نێوان هەردوو شارۆچکەی نێوان خانەقین و مەندەلی بە زەویو زاری گۆڕدراو ناولێنران.

لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی ئەو سنوورەی داندرابوو بەپێی ڕێککەوتن و پەیماننامەی پێشتر، چارەی نێوان ئەم دوو وڵاتەی لە شەڕو ئاشوب دوور نەختەوە و بەردەوام گرژی هەبوو لەنێوانیاندا، ساڵی ١٩٣٧ ڕێککەوتنێکی نوێ لە نێوان عێراق و ئێران مۆرکرا، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە عێراق لەبەشێکی شەتولعەرەب دەستبەردار بوو بۆ ئێران، هێڵی تالوك کە شەش کیلۆمەترە، بووبە بناغەیەك بۆ دابەشکردنی ئاو لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا، بەڵام ئێران ئەم ڕێککەوتنەی ڕەتکردەوە بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی ڕژێمی کۆماری لەعێراقدا، ساڵی ١٩٥٨.

گرژییەکان لەنێوان ئەودوو دەوڵەتە هەروەك خۆی مانەوە، تا ساڵی ١٩٧٥،و ڕێککەوتننامەی جەزایرلەسەر حیسابی نسکۆ هێنان بە شۆڕشی کورد حەدێکیان بۆ ئەم ململانێیە دانا و سەرلەنوێ سنوورەکەیان دەستنیشانکردەوە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران ساڵی ١٩٧٩ ململانێی نێوان ئەم دوو وڵاتە لەسەر سنووری خۆرهەڵاتی عێراق پەرەی سەندەوە، ڕێککەوتننامەی جەزائیر پێشێل کرا، سنوورەکە دیسان بوو بە بەرەی جەنگ لە ساڵی ١٩٨٠و بەدرێژایی ٨ ساڵ بێ دابڕان گەورەترین جەنگی تەقلیدی لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە ڕوویدا، کە پێوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەردوو وڵاتی شێواند.

## ناوچەی بەبەردبوونی هێڵی سنووری

هێڵی سنووری نێوان عێراق و ئێران گرنگییەکی ستراتیژی هەیە، بەتایبەت لە شارۆچکەی هەڵەبجەوە بەرەو شارۆچکەی بەدرە، لەو ماوەیەدا پایتەختی عێراق تەنیا ١٥٠ کیلۆمەتر لە سنوورەکەوە دوورە، گرنگییە ستراتیژییەکەشی لەو خاڵانەدایە.

١- هەژموونی سەربازی ئێران بەهۆی کۆنترۆڵی شاخ و بەرزاییەکانی ناوچەکە کە دەڕوانێتە سەر دۆڵ و دەشتایی دەوروبەری بەغدا..

٢- ڕێگەی ستراتیژی خوراسان کە هەردوو پایتەختی دوو وڵاتەکە پێکەوە دەبەستێتەوەو بەدرێژایی مێژوو دەروازەیەکی سەربازی و بازرگانی و کۆمەڵایەتی بووە، هەر لەم ناوچەیەوە تێدەپەڕێت.

٣- دابەشکردنی ناوچەی بە نەوت دەوڵەمەندی هەردوو وڵات دەکەوێتە ئەو ماوەیە، بەتایبەت بیرەکانی نەفت شار لە ئێران، بیرەکانی نەفتخانە لە عێراق..

٤- دەسەڵاتی ئێران لەسەر سەرچاوەی ڕووبارەکانی کە دەڕژێنە نێوان عێراقەوە، بەکارهێنانیان وەك کارتێکی فشار بۆ هەر کات و مەبەستێ بیەوێ دژ بە عێراق.

٥- دابەشبوونی هۆزەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچەیە لەنێوان ئەو سنوورەدا.

لە ڕۆشنایی ئەم خاڵانەوە، ناوچەی هێڵی سنووری بەبەردەوامی دەسەڵاتی عێراق دەترسێنێ، بەتایبەت لە دوای ساڵی ١٩٥٨ و هەروەها لە دوای دروستبوونی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، گەرچی عێراق هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە چەند بەربەستێکی سەربازی و ئاسایشی بۆ ئەم ناوچەیە داناوە، لەنێویاندا سیاسەتی بەعەرەبکردن کە لە ساڵانی چلەکانی سەدەی پێشوو تا ڕووخانی ڕژێمی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ ئەو سیاسەتە درێژەی هەبووە، کە مەبەست لێی نەهێشتنی بوونی کوردە لەو ناوچانە، هەروەها نیشتەجێ بوونی هۆزە عەرەبییەکانی سەربەدەسەڵاتە. ئاماژە دیارەکانی ئەم سیاسەتەش بەم شێوەیە بووە.

١- چەسپاندنی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ساڵی ١٩٢٥ کە مافی ڕەگەزنامەی لە توێژێکی فراوانی خەڵکی ئەو ناوچە سنوورییانە وەرگرتەوە بە هەنجەتی تەبعیەی ئێرانی. ئەم هەنجەتە وای لە دەسەڵاتی عێراق کرد بە هەزاران خێزانی ئەو ناوچانە بەرەو ئێران ڕاگوێز بکەن. دوایەمینیان ڕاگوێزانی ١٢٠ هەزار کوردی فەیلی بوو لە ساڵی ١٩٨٠.

٢- پشتگوێ خستنی نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی ئابووری ناوچەکە بەتایبەت لە بواری ئاودێری ئەمەش وای لە جوتیاران و باخەوانەکانی ئەم ناوچانە کرد کۆچ بکەن بۆ شوێنی تر.

٣- هاندانی هۆزە عەرەبییەکان بەهۆی دابەشکردنی زەوی لەسەریان و دامەزراندنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆیان، هەروەها دروستکردنی پرۆژەی ئاودێری و سەربازی بۆ پاراستنیان.

لە ئاکامی ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەی دەسەڵاتەکانی عێراق قەبارەی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە لە کەمیدا، بەتایبەت کوردەکان، ئێستا لە ئەنجامی سەرژمێری دانیشتووان لە عێراقدا، ساڵانە ٢٪ دانیشتووانی شاری خانەقین کەمدەبێتەوە، ٥٪ دانیشتووانی شارۆچکەی جەلەولاش هەروا. کەچی لە شارۆچکەی مەندەلی و بەدرە ئەم ڕێژەیە لەبەرزبوونەوەدایە، لە موقابیلدا هەردوو شارۆچکەی قزلربات، بەلەدرۆز ژمارەی دانیشتوانیان زۆر زیادی کردووە، بەهۆی بەردەوامی دەسەڵاتی حکومەت لە هاندانی هۆزە عەرەبەکان و هێنانیان بۆ ناوچە کوردنشینەکان.

لەلایەکی ترەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، ڕێژەی دانیشتووانی کورد لە کەمبوونەوەی بەردەوامدایە، بۆ نموونە لە پارێزگای دیالە ساڵی ١٩٤٧ ڕێژەی کورد لە ١٨٪ بووە کەچی ساڵی ١٩٧٧ دابەزیوە بۆ ١١٪، هەر لە ساڵی ١٩٤٧ ڕێژەی کورد لە شارۆچکەی خانەقین لە ٨٠٪ بووە، دوای ئەوە دابەزیوە بۆ ٢٧٪ لە هەردوو شارۆچکەی مەندەلی و بەدرەش ڕێژەی کورد دابەزیوە بۆ ١٪ بەپێی سەرژمێری دانیشتووانی ساڵی ١٩٧٧.

## ئەنجام

بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە دەردەکەون.

١- زۆربەی ئەو گرژیانەی لە نێوان وڵاتانی دەوروبەردا دروستبوون بەهۆی هۆکاری دەستنیشانکردنی سنوورەوەیە، لەبری ئەوەی سنوور ئامرازێك بێ بۆ هاریکاری نێوان ئەو وڵاتانە، کەچی بنکەیەك بوون بۆ گرژی و ململانێ.

٢- وێڕای دەیان ڕێککەوتننامە و پەیماننامەی نێوان عێراق و ئێران کەچی گرفتی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە لەسەرسنوور ڕۆژ بەرۆژ لە هەڵکشاندایە.

٣- ناوچەی هێڵی سنووری نێوان ئەم دوو وڵاتە لەم شوێنانەدا ئاڵۆزتر بۆتەوە کە بەناوچە ستراتیژییەکان دەژمێردرێن و بەغدا لە سنوور نزیك دەخەنەوە..

٤- بایەخی ستراتیژی ناوچەی هێڵی سنووری وای لە حکومەتەکانی عێراق کرد کە ئەو ناوچەیە بکاتە سەربازگەیەك لەسەر حیسابی دانیشتووانەکەی و ڕاگوێزانی کوردی ناوچەکە و هێنانی هۆزی عەرەب لە بری ئەمان.

٥- سیاسەتی بەعەرەبکردن بووە هۆی کەمبوونەوەی بەردەوامی دانیشتووانی کورد بۆ بەرژەوەندی عەرەبی هاوردە کە ئێستا بوونەتە هۆکارێك بۆ تەقینەوە لە داهاتوودا....



# چەمچەماڵ
# لەنێوان سلێمانی و گەرمیان و کەرکوکدا

چەمچەماڵ لەساڵی ١٩٢٢ بۆتە قەزاو، لەدوای ڕاپەڕین و پرۆسەی ئازادی عێراقەوە سنووری قەزای چەمچەماڵ بەرفراوان بووەو ناحیەکانی (شوان و قەرەهەنجیرو قادرکەرەم و تەکیەی جەباری و تەکیەی کاکەمەدو شۆڕش و ئاغجەلەر و سەنگاو)ی لەخۆگرتووە، دوای ئەوەی پێشتر تا ساڵی ١٩٩١ تەنیا ناحیەکانی (ئاغجەلەرو سەنگاو)ی لەسەربوو.

ڕووبەری چەمچەماڵ یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار دۆنمە و ژمارەی دانیشتووانی شارۆچکەکە نزیکەی (١٦٥) هەزار کەسە و دەکەوێتە نێوان سلێمانی و کەرکوك، شارۆچکەی چەمچەماڵ لەشاری کەرکوکەوە تەنیا (٤٦)کیلۆمەتر دوور دەبێت، لەساڵ ١٩٩١ تا ساڵی ٢٠٠٣ چەمچەماڵ لەگەڵ ڕژێمی بەعس هێڵی تەماس بوو، لەبنکەکانی سوپای ڕژێمەوە کەمترلە (٥٠٠ ) مەتر دووربوو، لەبەر ئەوەش ڕژێمی بەعس چەندین جار سنوور و سەنتەری قەزای چەمچەماڵی تۆپباران کرد، بەمەش دڵەڕاوکێ و نائارامی بەردەوام لە ناوچەکە هەبوو،ئێستا چەمچەماڵ بەرفراوانییەکی زۆری بەخۆوە دیوە، دەبێت ئەوەش بزانین لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ یەکەمینجار کاری کشتوکاڵی لەم سنوورەداکراوە بەتایبەتی گەنم کەلە گوندی (چەرموو) چاندراوە..

چەمچەماڵ رووبەری زەوییەکی فراوان و بەپیت و بەرەکەتی هەیە، هەر بۆیە خەڵکێکی زۆر بەتایبەتی گوندنشینەکان بەکشتوکاڵ و باخ و بێستان و مەڕوماڵاتەوە خەریکن .

بۆ پتر ئاگاداربوون لەگرفت و کێشەی هاووڵاتیان و ئەو پرۆژانەی کەلەم دەڤەرەدا ئەنجام دەدرێت سەردانی سنوورو سەنتەری قەزای چەمچەماڵمان کرد، هەرلەو کاتەی گەیشتینە سەر ڕێگای سەرەکی نێوان (کەرکوك – چەمچەماڵ) چەند نزیك دەبووینەوە لە چەمچەماڵ ڕێگاکە پترناخۆش دەبوو، تاسەو قۆرتەکان زیادی دەکرد، لەگەڵ گەیشتنمان بە شار لەنزیك نەخۆشخانەی چەرموو چەند پرسیارێکمان لەهاووڵاتیانی شارەکە کرد، سەبارەت بە کارەخزمەتگوزارییەکانی سەنتەری قەزاکە، بەگشتی هاووڵاتیان گلەیی و گازندەیان زۆربوو بەتایبەتی لەسەر خراپی شەقام و کۆڵانەکانیان و مانەوەی زبڵ وخاشاك لەبەردەمی دەرگاکانیان و دانەمەزراندنی کوڕو کچەکانیان، هەروەها نەبوونی نەخۆشخانەیەك و چەندین گلەیی و ڕەخنەی تریان خستەڕوو

دواتر سەردانی بەڕێز( عەلی ڕەئووف )قایمقامی قەزای چەمچەماڵمان کرد و گلەیی و گازندەی هاووڵاتیان و چەندین پرسیاری ترمان ئاراستەی کرد ..

لەم راپۆرتەدا پوختەی وەڵامەکانی بەڕێزی بڵاودەکەینەوە ..





عەلی ڕەووف.. قایمقامی قەزای چەمچەماڵ (بۆگوڵان):

# دەبێت چەمچەماڵ بگەڕێتەوە سەر کەرکوک و لەسەر ئیدارەی گەرمیان نەمێنێت

**(٧) هەزار خێزانی کەرکوکی لەقەزای چەمچەماڵ نیشتەجێن**

لەسەرەتادا لەبارەی چۆنیەتی گەشەکردنی چەمچەماڵ و ژمارەی ئەو خێزانە کەرکوکیانەی کە لە قەزای چەمچەماڵ و سنوورەکەی دەژین و کاریگەرییان لەسەر بوودجەو پڕۆژەکانی ئەو سنوورە چییە قایمقامی چەمچەماڵ وتی : شاری چەمچەماڵ و سنوورەکەی لەئەنجامی خراپی هەڵسوکەوتی ڕژێمی بەعس و ئەنفالە بەدناوەکە، لە هەموو پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری بێبەش کرابوو، بەڵام دوای ١٩٩١ و دەستبەکاربوونی حکومەتی کوردستان هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە لە هەموو کوردستان دەستی پێکرد و چەمچەماڵیش لەو کارو پڕۆژانە بێبەش نەبوو، بەڵام بەپێی پێویست و فراوانبوونی ناوچەکە نەبوو، چونکە گەشەکردن و بەرفراوان بوونی بەشێوەیەکی سروشتی نەبووە، لەئەنجامی ڕاگواستنەوە و ئەنفالەوە خەڵکێکی زۆر ڕوویانکردۆتە سنوورەکە هەر بۆ نموونە ناحیەی شۆڕش لەدوای ساڵی ١٩٨٨ کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ بوو لەپاشان بوو بە ناحیە ئێستاکە ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی (٥٠ )هەزار کەسە .

هەروەها پترلە (٧)هەزار خێزانی سنووری شاری کەرکوك و ناو شاری کەرکوك لە سنووری قەزای چەمچەماڵ دەژین و لە قۆناغی یەکەمی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) دا فۆرمی خۆراکیان بۆ کەرکوك گواستۆتەوە، ئەمە نەك تەنیا کاریگەری لەسەربوودجەکەمان هەیە، بەڵکو لە دابینکردنی ئاوی خواردنەوەو سووتەمەنی و کارەبا و داودەرمان و کارو پڕۆژەکانی تریش کاریگەری لەسەر قەزای چەمچەماڵ دروستکردووە، لەبەر ئەوەی دانان و دابەشکردنی بوودجە بەپێی ژمارەی دانیشتووان دیاری دەکرێت، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە قەزای چەمچەماڵ لە دوای ١٩٧٦/١١/٦ بەبڕیارێکی حزبی بەعس لەکەرکوك کراوەتەوەو لکێنراوە بە پارێزگای سلێمانی، ئەمەش بەمەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی نەتەوەی کورد بووە لە شاری کەرکوك. بۆیە بەپێی جوگرافیاو مێژوو لە چوارچێوەی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور دەبێت بە فەرمی قەزای چەمچەماڵ بگەڕێنێتەوە سەر کەرکوك .

ئێمە قەزای چەمچەماڵ بەگەرەکێکی شاری کەرکوك دەزانین و حەتمیە دەبێت هەر بگەڕێتەوە سەر کەرکوك .

**پێمان باشە لەسەر ئیدارەی گەرمیان نەمێنین**

لەبارەی خستنەسەری چەمچەماڵ

بۆسەر ئیدارەی گەرمیان دەستکەوتێك بوو یان کێشەی لێکەوتەوە، وەکو دەزانین کەمپینێکیش دروستبووە بۆ جیابوونەوەی چەمچەماڵ لە گەرمیان قایمقامی چەمچەماڵ وتی : پێش پرۆسەی ئازادی عێراق بارودۆخێکی سیاسی هەبوو، بۆیە پارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان دانرابوو، ئێمەش وەکو قەزای چەمچەماڵ لەرووی کارگێڕیەوە سەربەوێ بووین بۆهەموو ئیشوکارێك دەچووینە دەربەندیخان، ڕۆژانە بەبەردەوامی بۆ ڕاپەڕاندنی کارو مامەڵەکان دەبووایە هاتوچۆی دەربەندیخان بکەین، ئەوەش زۆر قورس و زەحمەت بوو.

هەروەها ئێستاکەش سنوورەکە بەرفراوان بووە، مامەڵەی هاووڵاتیان زیادیکردووە بەپێی فراوانی سنوورەکەش کێشەو گرفت و کارو پرۆژەکان لەزیادبوون دایە، بۆ هەموو کارو مامەڵەیەکیش دەبێ سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەین، دووبارە ئەوەش ماندووبوونێکی زۆرو ئەرکێکی قورسە، لەبەر ئەوەی ڕێگاکە دوورو ناخۆشە هەموو جارێك دەبێ بچینە سلێمانی لەوێش بۆ دەربەندیخان ئینجا بۆ کەلار، ئەوەش زیاتر لە دوو کاتژمێرو نیوی دەوێت . بۆیە کەمپینێك دروست بووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، من بەرای شەخسی خۆم وای بەباش دەزانم شیوازێکی یاسایی بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی شارۆچکەی چەمچەماڵ حاڵەتێکی ئیداری تایبەتی سەربەخۆی بۆ دروست بکرێت یان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بخرێتە سەر بەڕێوەبەریەتییە گشتیەکانی سەر بەوەزارەتەکان تا ئەوکاتەی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ دەکرێت و قەزای چەمچەماڵ بە شێوەیەکی فەرمی بۆ سەر پاریزگای کەرکوك دەگەڕێتەوە ..

بەگشتی پێمان باشە بەهەر ڕێگایەك بێت لەسەر ئیدارەی گەرمیان نەمێنین، چونکە گرفت و کێشەی دووری و ناخۆشی ڕێگاکەمان هەیە . لەلایەکی تر دابڕان و دووری لەئیدارەکان وایکردووە تاڕادەیەك شێواندن لەکاروباری ئیداریمان هەبێت، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و پەروەردەی چەمچەماڵ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی و پەروەردەی سلێمانییە، بەڵام بنکەی هاتوچۆ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیانە بۆ سووتەمەنی پێوەندیمان لەگەڵ کەرکوك هەیە واتە ئیشوکارەکانی قەزای چەمچەماڵ لەنێوان چەند ئیدارەو شارێك دابەش بووە، ئەوەش بارودۆخێکی زەحمەت و پەرشوبڵاوی پێوەدیارە، کاریگەری خراپی لەسەر قەزاکە دروست کردووە .

## لەو بودجەیەی بۆ گەرمیان تەرخانکرا چەندین پڕۆژەی پێ ئەنجامدراوە

سەبارەت بەو بودجەیەی کە لەلایەن ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە کابینەی پێنجەم بۆ گەرمیانی تەرخانی کرد چ پشکێك بۆ سنووری قەزای چەمچەماڵ هەبوو قایمقامی چەمچەماڵ وتی : بێگومان لەو بودجانەی بۆ گەرمیان تەرخانکراوە پشکمان هەبووە و چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجام دراوە بەتایبەتی بۆکەسوکاری ئەنفالکراوەکان خانووی نیشتەجێبوون دروست کراوە، ناڵێین کارو پڕۆژەکان (١٠٠٪)ە، بەڵام کاری باش کراوە، گەرچی بەپێی پێداویستی و داواکاری خەڵکەکە و سنوورەکە نییە، بۆیە لەساڵانی داهاتوو چاوەڕوانی کارو پلان و پڕۆژەی زیاترو ستراتیژین کە لەئاستی داواکاریەکان و سنوورەکە دابێت .

## وێستگەی کارەبای(٧٥٠)میگاواتەکە

پڕۆژەی گەورەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە سنووری چەمچەماڵ دامەزراوە، سەرەڕای ئەوە سەنتەری قەزاو سنوورەکەی گرفتی کارەبایان هەیە کە ڕۆژانە تەنیا چەند کاتژمێرێك کارەبایان پێدەدەن لەمبارەوە قایمقامی قەزای چەمچەماڵ وتی : ئەو وێستگەیە پڕۆژەیەکی گەورەیە (٧٥٠) میگاوات کارەبا بەرهەم دێنێت، بڕی وزەی بەرهەم هاتوو و دەچێتە ناو تۆڕی دابەشکردنی کارەبای گشتی هەرێمی کوردستان، ئینجا کارەبایەکە بەپێی سستەم و خشتەیەك دابەش دەکرێت . لەم بڕە کارەبایەش ڕۆژانە چەند کاتژمێرێك دەدرێت بەچەمچەماڵ، بەڵام پێویست بوو بڕە کارەبایەکەمان زیاتربووایە بۆ ئەو مەبەستەش گفتوگۆمان لەگەڵ وەزیری کارەبا کردووە، لەبەر ئەوەی لەچەند لایەکەوە زەرەروزیانی بۆ ناوچەکە هەبووە لەلایەك ئەو ویستگەیە لەسەر زەوی کشتوکاڵی چەند جووتیارێك دروستکراوە تائێستاش قەرەبووکردنەوەکەیان پێ نەدراوە، هاوکات زەرەروزیانی بە ڕێگاوبانی دەوروبەری وێستگەکەو ناوچەکە گەیاندووە، بەڵام ماوەیەکە خشتەی دابەشکردنەکەی کارەبا بەگشتی کەم بۆتەوە .

## پڕۆژەی دووی ئاوی(دوکان – چەمچەماڵ) عەیار ٢٤ نییە، تەنیا بۆ (٣-٤)ساڵ باشە

لەچەمچەماڵ باس لەوە دەکرێت کەسێکی سەرمایەدار هەڵساوە بە دروستکردنی بەنداوێك بۆ ئەمبارکردنی ئاوو چەندین گوند سوودیان لێوەرگرتووە، تۆپۆگرافیای ناوچەی چەمچەماڵ شوێنێکی لەبارە بۆ دروستکردنی بەنداوو ئەمبارکردنی ئاو بەمەشە ناوچەکە لە بێئاوی رزگاری دەبێت، سەبارەت بە بواری بەنداو ئاوگلدانەوەو پڕۆژەو گرفتی ئاوی خواردنەوە بەڕێز قایمقامی چەمچەماڵ وتی: هەر لە کۆنەوە ئاو لەم ناوچەیە کەمبووە، هەر بۆیە ناوچەکە وشك دیارەو لەم ساڵانەی دوایش نەبوونی باران و وشکە ساڵی کاریگەری زۆرتری لەسەر دروستکرد، بۆ چارەسەرکردنی کەم ئاوی دەست کراوە بەدروستکردنی بەنداو یان زیاترکردنی بەنداو، هەر بۆیە سنووری چەمچەماڵ لەبواری بەنداوپڕۆژەکانی ئاودێریەوە فەرامۆش نەکراوە، بەنداوی گەورەمان هەیە وەکو بەنداوی (حەسەن کەنۆش) کە بەبڕی دوملیۆن دۆلار لە ژێر جێبەجێکردن دایە و لەپلان دایە چەند بەنداوێکی مامناوەندی بچوك دروست بکەین، هاوکات لەسنوورەکەدا چەندین خەڵك لە گوندەکانی تیدا نیشتەجێن خۆیان بەنداویان دروست کردووە .

هەروەها قەزای چەمچەماڵ گرفت و کێشەی ئاوی خواردنەوەشی هەبووە، بەڵام پڕۆژەی دووی ئاوی(دوکان – چەمچەماڵ) ئەنجامدرا ئێستاکە لە قۆناغی سوود گەیاندنە بەشارەکە، ئەوەش تاڕادەیەك گرفتی کەمئاوی چارەسەر کردووە (عەیار ٢٤ نییە)، بەڵکو بۆ ئەو قۆناغەو تا(٣-٤) ساڵی دیکە باشە، پاش ئەو ماوەیە وەکو جاران تووشی گرفتی کەمئاوی دەبینەوە، بۆیە پێویستە پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی (گۆپتەپە – چەمچەماڵ) جێبەجێ بکرێت، چونکە بەم پڕۆژەیە بۆماوەی (٥٠) ساڵ گرفت و کێشەی کەمئاوی چەمچەماڵ نامینێت، لێرەدا داواکارین لە وەزارەتی شارەوانی ئەم پڕۆژە ستراتیژیە بخاتە بەرنامەو پلانی ساڵی ٢٠١١ .

**ئیدارەی چەمچەماڵ لەساڵانی داهاتوو چاوەڕوانی کارو پلان و پڕۆژەی زیاترن کە لەئاستی داواکارییەکانی سنوورەکە دابێت**

**شوێنەوارەکانی چەمچەماڵ کە بەشێکی گرنگی شوێنەوارناسی ناوچەکەیە بە تەواوی فەرامۆشکراون؟**

**لە سنووری قەزای چەمچەماڵ پلانێک هەیە بۆ دروستکردنی کارگەیەکی گەورەی ئاسن**

## تاچەند مانگێک لەمەوبەر گەڕەکی ئاسوودە پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ نەکرابوو

سەبارەت بە گەڕەکی ئاسوودە کە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دروست کراوە، تائێستا کەموکوڕی خزمەتگوزاریان هەیە، قایمقامی چەمچەماڵ وتی : گەڕەکی ئاسوودە پتر لەدوو هەزار ماڵ دەبێت بۆکەسوکاری سەربەرزی ئەنفالکراوەکانە، لە قۆناغی یەکەم و دووەم (١٥٠٠) زەوی بەسەریان دابەشکراوە لەپاشان خانووەکانیان بۆ دروست کراوە و لەم ڕۆژانە لەلایەن سەرۆکی حکومەت بڕیاردرا کە (٦٥٤) خانووی تر دروست بکرێت، بێگومان تاچەند مانگێك لەمەوبەر ئەو گەڕەکە پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ نەکرابوو، بەڵام ماوەیەکە پڕۆژەی شەقام و کۆڵانەکان وەکو تێکەڵەڕێژی و شۆستە و ئاوو ئاوەڕۆ دەستی پێکردوە، پڕۆژەی تۆڕی دابەشکردنی کارەبا تەواو بووە . هەروەها دوو بینایەی قوتابخانەی (١٨) پۆلی لەژێر جێبەجێکردن دایە، دەتوانین بڵێین لەماوەی شەش مانگی تردا زۆربەی پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی گەڕەکی ئاسوودە تەواو دەبێت .

**چەمچەماڵ پێویستی بە کارو پرۆژەی زیاتر هەیە**

## گوندەکانی سنووری قەزای چەمچەماڵ پێویستیان بەبینایەی قوتابخانە ڕێگاوبان هەیە

لەتەوەرەیەکی تردا قایمقامی قەزای چەمچەماڵ ئاماژەی بە کەموکورتی و کێشە خزمەتگوزاری ناحیەکاندا بەگشتی وتی : ئەگەر باسی گرفت و کەموکورتی خزمەتگوزاری ناوچەکە بە گشتی بکەین کێشە و پێداویستی زۆرمان هەیە ئەگەر لە بواری پەروەردە بڵێین بینایەی قوتابخانە بۆ گوندەکان و ناحیەکان بە گشتی پێویستە دروست بکرێت، چونکە گوند هەیە قوتابخانەی نییە یان (یەك، دوو) پۆلە یان لە قوڕ و گڵ دروست کراوە یان لە خانووی کرێی دەوام دەکەن، بەڵام لە ناو قەزای چەمچەماڵ ئێستا کە گرفتی بینایەمان نییە، گەرچی بۆی هەیە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و گەشەکردن سەنتەری قەزاش پێویستی بە دروستکردنی بینایەی قوتابخانە بکات و ڕێگاوبانیش لە نێوان قەزا و گوندەکان و ناحیەکان گرفتێکی دیارە و پێویستی بە ئاوڕدانەوەی جددی هەیە و هەر چەندە لەساڵی (٢٠١٠) قیرتاوکردن و چەوریژکردن بۆ ناحیەکان ئەنجام دراوە، زۆربەی ڕێگاکانی نێوان ناحیەکان و گوندەکانی سنووری چەمچەماڵ شیاونین بۆهاتووچۆکردن دەست نادەن لەبەر ئەوەی زۆر ناخۆشن و لەکاتی هاتووچۆکردندا کێشەی زۆر بۆهاووڵاتیان دروست دەبێت لەبەر ئەوە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٠ دەست کراوە بە چاککردن و قیرتاوکردنی ڕێگا سەرەکییەکانی ناحیەکان و قەزای چەمچەمال و تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بە ئومێدین هەر هەموو ئەو ڕێگاوبانە سەرەکیانە تەواوببن، ئینجا هەنگاو بە هەنگاو و بەرەو ڕێگای گوندەکان دەڕۆین..

بەڵام گرفتی ڕێگاوبان لەمە زۆر گەورەترە پێویستی بە بودجە و کاروپرۆژەی زیاتر هەیە بۆیە لێرەدا داواکارین لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و شارەوانی و گەشتوگوزار و ڕێگاوبان و نیشتەجێبوون و ئاوەدانکردنەوە و بەرنامە و پلان و پرۆژەی زیاتر و ستراتیژیان بۆ ناوچەکە هەبێت، لەبەر ئەوەی سنووری قەزای چەمچەماڵ شارێکی دێرینی مێژووییە کە لە ژیانی مرۆڤایەتی دا بۆ یەکەم جار کشتوکاڵی تێدا کراوە .

**سیستەمی دامەزراندنمان بەپێی پێویستی و میلاکاتە نەک بەپێی حزبایەتی (قایمقامی چەمچەماڵ)**

## هیچ کارو پرۆژەیەک بۆ گوندی چەرموو و قەڵای سپی حەسەن نەکراوە

لەبارەی ئەوەی گوندی چەرموو و قەڵای سپی حەسەن لە قەزای چەمچەماڵ دوو شوێنی شوێنەواری زۆر کۆن و دێرینە، دەبێ لە بواری شوێنەوارەوە چییان بۆ کرابێت قایمقامی قەزای چەمچەماڵ وتی : وەزارەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار هیچ کاروپرۆژەیەکیان بۆ ئەم دوو شوێنەوارە دێرین و مێژووییە ئەنجام نەداوە، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان لە ئیدارەی گەرمیانمان کراوەتەوە تا ئەمڕۆکە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە قەزای چەمچەماڵ بەشی نەکردۆتەوە، لە کاتێکدا نەك تەنیا ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، بەڵکو وەزارەت ودەزگا پێوەندارەکانی تایبەت بە شوێنەواریش پرۆژەیان بۆ گوندی چەرموو و قەڵای سپی نەکردووە، لەکاتێکدا دەبوو گەورەترین پرۆژە لەبواری شوێنەواردا بۆئەو ناوچانەجێبەجێ بکرایە، ئیتر نازانین کار نەکردن بۆ ئەم شوێنانە هۆکارەکەی چییە، لایەنی پەیوەندار دەتوانێ هۆکارەکان دیاری بکات ؟ بەڵام لە بەردە قارەمان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزارەوە پرۆژەیەکی گەشتیاری بۆ ئەنجام دەدەن و لەلایەن کەرتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ هەڵمەتی نەمام و درەخت چاندن بۆ (بانی مەقان)دەکەن، بەڵام لە ڕووی گەشتیاری هیچی بۆ نەکراوە.

## نەبوونی سایلو یەکێکە لەو گرفتانەی لەسنوورەکەمان ڕووبەڕووی جووتیاران دەبێتەوە

هەروەها سەبارەت بە بواری کشتوکاڵ و هاوکاری و پشتگیری جووتیارانی ناوچەکە قایمقامی قەزای چەمچەماڵ وتی : کار لە بواری کشتوکاڵیدا کراوە، بەڵام زۆر زیاتری دەوێت بۆ ئەوەی بە تەواوی کەرتی کشتوکاڵ بەرەو پێشەوە بچێت، نەبوونی سایڵو یەکێکە لەو گرفتانەی لەسنوورەکەمان ڕووبەڕووی جوتیاران دەبێتەوە، چونکە لە توانای کەس نییە دەغڵودان بەتایبەتی گەنم و جۆ بباتە کەلار، لەبەردووری ڕێگا خەرجیەکی زۆری دەوێت.

## چەمچەماڵ پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی (٥٠) قەرەویڵەییە

سەبارەت بە بواری تەندروستی و گرفتەکانی، بەتایبەتی نەبوونی نەخۆشخانەیەکی بەرفراوانی چەند قەرەوێڵەیی قایمقامی قەزای چەمچەماڵ وتی : دوو نەخۆشخانە لە سەنتەری قەزای چەمچاڵ هەیە کە هەردووکیان فراوان و نۆژەنکراونەتەوە، بەڵام لەبەر زۆری دانیشتووان و بەرفراوانبوونی قەزاکە، چەمچەماڵ پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی (٥٠) قەرەویڵەیی هەیە و بڕیاربوو لە ساڵی(٢٠١٠) بکەوێتە قۆناخی جێبەجێ کردنەوە، گەرچی دواخرا بۆ ساڵی ٢٠١١ بە دروستکردنی ئەم نەخۆشخانەیە تا ئاستێکی باش کێشە و گرفتی تەندروستی لە سنوورەکە بەتایبەتی لە سەنتەری قەزا چارەسەر دەبێت.

لەبارەی ماستەر پلانی چەمچەماڵ ئاماژەی بەوەدا ماستەر پلانی سەنتەری قەزای چەمچەماڵ لە ٢٠١٠/١٢/١٣ گفتوگۆی تیروتەسەل لە بارەی هونەریی و دیزاین و وردەکاریەکانی بۆ کراوە و کەوتۆتە ژێر ئەنجامدان لە ماوەیەکی نزیکدا تەواو دەبێت ئەوکاتە دەتوانین کاروبەرنامە جوان و باشتر بۆ شارەکە دابڕێژین و ئەنجامی بدەین، بەمەش زۆر گرفت و کێشە چارەسەر دەبێت .

## یەکێک لە کێشە و گرفتەکانی شاری چەمچەماڵ نەبوونی گەراجی یەکگرتووی ئۆتۆمبێل بوو

لەدرێژی قسەکانی دا وتی : بێگومان یەکێك لە کێشە و گرفتەکانی شارۆچکەی چەمچەماڵ کەرووبەڕووی هاوڵاتیان دەبوەوە نەبوونی گەراجی یەکگرتووی ئۆتۆمبێل بوو بۆ نێوان چەمچەماڵ و شارو شارۆچکەکان، خۆشبەختانە ئەم پرۆژەیە ماوەیەکە لە ژێر جێبەجێ کردندایە و لە(٢٠٪)ی ئەنجام دراوە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەشێوازێکی ڕێکوپێك تەواو دەبێت.

## گرفتی کرێکاری کارگوزار و مووچەی کارگوزارەکانمان هەیە

هەروەها سەبارەت بەپاککردنەوە و هەڵگرتنەوەی زبڵ وخاشاك و ئەوگرفتانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە قایمقامی قەزای چەمچەماڵ وتی : ئێمە نەك کێشە و گرفتی هەڵگرتنەوەی زبلۆخاشاکمان هەیە، بەڵکو گرفتی کرێکاری کارگوزار و مووچەی کارگوزارەکانمان هەیە، ئەوەتا ژینگە پارێزێك بە گرێبەست کە ڕۆژانە پتر لە حەوت کاتژمێر کاردەکات مانگانەکەی تەنیا (٢٥٠) هەزار دینارە، ئەمەش پارەیەکی زۆر کەمە بەبەراورد بەوکارەی کەپێشکەشی دەکات و بەشی ژیان و گوزەرانی ناکات و کەم کەس هەیە ئەو کارە بکات، هەرچەندە کارێکی پیرۆزە، بەڵام کارێکی زۆر قورسە، سەرەڕای ئەم گرفتانە بەپێی ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی هەمانە ڕۆژانە زبڵۆخاشاك لە ناو گەڕەك و شارەکە هەڵدەگرینەوە و پاکوخاوێنی شارەکە بە گشتی دەپارێزین، بەڵام دەبێت باشتر و زۆرتر کار لەسەر ئەو بوارە بکەین بە هەر ڕێگایەك بێت لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە بێت یان کاراتر و باشترکردنی مووچەی کارگوزار و زیادکردنی ئامێر و ئۆتۆمبێلی پاککردنەوە بێت، گرنگ ئەوەیە ئەوەی کە لەسەرمانە شارەکە بە باشترین و جوانترین و پاککترین شێوە لە زبلۆخاشاك و پیسی بپارێزین..

لەلایەکی دیکە بۆ پاراستنی و جوانکردنی شارەکە و ژینگەکەی بەردەوامین لە هەڵمەتی دار و درەخت و نەمان چاندن، ئەگەر سەیری ئێستا بکەن و بەراورد لەگەڵ سێ ساڵی پێشووتر بکەین جیاوازییەکی بەرچاو بەدی دەکرێت کە دەبینین لە شۆستە و ناوەڕاستی شەقام و کۆڵانەکانی شارەکە ژمارەی دار و درەخت زیادی کردووە و ئێستا کە پتر لە (٢٢) باخچەی بچووك و مامناوەندی و گەورەمان لە ناو شار و گەڕەکەکانی چەمچەماڵ دروستکردووە و لە پلان و بەرنامە دایە بەردەوامبین لە دروستکردنی باخچە و پارك و ناوچەی سەوزایی و لەم ڕووەشەوە پێویستی شارەکەو داواکاری خەڵکەکە زۆر زیاترە و خۆشمان تا ئێستا نەگەیشتووینە ئەو ئامانجەی کەهەمانە.

## دەسەڵاتی ئیداریی پێویستی بە بەبودجە و دەسەڵاتی دارایی هەیە

هەروەها سەبارەت بەوەی کە لە هەموو یەکە ئیداریەکانی ناحیە و قەزایەکان کێشەیەك هەیە، ئەویش نەبوونی بوودجە یان یەکەیەکی ژمێریایە بۆ ڕاپەڕاندنی کارێك یاخود پرۆژەیەکی بچووکی لە ناکاو یان بۆ داواکاری گەڕەکێك یان گوندێك،قایمقامی قەزای چەمچەماڵ ئاماژەی بەوەدا : ئەو دەسەڵاتەی کە بە بڕیارێك لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دابەزیوە بۆ یەکە ئیدارییەکان دەسەڵاتی ئیداریە و ئەمەش کارێکی باشە و وایکردووە کار ئاسانی و ڕۆتین کەم ببێتەوە و لەگەڵ ئەم دابەزینی دەسەڵاتی ئیداریە پێویستە لە ساڵی ٢٠١١ بۆ باشتر کارکردن و ڕاپەڕاندن و ئەنجامدانی هەندێ پرۆژە بڕێك بودجە و دەسەڵاتی دارایی بدرێت بە یەکە ئیدارییەکان، واتە ڕۆڵی یەکە ئیداریەکان فراوانبکرێت لە هەموو ڕووەکانەوە بەتایبەتی لەرووی دەسەڵات وئابوورییەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری کە دارایی و بوودجەی لەگەڵ دابێ ئەگەر ئەمسالیش ئەکتیف نەبێت ساڵ لە دوای ساڵ لە داهاتوودا کارەکان باشتر و دەسەڵاتەکە ئەکتیفتر دەبێت، بەمەش گەشەکردنی شاروشارۆچکە و گوندەکان و کوردستان بەگشتی زۆر بە خێرایی بەرەو پێشەوە دەچێت، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکەمە بۆ ئەم دەسەڵاتە دەبێ میزانیەی پێویست تەرخان بکرێت و لەگەڵ دەسەڵاتە ئیداریەکە دابەزێت.

## سیستەمی دامەزراندن بە شمولیەت و حزبایەتی نەماوە، بەڵکو بەپێی پێداویستی و میلاکاتە

لە وەڵامی ئەوپرسیارەدا ئایا دامەزراندن لە ڕێگای ئێوە و میلاکاتی پێویستە یان بەپێی لیستی داواکراوە و ئەمساڵ چەند کەس لەلای ئێوە دامەزراوە قایمقامی قەزای چەمچەماڵ وتی :

سیستەمی دامەزراندن بە شمولیەت و حزبایەتی نەماوە، بەڵکو بەپێی پێداویستی و میلاکاتە و لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا لە بوارە جیاجیاکاندا هەر لە پێویستی پەروەردە تا دەگاتە تەندروستی پتر لە (٤٠٠) کەس دامەزراوەن، داواکاری لەسەرکەرتی گشتی زۆرە بەڵام ناتوانرێ ساڵانە ئەو هەموو دەرچووانەی زانکۆ و پەیمانگاکان لە کەرتی گشتی دابمەزرێت، بۆیە پێویستە پلان و بەرنامەیەك لەلایەن حکومەتەوە دانرێت کە دەرچووان لە کەرتی تایبەت و کۆمپانیا بەهەمان ماف و ئیمتیازاتی کە لە کەرتی گشتی هەیە دابمەزرێن.

## لە چەمچەماڵ کارگەیەکی ئاسن بەبڕی یەک ملیار و سەد ملیۆن دۆلار دادەمەزرێت

هەست دەکەین کە وەبەرهێنان پتر لە شارە گەورەکان دەکرێت لە وەی لە شارێکی وەکو چەمچەماڵ، لە سنووری چەمچەماڵ وەبەرهێنەر و سەرمایەداران پرۆژەیەکی نوێیان نییە جگە لە پرۆژەی ویستگەی ٧٥٠ مێگاواتی بەرهەمهێنانی کارەبا، لەمبارەوە قایمقامی قەزای چەمچەماڵ وتی : بێگومان سەرمایەدارو و بەرهەمهێنەران لە شوێنێك دەگەڕێن کە قازانج و دەستکەوتی زۆر و مسۆگەری هەبێت، هەر بۆیە لە شارە گەورەکان پتر کار دەکەن، بەڵام لە سنووری چەمچەماڵیش جگە لەو وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبایە کە دامەزراوە، ئێستا کە لە سنووری قەزای چەمچەماڵ پلانێك هەیە کە کارگەیەکی گەورەی ئاسن وەکو ئەوەی شاری هەولێر هەیە لێی دابمەزرێنن، ئەمەش کۆمپانیای (ماس) گرتویەتە ئەستۆی خۆی کە بڕی یەك ملیار و سەد ملیۆن دۆلاری تێ دەچێت و کۆمپانیای بەرێز هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروست دەکات و کۆمپانیا داناغاز هەر لە سنووری قەزای چەمچەماڵە لە ناحیەی قادر کەرەمە، جگە لەسوودی گشتی بۆ وڵاتەکەمان ئەم کارگە و پرۆژانە هۆکارێکی سەرەکی دۆزینەوەی هەلی کارە بۆ ناوچەکەمان، لە کۆتاییدا داواکارین لە گشت وەزارەتەکان ئاوڕی زیاتر و باشترمان لێی بدەنەوە، چونکە ناوچەکە پێویستی بە کار و پرۆژەی زۆر هەیە.

**پێویستە لە ساڵی ٢٠١١ بۆ باشتر کارکردن و ڕاپەڕاندن و ئەنجامدانی هەندێ پرۆژە بڕێک بودجە و دەسەڵاتی دارایی بدرێت بە یەکە ئیدارییەکان**

**مووچەی ژینگە پارێزێک بە ٢٥٠ هەزار دینار زۆر کەمەو هەموو کەس ئامادە نییە بەو مووچە کەمە ئەو کارە بکات**

**بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان لە ئیدارەی گەرمیان کراوەتەوە تا ئەمڕۆکە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە قەزای چەمچەماڵ بوونی نییە**

## (بەیەکترگەیاندن ولەیەکترگەیاندنی گەنجانی دەوروبەر)

# پرۆژەیەکی پێشنیازکراوە بۆ بەردەم پەرلەمان و حکومەت



بەهات حەسیب قەرەداخی

ئەو عەرەب و فارس و تورکانەی شتێکی راست ودروست لەبارەی کوردەوە دەزانن، بەژمارە زۆر کەمن و بەرێژەیش یەکجار کەمترن. لەناو ئەوانەشدا رێژەیەکی زۆر کەمتریش سۆز و مەیلێکیان بۆ کورد لەدڵدا هەیە. هەڵبەتە من لەم وتارەدا خەریکی لێکدانەوەی ئەو دیاردە ئاڵۆزە مێژووییە نابم، وەلێ پێم وایە لەنێو ئەو فاکتەرانەدا کە رۆڵیان بووە و هەیە لەبەرهەمهێنانی ئەم رەوشەدا، یەکێکیان زۆر بنەڕەتییەو کاریگەریی توندی هەبووە و هەیە لە خولقاندنی وەها پرسێکی نەخوازراودا کە نەوە بەدوای نەوەشدا درێژەی هەیەو لەکۆتا نایە، ئەویش فاکتەری لەیەکترنەگەیشتن و بەیەکترنەگەیشتنە!

بەر لە خستنەڕووی پرۆژەو پێشنیازەکەم، بەپێویستی دەزانم بەکورتی مەبەست لەهەردوو چەمکی ( لەیەکترنەگەیشتن و بەیەکترنەگەیشتن) روونبکەمەوە: ( لەیەکترنەگەیشتن ) یەکێکە لە مەترسیدارترین دەرئەنجامەکانی هەر پرۆسێسێکی کۆمیونیکەیشنی شکستخواردوو ( چ لەنێوان دوو تاك یان زیاتردابێ، یاخود لەنێوان تاك وگرووپ یان گرووپ وگرووپدابێ ). کاتێ کە ئامانج و واتا شاراوەو ئاشکراکانی هەر پەیامێکی ئاڕاستەکراو لە جەمسەرێکەوە بۆ ئەویتر، بەهەر هۆیەکی فیزیکی، ئایدیۆلۆژی، مێژوویی، دەروونی یان زارەکی بێ، دەشێوێ و بەو جۆرە ناگات کە خوازراوە و پێشتر پلانی بۆ دارێژراوە. ئەو کات فیدباکێك واتا (کاردانەوەیەکی ) چاوەڕواننەکراو و نەخوازراو لە دووتوێی پەیامێکی گەڕاوەدا لەجەمسەری وەرگرەوە ئاراستەی جەمسەری دەسپێشخەر دەکرێتەوە و بەگەیشتنی ئەم پەیامی کاردانەوەیەش، دەسبەجێ جۆرێك لە شۆك و سەرسامیی لەملا سەرهەڵئەدا، ئەوەش زۆرجار دەبێتە مایەی هەڵچوونێکی خێرای عاتفیی ئەوتۆ کە بارگە وتەزوویەکی توند یان تەوس ئامێز دەکا بەبەری هەوەڵین پەیامی وەڵامدەرەوەدا لەهەمبەر ئەو فیدباکە چاوەڕواننەکراوەی جەمسەری دووەمدا.. کەوابێ هەموو شکستخواردنێکی پرۆسێسی پەیام ناردن، کاردانەوەیەکی چاوەڕواننەکراو و ئەمیشیان شۆکێك دروستدەکاو هەموو شۆکێکی نوێش دەبێتە هەوێنی کاردانەوەیەکی گرژ و توندڕەوانە! بەوجۆرە لەهەردوو جەمسەری پێوەندی گرتنەکەوە پەیتا پەیتا، پەیامی گڕاوی و تەوساوی ئاڕاستەی یەکتردەکرێ تا سەرەنجام لەبریی پێوەندی گرتن، لێکدابڕان و لەبریی لەیەکترگەیشتن، بەدحاڵیبوون و لەیەکترنەگەیشتن دێنەئاراوە. هەڵبەتە ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان هەیە لە شکستپێهێنانی هەر پرۆسێسێکی (کۆمیونیکەیشن) (پەیوەندیگرتن ) و دواتریش لەخولقاندنی ئەتمۆسفیرێکی گرژ و نا مرۆییدا، زۆر و هەمەلایەنە و ئاڵۆزن...خودی و بابەتین.. دیار ونادیارن. ناسراو و نەناسراون. گەورەو گچکەن. بەهادار و پڕوپووچن.. کۆن ونوێن. بەڵام لەهەموو حاڵێکدا دەرەنجامێکی مەترسیداریان لێدەکەوێتەوە کە ( لەیەکترنەگەیشتنە ).

کە مرۆڤەکان لەیەکتر حاڵی نەبوون و لەیەکتر نەگەیشتن ئەوسا هەل و دەرفەتی بەیەککگەیشتنیش لەدەس دەردێ و کێشەی نێوانیان تادێت ئاڵۆزتردەبێ. بەدیوێکی تردا، بۆ ئەوەی لەیەکترگەیشتن لەنێوانی دوو جەمسەردا بێتەئاراوە. زۆر پێویستە ئەو دوو جەمسەرە بەیەکتری بگەن. بەیەککگەیشتن بەتەنیا پرۆسەیەکی فیزیکی نییە وبەس، بەڵکو هەنگاوێکی زۆر پێویستە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوە کە ئایا هەریەك لەو دوو جەمسەرە دەخوازن

درێژە بە پێوەندی گرتنەکانیان بدەن یان نا، ئایا مەبەستیانە هەردووکیان بە رایەڵەی پێوەندییەکی دروست و ئاشکرا و (دیو روون ـ شەففاف ) دا پەیامەکانیان بگۆڕنەوە یان نا ؟ (بەیەکگەیشتن) سرووتی خۆی هەیە و ئەتمۆسفیرێکی گیانی و عاتیفیی تایبەت بەو سات وکاتە دێنێتە ئاراوە کە زۆرجاران گاریگەریی یەکلاکەرەوەی دەبێ لەسەر رەوتی ژیان ورووداوو پێوەندییەکانی ئایندە، بەهێزترین وکاریگەرترین ئاست وپلەکانی بەیەکگەیشتن، رووبەڕووبوونەوەی جەمسەرەکانی کۆمیونیکەیشنە، ئەوسا جەستەکان لەیەکتر نزیکدەبنەوە، چاوەکان یەکتر دەخوێننەوە، دڵان بەپاڵ یەکدیەوە لێدەدەن، هەناسەکان تێکەڵ بەیەکدی دەبن، گوتەو دەنگ وگۆرانی و چرپە، راستەوخۆ بەبێ فلتەر دەگەن بەگوێیان، نان و ئاو پێکەوە دەخورێتەوە، پێکەوە هەڵدەچن و دادەچن، قاقا دەتریقێنەوە، هەرپێکەوە توورەو پەژارەو نیگەران دەبن، سەمادەکەن، وەرزش وگەمان دەکەن، بگرە پێکەوەش عیبادەت دەکەن.. گەشتدەکەن، دەبینن،دەبیسن،دەخوێنن، تەنانەت رەنگە لەخەونەکانیشیاندا هاوبەشیی یەکتربکەن. لەڕێی چرکەی کامێراکانیانەوە هەموو ئەوساتەوەختانەش نەمردەکەن!

لەدوای ئەوەی کە پرۆسێسی (بەیەکگەیشتن) لەئاستی فیزیکیدا کۆتایی دێت وتەواو دەبێ، ئینجا دەچێتە ئاستێکی دەروونی و روحییەوە و جێدەست وکاریگەریی مەزنی خۆی لەڕێی شەتڵ بوونیەوە لەقووڵایی یادگە و یادەوەرییەکانی مرۆڤەکاندا دەنوێنێ! هۆکارەکانی بەیەکنەگەیشتن زۆر و فرە وئاڵۆزن، هەندێکیان فیزیکن و هەندێ ئابووری و هەندێ سایکۆلۆژی و کەلتووری و نەریتین. بۆیە هەرکات ئامانجمان بەیەکگەیشتن و بەیەکگەیاندن بێ، پێویستە هەموو ئەو کۆسپانەی دێنە رێ لابرێن، تا لەڕێی (بەیەکگەیشتنەوە) زەمینەسازی بکەین بۆ (لەیەکترگەیشتن).

ناوی پڕۆژە: ( پرۆگرامی میواندارییکردنی گەنجانی دەوروبەر )

ناوەڕۆکی پڕۆژەکە: میوانداریکردنی گەنجانی وڵاتان ومیللەتانی دەوروبەرە بۆ هەرێمی کوردستان. میوانداریەکە پرۆگرامێکی چڕوپڕ و تێروتەسەلی بۆ دادەڕێژرێ لە هەموو روویەکەوە: (هەڵبژاردنی کاندیدەکان و رێکخستنی کاروباری ڤیزە و گەشت و گواستنەوەیان بۆ پارێزگەکانی هەرێم. رێکخستنی تەدارەکی نیشتەجێبوون وحەوانەوەو خواردن و هاتووچۆو پۆکێت مۆنی و ئەمنیەت و تەندروستیی میوانەکان. سازکردنی وانەی تەڕوبڕی زانستی لەبارەی مێژوو و باری سیاسی و ئیداری و کەلتووری کوردستانیانەوە لەلایەن ژمارەیەك مامۆستاو نووسەری بەتوانا و زمانزانەوە کە پێشتر بۆ ئەم مەبەستە سازو ئامادەکرابن، سازکردنی ئاهەنگی شەوانەی مۆسیقاو گۆرانی وسەمای میلليی کوردستانیان، سەردانی دەزگاکانی میدیا و گالێرییە هونەرییەکان و سەردانی پەرلەمان و مۆزەخانەو زانکۆو و شوێنەوارە مێژووییەکان. سەردانی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی و شاری هەڵەبجە و ئۆردوگای کەسوکاری ئەنفالکراوان و مەزاری نەمران وشەهیدان. رێکخستنی گەشتی ئازاد بۆ ناو بازاڕە میللیەکانی شارەکان و هاوینەهەوار و شوێنە گەشتیارییەکان... هەڵبەتە هەموو ئەوانە بە هاوڕێیەتیی ژمارەیەك گەنجی کوردستانی کە بەتوانابن لە قسەو تێگەیشتنی زمانی میوانەکاندا و پێشتریش بۆ ئەم مەبەستانە راهێنرابن.)

ئامانج لەپڕۆژەکە: بەیەکگەیاندنی گەنجانی دەوروبەر و گەنجانی کوردستانی لەپێناو لەیەکترگەیشتن و راکێشانی رایەڵەی پێوەندییەکی کەلتووری و مرۆیی هاوشان و هاوسەنگ و دروست.

راییکردنی پڕۆژەکە: ستافێکی تەواوی بەڕێوەبەرێتییەکی گشتیی تایبەت بەم پرۆگرامە کە راستەوخۆ گرێدراوی ئەنجومەنی وەزیران بێ.

سنووری پڕۆژەکە: ئەم پرۆگرامە گەنجانی وڵاتانی دەوروبەر دەگرێتەوە ( ئێران، تورکیا، شام و ئوردن ولوبنان و فەلەستین ومیسر و گشت وڵاتانی نیمچە دورگەی عەرەبی.. ) لەهەر وڵاتێکەوە ساڵانە ١٥ تا ٢٠ گەنجی نێر ومێ کە تەمەنیان لەنێوان ١٨ تا ٣٠ ساڵ بێ و هەر وەرزێکی پرۆگرامەکەش ٦٠ تا ٨٠ میوان لەخۆبگرێ.

ماوەی پرۆگرامەکە: ساڵانە دوو وەرز بۆ گەنجانی تورکیاو ئێران. سێ وەرز بۆ گەنجانی عەرەب رێکبخرێ. ماوەی هەر وەرزێکیش ٢ تا ٣ هەفتە بێ.

بودجەی پڕۆژەکە: لەدووسەرچاوەی سەرەکییەوە دابین بکرێ، یەکەم: بودجەی تواناسازیی گەنجان. دووەم: پیتاك وسپۆنسەری کۆمپانیا و بازرگان و سەرمایەدارانی نیشتمانپەروەری کوردستانی.

مەرجەکانی بەشداریی لەم پرۆگرامەدا: هەرگەنجێکی نێر یان مێ کە تەمەنی لەنێوان ١٨ بۆ ٣٠ ساڵ بێ و لانی کەم شەشی ئامادەیی بڕیبێ و خەڵکی یەکێ لەو وڵاتانەی دەوروبەربێ، بێ هیچ جیاکارییەك، بۆی هەیە فۆرمی تایبەت بە خۆکاندیدکردن بۆ بەشداربوون لەم پرۆگرامەدا پڕبکاتەوەو لەو رێوشوێنەوە کە دواتر دیاری دەکرێ رەوانەی لایەنی پێوەندیداری بکاتەوە و چاوەڕێی وەڵام بێ.

**تێبینی:** ئەمەی سەرەوە تەنیا رەشنووسی هێڵەگشتییەکانی پڕۆژەیەکە دووساڵ پێش ئێستا خراوەتەڕوو، داخەکەم دیزەبەدەرخۆنەکراو پشتگوێخرا! ئێستاش کە بڕیار وایە لە سیاسەتی گشتیی هەرێمدا زیاتر بایەخ بە پرسی گەنجان بدرێ، وا جارێکیتر بەهەندێ دەسکارییەوە دەیخەمەوە بەردەس وچاو، بەئومێدی دەوڵەمەندکردن و دواتر پەسەندکردنی.

**(نووسەر)**

# ستراتیژی ناوچەی قەفقاس!



شەماڵ قادر مندوەر

وانەکانی مێژوو فێریان کردوین کە لەسەر لاشـــەی گەورەی دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتدا، چەند لاشەیەکی بچووکتر پەیدا دەبێت،هەر بە هەمان شێوە بە هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی ســـۆڤیەتی چواردە وڵاتی سەربەخۆ لە سەر نەخشـــەی جوگرافـــی و سیاســـی جیهان پەیدابوون لەوانە ســـیانیان دەکەونە ناوچەی قەفقاســـەوە* ( ئازەربایجـــان، ئەرمینیـــا، جۆرجیا )، ئەوەی ئاشـــکرایە لە ســـەردەمی شـــەڕی ســـاردا ئەم ناوچەیـــە بایەخێکی ســـتراتیژی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام هەر دوای سەربەخۆیی، ناوچەی قەفقاس بووبە جێگەی بایەخـــی وڵاتـــە زلهێزەکان.لێـــرەدا دەکرێت بپرســـین بۆچی؟ چونکـــە ڕمانی یەکێتی سۆڤیەت هاوکێشە ستراتیژیەکان و باڵانسی نێودەوڵەتـــی بە تەواوی گـــۆڕی ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ناوچەی قەفقاس بە ناوچەیەکی ئابووری ستراتیژی گرنگ دەژمێردرێت بەهۆی بوونی ســـەرچاوەیەکی زۆری سامانی سرووشتیەوە لەو ناوچەیەدا. جگە لەوەش دابەشـــبوونی ناوچەکە بەسەر ســـێ دەوڵەتی بچـــووك و لاوازدا ئەوەندەی تر زەمینەی خـــۆش کردووە بۆ ئەوەی ببێتە گۆڕەپانی ململانێی هێزە گەورەکان. باشترین نموونەش ڕوداوەکانی هاوینی نێوان جۆرجیاو ئۆســـیتیای باشـــوور بوو کە لە ئەنجامدا دەرکەوت، ململانێیەکە لـــە نێوان ئەمریکاو ڕوسیادایە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچەکەدا، بە بۆچوونی زۆربەی چاودێران ڕەنگـــە ببێتە هـــۆی هەڵگیرســـاندنەوەی شـــەڕی سارد. بە هەرحاڵ ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ودەمەوێت ببێژم، ئەوەیە کە جگە لە بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان لەم ناوچەیەدا دوو وڵاتی داگیرکەری کوردستانیش (تورکیا و ئێران) بە هەمان شێوە بەرژەوەندیان هەیە لە ناوچەکەدا بە هۆی هاوسنووری و پەیوەندی مێژووییەوە.تورکـــەکان هـــەر لـــە زەمانی دەوڵەتی عوسمانیەوە پەیوەندیەکی مێژوویی کاریگەریان لەگەڵ ئازەرو ســـەرجەم نەتەوەو گروپە تورك- ئاڵتایی زمانەکان پەیدا کردووە هەربۆیە ئازەربایجان پاش ســـاڵی(١٩٩١ ) بۆتە بـــە یەکێك لە پایەکانـــی بەرژەوەندی ســـتراتیژی تورکیا، بەرژەوەندی ستراتیژی تورکیـــا لەوەدایە کە هەوڵ بدات ئەو نەتەوەو گروپانەی لەو ناوچەیەدا تا ئاســـتێکی زۆر لـــە زمان و کەلتووری تورکەکانەوە نزیکن بە تایبەتی ئازەربایجان بۆ بەرژەوەندییە ئابووری و ســـتراتیژیەکانی خۆی بخاتە گەڕ، جگە لەوەش ئـــەو ناوچەیە بۆ ئەنکەرە دەرگایەکە بەرەو ئاســـیای ناوەڕاســـت. هەروەك پێشتر باســـمان لێکرد ناوچەی قەفقاس دەوڵەمەندە بە سامانە سرووشـــتیەکان بە تایبەتی نەوت و گاز، داخـــراوی جوگرافی وایکردووە ئەم وڵاتانە بە ناچاری بیر لـــە ناردنە دەرەوەی نـــەوت و گاز لە ڕێی لولـــەوە بکەن، دیارە ئەو لولانە دەبێت بە چەندین ناوچەو دەوڵەتدا تێپەڕێت تاکو دەگاتە شـــوێنی مەبەســـت، بەمـــەش ئـــەو وڵاتانـــە قازانجێکـــی زۆر دەکەن، بۆیە زۆربـــەی دەوڵەتانی ناوچەکە وەك(ڕوســـیا، ئێران، تورکیا ) کێبڕکێیانە لە تێپەڕبوونی لولەکان بە وڵاتەکەیاندا. ئەوەی پێویســـتە بوترێت چ تورکیـــا و چ ئێرانیش دەبێت ئەوە بزانن کە ناوچەی قەفقاس بازنەی بەرژەوەندی و ململانێی زۆر هێزی لە خۆیان مەزنترن، چونکە تواناو گەورەیی ڕوســـیاو، ســـەرقاڵی تورکیا بە کێشەی(پ.ك.ك) و قوبروس و باشووری کوردستانەوە، سەرقاڵی ئێران بە کێشەی ئەتۆمی و عێراقەوە ناتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرژەوەندییەکانیان لـــەو ناوچەیەدا بە ئەنجـــام بگەیەنن، بەڵام ڕەنگە لـــە ئایندەدا هاوکێشـــەکان پێچەوانە ببنـــەوە. لەبەر ئەم هۆیانەو چەندان هۆی تر ناوچەی قەفقاس بایەخ و گرنگێتی ڕوو لە زیاد بوون دەکات. ئـــەوەی جێگەی ئاماژە پێدانـــە کورد وەك ڕەگەزێکی ڕەســـەن هەر لە مێژەوە نیشـــتەجێ بوون لەم ناوچەیەدا، بە پێی زۆربەی ســـەرچاوە مێژووییەکان لە سەدەی (ســـێی ) زاییین ئاینی مەسیحیەت لە ناوچەی قەفقاس بڵاوبۆتەوە، لە (سەدەی حەوت و هەشـــتی ) زایینی ئاینی ئیســـلام لەو ناوچەیەدا بڵاوبۆتەوە هەر لەو کاتەوە لە نێوان سەدەکانی (هەشت و یانزەدا )، چەندین حکوومەتی ئیسلامی-کوردی وەك( ڕەوادی و شەدادی و سالاری ) لە ناوچەی قەفقاس دروســـت بوون.تاکو داگیرکردنیان لە لایەن ســـەلجوقییەکانەوە. دوابەدوا لە ســـەدەکانی پانزەو شانزەدا کەوتە ژێر دەستی ڕوسەکانەوە تاکو هەرەســـهێنانی یەکێتی ســـۆڤیەت لە ساڵی (١٩٩١ ).بە پێی سەرژمێری دانیشتوانی ساڵی (١٩٧٠ ) لە یەکێتی سۆڤیەت ژمارەی کوردەکانی ناوچەی قەفقـــاس بریتی بوون لە(٢٧٨٤٦٣ ) کەس. بێگومان لە ڕاســـتیدا ژمـــارەی کوردەکانی ناوچەکـــە زۆر لەوە زیاترن. بەهەرحاڵ مەســـەلەکە کەم و زۆری ژمـــارە نییە، ئەوەی ئاشـــکرایە کوردەکانی ناوچەی قەفقاس هەمیشـــە شـــانازیان بە خەباتـــی گەلەکەیانەوە کـــردووە لە پارچە جیاجیاکانـــی کوردســـتاندا و بەپێی توانای خۆیان خزمەتی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیان کردووە. مامۆســـتا خوالێخۆش بوو قەناتی کوردۆ لە یەکێك لە نووسینەکانیدا گووتێتی ( ئێمەی کوردی سۆڤیەت شانازی بە خەباتی شۆڕشـــگێڕانەی کوردی عێراقەوە دەکەین) . ئەوەی جێگەی شانازییە تاکو ئێستاکەش کوردەکانی سۆڤیەتی جاران سیمای نەتەوەیی خۆیان لە دەست نەداوە. لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم ئەمڕۆکە هەلێکی گەورە بۆ دەسەڵاتی کـــوردی و حکوومەتی هەرێـــم هەڵکەوتووە تاکو بەهۆی کوردەکانی ناوچەی قەفقاسەوە بتوانن بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانمان فراوانتر بکەین و لە گفتوگۆکردندا لەگەڵ ڕوســـیاو تورکیـــاو ئێرانـــدا وەکـــو وەرەقەیەکی بەهێز ئاماژەی پێ بدرێت.

* ناوی (قەفقاس-Kaukasos لە دەوروبەری ســـەدەی پێنجەمـــی زایینییەوە لـــە لایەن یۆنانیەکانەو بـــۆ یەکەم جار باس کراوە، قەفقاز بەو ناوچەیە وتراوە کە کەوتۆتە نێوان هەردوو دەریای ڕەش و قەزوین.بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان (ئیسخیلینی ) یۆنانی لە ســـەدەی چوارەمی زاینیدا بۆ یەکەم جار ناوی کافکاسی هێناوە.

# ئافرەتی کورد و کۆسپەکانی سەردەم

هاوئاهەنگ لەگەڵ راسپاردەو ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی د. ئەنوەر عەبدوڵڵا بەرزنجی کە بە ناوی تێڕوانینی ستراتیژی بۆ سەدەی بیست و یەکەمین ( لە گوڵانی ژمارە ٨٠٠ لە ٤ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە ) بەتایبەتیش بابەتی بەکارهێنانی گونجاووشیاوی کلیلەکانی پەرەپێدانی بەردەوام لە چەرخی جیهانگیریدا و بایەخدان بە فاکتەری بەرهەمهێنانی موستەدام و گرێدانەوەی مەرجدارانەی بەپەرەسەندنی ئاستەکانی خوێندن و مەشق و تەندروستی گشتییەوە، وێڕای ئەمانەش ڕێخۆش کردن بۆ ئافرەتان تا لە بازاڕدا کار بکەن .

لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە پێداویستیە مێژووییەکان لە کوردستان وا دەخوازن لەسەر چەمك و گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بڕیار بدرێت، بەشێوەیەك ڕۆڵی ئافرەتانی تێدا بە دیار بخرێت و لەو قاڵبە سواوە دەربچێت کە وەك سێبەری پیاو مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت، لەمەشدا ناکرێت پێوەندییەکانی نێوان پیاوو ئافرەت لە ماڵ و دەرەوەدا لاسەنگ بن بەڵکو ئاسۆیەکی نوێ ئەو پێوەندییانە ڕێك بخاتەوە بە مەرجێك هاوئاست بێت بە پەرەسەندنە زانستی و ژیارییەکانی کەلە دنیای هاوچەرخدا ڕۆڵی تازەیان لە حەوا دەوێت ..

بۆیە ئێستا باری ئافرەتان لە کوردستان بە قۆناغێکی هەستیارو ناسکدا تێدەپەڕێت و ڕۆحی بەرەنگاربوونەوەی تێدا جووڵاوەتەوە، لەفکری ئابووری کۆنباودا پیاو بەهۆی توانای بونیادی پتەوی جەستە و بازووەوە بە فاکتەری پێکهێنانی سەرمایەو بەرهەمهێنان دەژمێردرا ؛ بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمپیوتەرو تەکنەلۆژیای پێشکەوتوودا ئاسۆکانی ئەم فکرە گۆڕدران و ئەدای کارکردن و بازاڕی کارگوزاری دەرگای تازەی ئاوەڵاکردوە بۆ ڕۆڵگێڕانی ئافرەتان لە بوارەکانی پەرەپێدانی ئابووریدا بە گشتی، ئابووری ئەمڕۆ زیاتر لەسەر هێزی هزری و زەینی بونیادنراوە وکەمتر پشت بەستووە بە هێزی جەستەیی وبازوویی بەمەش واقیعێکی نوێ بۆ ئافرەت و پیاو هاتوونەتە پێشەوە لە کوردستاندا لە دوتوێی بنەمای تازەی هاوچەرخ بۆ ئەفراندنی شەخسی و هاوبەشی کردن لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان یەکانگیر دەبێتەوە ؛ ئافرەت وەك پیاو بوون و توانای خۆی سەلماند لە بەرنامەسازی کۆمپیوتەر و بەڕێوەبردن و تەندروستی و فیزیاو ئەندازەی بیناسازی و بۆماوەیی و تاد کە بەڵگەن لەسەر سەرەتاکانی شۆڕشی زانیاری و تەکنیکی بەرز..

هەندێك وا زەن دەکەن ئەم واقیعە نوێیە کۆسپەکان و شێوازی پێوەندییەکانی نێوان پیاوو ئافرەت چ لە ماڵەوە یان ناو کۆمەڵگەدا زیاتر دەئاڵۆسکێنێ، هەندێکیش بە پێچەوانەوە پێیان وایە ئەم پێوەندییانە هاوسەنگی نێوانیان ڕادەگرێت گەرچی دەبێتە هۆی دابەزینی بەرهەمهێنان لە ناو کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکاندا، لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کە ڕێژەی ئافرەتان لە سەرو ڕێژەی پیاوانەوەیە هەر وەك سروشتی وڵاتانی کشاوەرزی هاوچەرخانەی وەك ئەسکەندەناڤی سەلمێنراوە کە ڕۆڵی ئافرەتان هیچی کەمتر نییە لە ڕۆڵی پیاوان لە بازاڕەکاندا و دیموکراتیەتی پەرەپێدان لەو وڵاتانەدا جێی گفتوگۆی هەموانە هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا بەرزترین کەناڵەکانی دەوڵەت ئەمەش بەرهەمی باشی لێ کەوتەوە بۆ بەرژەوەندی خێزان و دەرفەتی باشی خوڵقاند بۆ پەرەپێدانی ژیانی دیموکراتی کۆمەڵگەی کوردی ئەوەشمان لە پێش چاوبێت واقیعی نوێی ئەو کۆمەڵگانەی بە جەنگدا تێپەڕبوون بە نموونەش کۆمەڵگەکانی ئەورووپای پاش جەنگی دووەمی جیهانی هۆکارەکەی سووربوونی ئافرەتان بوو لەسەر تێکشکاندنی بەربەست و دیوارەکانی بەردەم بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، ئەزموونی ئافرەتانی کوردستانیش ئەمڕۆ نزیکە لەو ئەزموونەی ئافرەتانی خۆرئاوایی، دیارترین کۆسپێك کە ڕووبەڕووی ئافرەتانی ئەو کۆمەڵگانە دەبووەوە لە دوای جەنگەکانەوە پەروەردە کردنی منداڵان بوو کە ئەمەش توانایەکی زەینی و جەستەیی زۆری لە ئافرەتان دەبرد و هەر لەو بوارەشدا کە پەروەردەو فێرکردنە ئافرەت لە خوڵقاندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیانەی وا کە بە کۆمەڵگەی هاووڵاتی بوون و ڕێزگرتوو لە یاسا شارستانیەکان دەناسرێت سەرکەوتنی وەدەست دەهێنا، ئەم ڕۆڵە ئەکتیڤەشی لەسەر ماڵ و قوتابخانەو بازاڕو کۆمەڵگەی مەدەنی ڕەنگی دەدایەوە..

لە کوردستان پێویستە ئافرەتان سازو ئامادە بکرێن بۆ پەرەپێدان لە بوارەکانی تەندروستی و خوێندن تا ڕۆڵی باشتر لە بەرهەمهێنان ببینن و ئەو ڕۆڵەیان لە کەیبانۆی ماڵ زیاتر بێت و دەوڵەتیش هاریکارییان بکات لە ڕاگرتنی هاوسەنگییەکەی نێوان دروست کردنی خێزان لە لایەك و هاوکات لە لایەکی ترەوە کارکردن لە بازاڕی کاردا کە ئەمەش تەحەدییاتی گەورەن و بۆ داهاتوو لە کوردستان ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە، ڕۆڵی ئافرەتانی کوردیش لە دێهات و شارەکاندا ڕۆڵی کەسانی تێکۆشەر بوون بۆ بونیادنانی دەوڵەت و وەدەستخستنی مافە مرۆییەکانی نەتەوەکەیان بۆیە شتی باشیان لێ چاوەڕێ دەکرێت، بە کورتی پەرەپێدانی موستەدام لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی وبەخۆداچوونەوەی هاووڵاتیانی پێویستە لە ئاست خاڵە بەهێزەکانی ئەو شێوازەی پەرەپێدان تا بە هۆیەوە ئافرەتانی کوردستانیش وەك بەشێکی دانەبڕاو لە گەلی کورد بوونی خۆیان بسەلمێنن .



سلیڤا جگەرخوێن